هەرێمی كوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر

# دژواتا و فرەواتا لە شیعرەكانی ( گۆران ) دا

نامەیەكە
پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی زمانی زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر كراوە
وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی كوردیدا

لە لایەن
**مسعود بكر أحمد** بەكالۆریۆس- زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر- ٢٠٠٩

سەرپەرشتیار
**پ. د. یوسف شریف سعید**

ڕێبەندان ٢٧١٤ كوردی    ڕەبیعی دووەم١٤٣٦ كۆچی    كانونی دووەم ٢٠١٥ زایینی

## ڕاپۆرتی سەرپەرشتکار:

ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی ﴿**دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران)دا**﴾ یە، قوتابی (**مسعود بکر أحمد**) لە بەشی کوردی- کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، بە سەرپەرشتی من ئامادەی کردووە، کە بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

**سەرپەرشتکار: پ. د. یوسف شریف سعید**

**بەروار/ ١٢ / ٢ / ٢٠١٥**

**بە پێی پێشنیاری مامۆستای سەرپەرشتکار، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**د. إدريس عبدالله مصطفى**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵای بەشی زمانی کوردی**

**بەروار/ / /**

## ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆکردن:

ئێمە ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی «دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران)دا»یە، قوتابی (مسعود بکر أحمد)مان تاقیکردەوە و گفتوگۆمان لەگەڵیدا کرد لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری نامەکە و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردی (واتاسازی)دا بدرێتێ.

پ. ی. د. ساجیدە عبدالله فەرهادی

سەرۆکی لێژنە

٩/ ٢ / ٢٠١٥

پ. ی. د. شلێر رسول محمد

ئەندام

٨ / ٢/ ٢٠١٥

د. عبدالله عزیز بابان

ئەندام

٢ / ٢ / ٢٠١٥

پ. د. یوسف شریف سعید

ئەندام و سەرپەرشتکار

٩ / ٢ / ٢٠١٥

پ. ی. د. شادان جمیل عباس

ڕاگری کۆلێژی زمان

# پێشکەشنامە

- **پێشکەشە بە: باوك و دایکم، خوشك و براکانم.**
- **پێشکەشە بە: ڕۆحی شاعیر و ڕووناکبیری گەورەی نەتەوەکەمان مامۆستا (عەبدوڵڵا گۆران)ی لەیادنەچوو.**

# سوپاسنامه

- سەرەتا سوپاسی خودای گەورە دەکەم، کە تەمەنی پێ بەخشین تاکو توانیم لێکۆڵینەوەکە تەواوبکەم.
- دواتر زۆر سوپاسی مامۆستا و سەرپەرشتکاری بەڕێزم (پ. د. یوسف شریف سعید) دەکەم، کە ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوەی گرتە ئەستۆی خۆی و لەگەڵم ماندووبووە تا کۆتایی و تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە.

## نیشانه لۆجیکییەکان و واتاکانیان:

| نیشانەی لۆجیکی | واتاکەی |
|---|---|
| ~ | هێمای دژواتایی نێوان دوو شت |
| & | و |
| + | هێمای موجەب (مانای نێر) دەگەیەنێت . |
| – | هێمای سالب (مانای مێ دەگەیەنێت) . |
| ± | هێمای هەردوو جەمسەرە دژیەکەکە، موجەب وسالب (هێمای نێر و مێ) دەگەیەنێت . |
| ⟵ | نیشانەی خستنەڕوو |
| * | هێمای ناوێزەیی واتاییە بۆ وشە، یان ڕستە |

# لیستی وشه و زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Reference | ئاماژە |
| Referent | ئاماژەبۆکراو |
| Spatial Reference | ئاماژەی شوێنی |
| Speech | ئاخاوتن |
| Cagnates | ئەو وشانەی یەك ڕەچەڵەکیان هەیە |
| Value | بەها |
| Word Value | بەهای وشە |
| Elevation | بەرزبوونەوەی واتا |
| Member- collection | بەش لە گشت |
| Contrast | بەراوردی |
| Opposite | پێچەوانە – دژ |
| Sense relations | پەیوەندییە واتاییەکان |
| Paradigmatic | پەیوەندی ستوونی (ئالوگۆڕی) |
| Syntagmatic | پەیوەندی ئاسۆیی (هاونشینی) |
| Narrowing | تەسك بوونەوەی واتا |
| Theory | تیۆر (بۆچوون) |
| Referential Theory | تیۆری ئاماژەیی |
| MentalisticTheory | تیۆری هۆشەکی |
| Behavioral Theory | تیۆری ڕەوشتی |
| The Contextual Theory | تیۆری سیاقی |
| Use Theory | تیۆری بەکارهێنان |
| Conventional Use Theory | تیۆری بەکارهێنانی ڕێکەوتن |
| Rules of use Theory | تیۆری یاساکانی بەکارهێنان |
| Componential Analysis of Meaning Theory | تیۆری شیکردنەوەی پێکهاتەی واتایی |
| Metaphor | خوازە |
| Antonyms | دژواتاکان |
| Contradictory | دژ بەیەکتر |
| Oppositeness | دژی (التضاد) |

| | |
|---|---|
| Antonymy | دژواتا |
| Ungradable | دژواتای تەواو (بێ پلە) |
| Gradable | دژواتای پلەدار |
| Directional Opposition | دژواتای ئاراستەیی |
| Orthogonal Opposites | دژواتای ستوونی |
| Antipodal Opposites | دژواتای بەرامبەری |
| Literary Antipodal Opposites | دژواتای بەرامبەری ئەدەبی |
| Converseness | دژواتای پێچەوانە |
| Conjugational | دارِشتنی |
| Semantic Structure | ڕۆنانی واتایی |
| Method | ڕێباز – ڕێچکە |
| Etymology | زانستی ڕەگەز و دروستبوونی مێژووی وشە |
| Context | سیاق |
| Linguistic Context | سیاقی زمانی |
| Emotional Context | سیاقی هەست و سۆز |
| Situational Context | سیاقی شوێنی |
| Cultural Context | سیاقی ڕۆشنبیری، یا کۆمەڵایەتی |
| Semantic Analysis | شیکردنەوەی سیمانتیکی |
| Grammatical Analysis | شیکردنەوەی ڕێزمانی |
| Discourse Analysis | شیکردنەوەی دەق |
| Componential Analysis | شیکردنەوەی پێکهاتەیی |
| Logotactics | شیکردنەوەی سیاقی بۆ وشەکان |
| Item Analysis | شیکردنەوەی تاك (بابەت) |
| Polysemy | فرەواتا |
| Polysemy of Morphology Level | فرەواتا لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا |
| Polysemy of Syntax Level | فرەواتا لە ئاستی ڕستەسازیدا |
| Widening | فراوان بوونی واتا |
| Positivism | فەلسەفەی ئەرێنی |
| Semantic Field | کێڵگە (بوار) ی واتایی |
| Syntagmatic Fields | کێڵگەی ئاسۆیی |
| Semantic change | گۆڕانی واتایی |
| Transformation | گواستنەوە |

| | |
|---|---|
| Utterance | گوته |
| Ambiguous | لێڵ |
| Ambiguity | لێڵی (تەم ومژی) |
| Meaning Ambiguity | لێڵی واتایی |
| Grammatical Ambiguity | لێڵی ڕێزمانی |
| Lexical Ambiguity | لێڵی فەرهەنگی |
| Constructional Ambiguity | لێڵی ڕۆنانی |
| Markedness | نیشانکردن |
| Marked | نیشانکراو |
| Unmarked | نیشان نەکراو |
| Pejoration | نزم بوونەوەی واتا |
| Homonymy | هاوبێژی |
| Symbol | هێما |
| Meaning | واتا (مانا) |
| General Semantic | واتاسازی گشتی |
| Grammatical Meaning | واتای ڕێزمانی |
| Lexical Meaning | واتای فەرهەنگی |
| Historical or Diachronic Meaning | واتای مێژوویی |
| Meaningful | واتادار |
| Word Meaning | واتای وشە |
| Sentence Meaning | واتای ڕستە |
| Contextual Meaning | واتای سیاقی (دەوروبەر) |
| Situational Meaning | واتای شوێنی |
| Transferred Meaning | واتای گواستراو |
| Figurative Meaning | واتای خواستراو |
| Polysemic | وشەی فرەواتا |
| Complex word | وشەی لێکدراو |
| Prime word | وشەی سەرەتا |
| Lexical (or Dictionary) Word | وشەی فەرهەنگی |
| Synchronic Meaning | واتای کاتی (وەسفی) |
| Semantic Unit | یەکەی واتایی |
| Lexeme | یەکەی فەرهەنگی (کەرەسەی زمانی) |

# پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لە ژێر ناونیشانی (دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی گۆراندا)یە بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە دژواتا و فرەواتا دەدات لە زمانی کوردیدا و باسیان دەکات، هەروەها بە شێوەیەکی کارەکی نموونەمان بۆ هەردوو بابەتەکە (دژواتا و فرەواتا) هێناوەتەوە، ئەوانیش بریتین لە نموونە شیعرییەکانی شاعیر گۆران. سەرەڕای ئەمانەش لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی وردو تێر و تەسەل باس لە واتا و گەلێ بابەتی تری بواری واتاسازی دەکات. لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکدێت و بە ئەنجام و سەرچاوەکان کۆتایی پێدێت.

بەشی یەکەم لە چوار تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم لە ژێر ناونیشانی (ئاوڕدانەوەیەك بۆ واتا)یە، باس لە چەند بابەتێکی گرنگی واتا دەکات و سەرەڕای ناساندنی واتا و واتاسازی. تەوەری دووەم، کە لە ژێر ناونیشانی (واتاسازی وشە)دایە، باس لە وشە و ناساندنی و واتای وشە و بەهای وشەو یەکە واتاییەکان و تیۆرەکانی واتا و چەند بابەتێکی تری گرنگ سەبارەت بە واتای وشە دەکات. تەوەری سێیەم، کە لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندییە واتاییەکانە) چەند بابەتێکی گرنگ لەخۆدەگرێت، وەك پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشە فەرهەنگییەکان وشێوەکانی پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی وشە و دژواتا و چەمك و ناساندن و مێژووی دژواتا و جۆرەکانی دژواتا و چەند بابەتێکی گرنگی تری تایبەت بە دژواتا دەکات. تەوەری چوارەم، کە لە ژێر ناونیشانی (فرەواتا)یە، سەرەتا چەمك و پێناسەی فرەواتا دەکات و دواتر باس لە فرەواتا لای هەندێ لە لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکان و لای هەندێ لێکۆڵەری کورد و لای زمانەوانە هاوچەرخەکان دەکات، دواتر سیما و تایبەتییەکانی فرەواتا و کێشەی فرەواتایی و ڕێگەکانی دروستبوونی فرەواتا و فرەواتا لە ئاستەکانی زمان و لێڵی واتایی و پێناسەی لێڵی واتایی و جۆرەکانی لێڵی واتایی و چەند بابەتێکی تری گرنگ سەبارەت بە فرەواتا دەکات.

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە، کە لە ژێر ناونیشانی (دژواتا و فرەواتایە لە شیعرەکانی گۆراندا)، بەشی کارەکی لێکۆڵینەوەکەیەو لە دوو تەوەر پێکدێت. تەوەری یەکەم بۆ دژواتا و جۆرەکانی لە شیعرەکانی گۆراندا تەرخانکراوە. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ فرەواتا لە شیعرەکانی گۆراندا.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا فەرهەنگۆك و کورتەیەکی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١-٣ |
| **بەشی یەکەم: ئاوڕدانەوەیەك لە واتا** | **٤- ٧١** |
| ١-١: واتا لە سەردەمی دێریندا | ٤ |
| ١-١-١: یۆنانییەکان | ٤ |
| ١-١-٢: هیندییەکان | ٤ |
| ١-١-٣: سەرهەڵدانی واتا وەکو زانست و ناونانی بە سیمانتیك | ٦ |
| ١-١-٤: چەمکی زاراوەی Semantics | ٦ |
| ١-١-٥: چەند پێناسەیەك بۆ واتاسازی | ٧ |
| ١-١-٦: پێناسەی واتا | ٧ |
| ١-١-٧: بابەتی واتاسازی و لێکۆڵینەوە واتاییەکان | ٨ |
| ١-٢: واتاسازی وشە | ٩ |
| ١-٢-١: وشە | ٩ |
| أ- وشە چییە؟ | ٩ |
| ب- پێناسەی وشە | ٩ |
| پ- وشە وەك بابەتێکی بەرایی واتاسازی | ١٠ |
| ت- پەیوەندی دەربڕین (وشە) بە واتا | ١٠ |
| ج- واتای دەربڕین (وشە) | ١٠ |
| ح- بەها و گرنگی وشە | ١١ |
| خ- واتای فەرهەنگی وشە | ١١ |
| ١-٢-٢: یەکە واتاییەکان | ١١ |
| أ- مۆرفیم | ١٢ |
| ب- وشە | ١٣ |
| پ- گرێ | ١٣ |

| | |
|---|---|
| ت- سیمێم | ١٤ |
| ج- ڕستە | ١٤ |
| ح- گوتن | ١٤ |
| خ- دەق | ١٥ |
| د- هێما | ١٥ |
| ١-٢-٣: گەشەی واتایی و جۆرەکانی | ١٥ |
| ١-٢-٤: تیۆرەکانی واتا | ١٦ |
| ١-٢-٤-١: تیۆری ئاماژەیی | ١٦ |
| ١-٢-٤-٢: تیۆری هۆشەکی | ١٨ |
| ١-٢-٤-٣: تیۆری ڕەوشتی | ١٩ |
| ١-٢-٤-٤: تیۆری سیاقی | ٢٢ |
| ١-٢-٤-٥: جۆرەکانی سیاق | ٢٣ |
| ١-٢-٤-٥-١: سیاقی زمانی | ٢٣ |
| ١-٢-٤-٥-٢: سیاقی هەست و سۆز | ٢٤ |
| ١-٢-٤-٥-٣: سیاقی شوێنی، یان بارودۆخ | ٢٥ |
| ١-٢-٤-٥-٤: سیاقی ڕۆشنبیری، یان کۆمەڵایەتی | ٢٥ |
| ١-٢-٤-٦: بۆچوونەکان لەبارەی واتای دەوروبەر (سیاق) | ٢٥ |
| ١-٢-٤-٧: تیۆری بەکارهێنان | ٢٦ |
| ١-٢-٤-٧-١: تیۆری بەکارهێنانی ڕێککەوتن | ٢٧ |
| ١-٢-٤-٧-٢: تیۆری یاساکانی بەکارهێنان | ٢٨ |
| ١-٢-٤-٨: تیۆری شیکردنەوەی پێکهاتەی واتایی | ٢٩ |
| ١-٢-٤-٩: تیۆری بواری واتایی | ٣١ |
| ١-٣: پەیوەندییە واتاییەکان | ٣٥ |
| ١-٣-١: پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشە فەرهەنگییەکان | ٣٥ |
| ١-٣-١-١: پەیوەندی ئاسۆیی | ٣٦ |
| ١-٣-١-٢: پەیوەندی ستوونی | ٣٦ |

| | |
|---|---|
| ١-٣-٢: شێوەکانی پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی وشەدا | ٣٧ |
| ١-٣-٢-١: دژواتا | ٣٧ |
| أ- چەمکی دژواتا | ٣٧ |
| ب- مێژووی دژواتا | ٣٨ |
| پ- چەند پێناسەیەك لە بارەی دژواتا | ٣٨ |
| ١-٣-٢-٢: دژواتا بەپێی ئاستەکانی زمان | ٣٩ |
| ١-٣-٢-٢-١: دژواتا لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا | ٣٩ |
| ١-٣-٢-٢-٢: دژواتا لە ئاستی سینتاکسدا | ٤٢ |
| ١-٣-٣: جۆرەکانی دژواتا لای واتاناسەکان | ٤٢ |
| ١-٣-٣-١: دژواتای تەواو (بێ پلە) | ٤٢ |
| ١-٣-٣-٢: دژواتای پلەدار | ٤٢ |
| ١-٣-٣-٣: نیشانکردن لە واتاسازیدا | ٤٤ |
| أ- نیشانکراو و نیشاننەکراو | ٤٤ |
| ب- جۆرەکانی نیشانکردن | ٤٥ |
| ١- نیشانکردنی فۆڕمی | ٤٥ |
| ٢- نیشانکردنی دابەش بوون | ٤٥ |
| ٣- نیشانکردنی واتایی | ٤٥ |
| ١-٣-٣-٤: دژواتای پێچەوانە | ٤٦ |
| ١-٣-٣-٥: دژواتای ئاراستەیی | ٤٦ |
| ١-٣-٣-٦: دژواتای ستوونی و دژواتای بەرامبەری | ٤٦ |
| ١-٣-٣-٧: دژواتای بەرامبەری ئەدەبی | ٤٧ |
| ١-٣-٣-٨: دژواتای نەرێنی، یان نافەرهەنگی | ٤٧ |
| ١-٤: فرەواتا | ٤٨ |
| أ- چەمك و پێناسەی فرەواتا | ٤٨ |
| ١- فرەواتا لای هەندێ لە لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکان | ٤٩ |
| ٢- فرەواتا لای هەندێ لێکۆڵەری کورد | ٤٩ |

| | |
|---|---|
| ٣- فرەواتا لای زمانەوانە هاوچەرخەکان | ٥٠ |
| ب- سیما و تایبەتییەکانی فرەواتایی | ٥١ |
| پ- کێشەی فرەواتایی | ٥١ |
| ت- ڕێگەکانی دروستبوونی فرەواتا | ٥٣ |
| ١- ڕێگەی بەکارهێنان | ٥٣ |
| أ- بەکارهێنانی ناو | ٥٣ |
| ب- بەکارهێنانی ئاوەڵناو | ٥٤ |
| پ- بەکارهێنانی کار | ٥٤ |
| ٢- گۆڕانی واتای وشە | ٥٤ |
| ٣- گواستنەوەی واتایی | ٥٥ |
| أ- بە ڕێگەی خواستن | ٥٥ |
| ب- بەڕێگەی خوازە | ٥٦ |
| پ- وشە لە نێوان واتای دروست و واتای خوازراودا | ٥٧ |
| ٤- فراوانبوونی واتا | ٥٨ |
| ٥- تەسکبوونەوەی واتا | ٥٩ |
| ٦- بەرزبوونەوەی واتا | ٥٩ |
| ٧- نزمبوونەوەی واتا | ٦٠ |
| ٨- فرەواتایی بە هۆی کاریگەری زمانی بێگانە | ٦٠ |
| ج- فرەواتا و ئاستەکانی زمان | ٦٠ |
| ١- فرەواتا لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا | ٦٠ |
| أ- فرەواتا لە مۆرفیمی بەنددا | ٦٠ |
| ب- فرەواتا لە وشەدا | ٦٠ |
| ٢- فرەواتا لە ئاستی سینتاکسدا | ٦١ |
| أ- فرەواتا لە فرەیزدا | ٦١ |
| ب- فرەواتا لە ڕستەدا | ٦١ |
| ح- لێڵ واتایی | ٦٢ |

| | |
|---|---|
| خ- پێناسەی لێڵ واتایی | ٦٢ |
| د- جۆرەکانی لێڵ واتایی | ٦٢ |
| ١- لێڵی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا (لێڵی فەرهەنگی) | ٦٢ |
| ٢- لێڵی لە ڕستەدا | ٦٣ |
| ر- دروستبوونی لێڵی بە هۆی فرەواتا و هاوبێژییەوە لە زماندا | ٦٤ |
| ز- ڕێگەکانی جیاکردنەوەی فرەواتا و هاوبێژی | ٦٦ |
| س- گرنگی فرەواتا لە زماندا | ٧١ |
| **بەشی دووەم: دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی گۆراندا** | **٧٢- ١٣٩** |
| **٢-١: دژواتا و جۆرەکانی لە شیعرەکانی گۆراندا** | **٧٢- ٩٣** |
| ٢-١-١: دژواتای تەواو (بێ پلە) لە شیعرەکانی گۆراندا | ٧٢ |
| ٢-١-٢: دژواتای پلەدار (ناتەواو) لە شیعرەکانی گۆراندا | ٧٥ |
| ٢-١-٣: دژواتای پێچەوانە لە شیعرەکانی گۆراندا | ٨١ |
| ٢-١-٤: دژواتای ئاراستەیی لە شیعرەکانی گۆراندا | ٨٢ |
| ٢-١-٥: دژواتای ستوونی و دژواتای بەرانبەری لە شیعرەکانی گۆراندا | ٨٧ |
| ٢-١-٦: دژواتای بەرامبەری ئەدەبی لە شیعرەکانی گۆراندا | ٨٨ |
| ٢-١-٧: دژواتای نەرێنی (نافەرهەنگی) لە شیعرەکانی گۆراندا | ٨٩ |
| **٢-٢: فرەواتا لە شیعرەکانی گۆراندا** | **٩٤** |
| ئەنجام | ١٤٠ |
| سەرچاوەکان | ١٤١ |
| فەرهەنگۆك | ١٤٧- ١٤٨ |
| کورتە بە زمانی عەرەبی | أ |
| کورتە بە زمانی ئینگلیزی | A |

# پێشەکی

## پێشەکی:

لەم ساڵانەی دواییدا واتاسازی لە هەموو لقەکانی تری زمانەوانی زیاتر سەرنجی لێکۆڵەرانی بۆخۆی ڕاکێشاوە و تەنیا جێی بایەخی زمانەوانەکان نەبووە، بەڵکو سەرنجی دەروونناسەکان و فەیلەسوفەکانیشی ڕاکێشاوە. واتاسازی زانستێکە بوارەکانی فراوانە و بەشەکانی چوونەتە ناو یەکەوە. پەیوەندی واتاسازی لەگەڵ ئاستە زمانییەکانی وەکو دەنگ و وشە و ڕستەدا فراوانە، سەرەڕای ئەمانەش پەیوەندی بە زانست و زانیارییە مرۆڤایەتییەکان زۆرە، وەکو فەلسەفە و ((فقه)) و زانستی دوان و مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵناسی و چەند زانستێکی تریش لەو زانستانەی کەوا پەیوەندارن بە واتاسازییەوە. دژواتا و فرەواتا دوو بابەتی واتایین و دەکەونە چوارچێوەی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان و لێکۆڵینەوەش لە بارەیانەوە لە چوارچێوەی واتاسازیدا دەبێت.

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی: ﴿دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران)دا﴾یە.

## هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ویستومانە بە شێوەیەکی ڕوون و باس لە بابەتی دژواتا و فرەواتا بە تایبەتی و هەندێ بابەتی تری گرنگی واتاسازی بە گشتی بکەین، دواتر هەردوو بابەتی (دژواتا و فرەواتا) وەکو نموونە لە شیعرەکانی گۆرانی شاعیردا خستوومانەتەڕوو.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە باس لە دژواتا و فرەواتا دەکات، کە دوو بابەتن لە چوارچێوەی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەدا. سنووری لێکۆڵینەوەکە لە ئاستی واتاسازی وشەدایە لە چوارچێوەی ڕستە و دەقی شیعری لە دیوانە شیعرییەکانی گۆراندا، هەروەها سنووری لێکۆڵینەوەکە واتا و چەندین بابەتی تری واتاسازی لەخۆگرتووە.

## کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە، کە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردییە، وشە دژواتا و فرەواتاکان لە نموونە شیعرییەکانی گۆرانی شاعیر دەگرێتەوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە ڕووی واتاسازییەوەیە و ڕێبازی وەسفی شیکاری لەخۆگرتووە.

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:

دیاریکردن و ساغکردنەوەی وشەی فرەواتا کارێکی سەختە، چونکە زۆر لەو وشانەی کە لەڕووی دەربڕین و نوسیندا وەکو یەکن مەرج نییە هەموویان وشەی فرەواتا بن، بەڵکو لەوانەیە بەشێکی زۆریان بکەونە خانەی هاوبێژییەوە ئەمە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە زۆر جار لەبەر زۆری واتاکانی وشەیەکی فرەواتا و دیارنەبوونی ڕەچەڵەکی وشەکە ناتوانرێت دەستنیشانی واتای ڕەسەنی وشە فرەواتاکە بکرێت.

سەبارەت بە دژواتاش لەبەرئەوەی هەندێك لە جۆرەکانی دژواتا لەیەکترەوە نزیکن، بۆیە دەستنیشانکردنی هەندێك لە وشە دژواتاکان و زانینی لەوەی سەر بە کام جۆری دژواتایە کارێکی سەختە ئەمەش لەبەر نزیك بوون و تێکەڵاویی هەندێك لە وشە دژواتاکان بە زیاتر لە جۆرە دژواتایەکەوە.

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی کارەکی و ورد باس لە دژواتا، جۆرەکانی دژواتا، فرەواتا، هۆیەکانی دروست بوونی فرەواتا، کێشەی فرەواتا، گرنگییەکانی فرەواتا و چەندین بابەتی تری تایبەت بە دژواتا و فرەواتا دەکات.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرجەستەکردنی چەند بابەتێکی گرنگی بواری واتاسازییە بە گشتی و دژواتا و فرەواتایە لە شیعرەکانی گۆراندا بە شێوەیەکی تایبەتی.

## ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، کە بە ناونیشانی (ئاوڕدانەوەیەك لە واتا)یە، لە چوار تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: واتا لە سەردەمی دێریندا (یۆنانییەکان، هیندییەکان)، سەرەتای سەرهەڵدانی واتا وەکو زانست و ناونانی بە سیمانتیك، چەمکی واتاسازی، پێناسەی واتا و واتاسازی، بابەتی واتاسازی و لێکۆڵینەوە واتاییەکان. تەوەری دووەم ئەم بابەتانە بەخۆوە دەگرێت: وشە، پێناسەی وشە، وشە وەك بابەتێکی بەرایی واتاسازی، پەیوەندی وشە بە واتا، واتای وشە، بەها و گرنگی وشە، واتای فەرهەنگی وشە، یەکە واتاییەکان، گەشەی واتایی و جۆرەکانی، تیۆرەکانی واتا. تەوەری سێیەم ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشە فەرهەنگییەکان، شێوەکانی پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی وشەدا، دژواتا، چەمکی دژواتا، مێژووی دژواتا، چەند پێناسەیەك لە بارەی دژواتا، دژواتا بەپێی ئاستەکانی زمان، جۆرەکانی دژواتا لای واتاناسەکان. تەوەری چوارەم ئەم بابەتانەی بەخۆوە گرتووە: فرەواتا، چەمك و پێناسەی فرەواتا، فرەواتا لای

**هەندێ لە لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکان، فرەواتا لای هەندێ لێکۆڵەری کورد، فرەواتا لای زمانەوانە هاوچەرخەکان، سیما و تایبەتییەکانی فرەواتایی، کێشەی فرەواتایی، ڕێگەکانی دروستبوونی فرەواتا، فرەواتا و ئاستەکانی زمان، لێڵ واتایی، پێناسەی لێڵ واتایی، جۆرەکانی لێڵ واتایی، دروستبوونی لێڵی بە هۆی فرەواتا و هاوبێژییەوە لە زماندا، ڕێگەکانی جیاکردنەوەی فرەواتایی و هاوبێژی، گرنگی فرەواتایی لە زماندا.**

**بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە، کە بە ناونیشانی ﴿دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران)دا﴾ یە، بەشی کارەکی لێکۆڵینەوەکەیە و لە دوو تەوەر پێکدێت. تەوەری یەکەم: تەرخانکراوە بۆ دژواتا و جۆرەکانی لە شیعرەکانی گۆراندا. تەوەری دووەم: باس لە وشە فرەواتاکان دەکات لە شیعرەکانی گۆراندا.**

**لەکۆتایشدا ئەنجامەکان و کورتەیەك لە لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.**

# بەشی یەکەم

# ئاوڕدانەوەیەك لە واتا

# بەشی یەکەم

# ئاوڕدانەوەیەك لە واتا

## ١-١: واتا لە سەردەمی دێریندا:

### ١-١-١: یۆنانییەکان:

فەیلەسوفە یۆنانییەکان هەر لە کۆندا لە لێکۆڵینەوەکانیان و دەمەتەقێیەکانیان تووشی چەندین بابەت بووینە، کە کڕۆکی واتاسازی دەگرتەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە لێکۆڵینەوەی واتا کۆنە و بۆ سەردەمی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، لەگەڵ کاروانی پێشکەوتن و گەشەسەندنیدا. بۆ نموونە ئەرستۆ قسەی لەسەر جیاوازی نێوان دەنگ و واتادا کردووە و باسی ئەوەی کردووە، کە واتا هاوتایە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی لە عەقلی بیرکەرەوەدا هەیە.

ئەرستۆ جیاوازی لە نێوان سێ شت کردووە :-

أ- شت لە جیهانی دەرەوەدا.
ب- بۆچوونەکان – واتاکان.
ج- دەنگەکان – هێماکان یاخود وشەکان.

هەروەها ئەو قسەی دەرەوە و قسەی ناو عەقلی لە یەکتر جیاکردۆتەوە، کە سەرچاوەی زۆربەی بۆچوونەکانی واتا بوون لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕۆژئاوادا. پەیوەندی نێوان دەربڕین و هێمابۆکراوەکەی یەکێك بوو لەو بابەتانەی، کە ئەفلاتون لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ سوقڕاتی مامۆستایدا ڕوو بەڕووی بۆوە. ئاراستەی ئەفلاتون بەرەو پەیوەندی سروشتی خۆیی بوو، وای دادەنا کەوا ئەو پەیوەندییە سروشتییە زۆر ڕوون بووە و لێکدانەوەی ئاسان بووە لە سەرەتای دروست بوونیدا، پاشان دەربڕینەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و دواتر نەتوانراوە بە ڕوونی ئەو پەیوەندییە ڕوونبکرێتەوە یاخود لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام ئەرستۆ پێشڕەوایەتی گروپێکی تری دەکرد، وای دەبینی کەوا پەیوەندی نێوان دەربڕین و واتا پێناچێت پەیوەندییەکی زاراوەیی ئاسایی بێت و خەڵك لەسەری ڕێککەوتبێت. ئەرستۆ بۆچوونەکانی لەبارەی زمان و دیاردەکانی لە چەند وتارێکدا لەژێر ناونیشانی (شیعرو گوتار)دا ڕوونکردەوە، کە تیایدا پەیوەندی نێوان دەربڕین و واتای ڕوونکردۆتەوە . (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١٧- ١٨)

### ١-١-٢: هیندییەکان:

گرنگی هیندییەکانیش بە لێکۆڵینەوە واتاییەکان لە یۆنانییەکان کەمتر نەبووە، هەر لە کاتێکی زۆر زووەوە چارەسەری زۆر لەو لێکۆڵینەوانەی، کە پەیوەستبوونە بە تێگەیشتنی سروشتی

وشەکان و ڕستەکان کردووە، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین هیندییەکان گفتوگۆی زۆربەی ئەو بابەتانەیان کردووە، کە ئەمڕۆ زانستی زمانی نوێ بە لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمان لە قەڵەمی دەدات.

ئەو بابەتانەی، کە هیندییەکان قسەیان لە بارەیەوە کردووە:

## أ- دروست بوونی زمان:

بابەتی دروستبوونی زمان یاخود چۆنیەتی بەدەستهێنانی هەندێ دەنگ بۆ واتاکانیان بۆ یەکەم جار لەو گرفتانە بوو، کە تێڕوانینی زانا واتاناسە هیندییەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا و تێڕوانینەکان لە بارەیەوە جیاواز بوون لە نێوان ئەوانەی وایان دادەنا زمان کۆنە و بەخشینێکی خوداییە و لە دروست کردنی مرۆڤ نییە و ئەوانەی وایان دادەنا، کە زمان لە داهێنانی مرۆڤە و بەرهەمی چالاکییە فیکریەکانیەتی. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١٨)

## ب- پەیوەندی نێوان دەربڕین و واتا:

گرنگی ئەم بابەتە سەرنجی هیندییەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا بوو پێش ئەوەی سەرنجی یۆنانییەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت و چەندین قسەی لە بارەوە کرا. هەندێك لەوان بیرۆکەی جیاوازی نێوان دەربڕین و واتایان ڕەت دەکردەوە و دەیانگوت: هەموو شتێك پێشبینی دەکرێ بەو یەکە دەنگییە هێماییەی، کە ئاماژەی بۆ دەکات و ناتوانرێت هیچ کامێکیان لەوی تر جیابکرێتەوە. دەیانگوت لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە وشە بە بەشێك لە بەشەکانی پێکهاتە بۆ شتێك لەقەڵەم دەدەین هەروەکو ئەوەی، کە قوڕ بە هۆکارێکی ماددی یان بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنێین بۆ هەموو ئەو کەل و پەلانەی، کە لە قوڕ دروست دەکرێن. هەندێکیش لەوان دەیانگوت پەیوەندی نێوان دەربڕین و واتا پەیوەندییەکی کۆنە و خۆڕسکە یاخود سروشتییە. لەوانەیە ئەوانەی خاوەن ئەم بۆچوونە بووبن وایان لەقەڵەم دابێت، کە دروست بوونی زمان لەسەر بنەمای لێکچوونی دەنگەکانی ناو سروشت دروست بووبێت. هەندێك لەوان دەیانگوت پەیوەندییەکی پێویستی لە نێوان دەربڕین و واتادا هەیە وەکو ئەو پەیوەندییە پەیوەستدارییەی، کە لە نێوان ئاگر و دوکەڵدا هەیە. هەندێکیشیان وایان دەبینی، کە پەیوەندی نێوان دەربڕین و واتا تەنها پەیوەندییەکی ڕووداوییە، بەڵام بەگوێرەی ویستی خوداییە. (سەرچاوەی پێشوو: ١٨- ١٩)

## پ- جۆرەکانی واتای وشە:

هندییەکان لێکۆڵینەوەی پۆلە جیاوازەکانی ئەو شتانەیان دەکرد، کە واتای وشەکانی پێکدەهێنا و لەسەر بنەمای دابەشکردن بۆ کرۆکی شت و پۆلەکانی هەبوو لە دەرەوەدا واتای وشەکانیان دابەشکرد. ڕێزماننوسە هیندییەکان ئاماژەیان بە هەبوونی چوار بەش بۆ واتا کردووە

بە گوێرەی ژمارەی ئەو پۆلانەی، کە لە گەردووندا هەن، چونکە وشەکان بە گوێرەی ئەو پۆلانە لێکدراونەتەوە. ئەو چوار بەشەش ئەمانە بوون:

١- بەشێك ئاماژەی بە هێمابۆکراوی گشتی دەکرد، وەك (پیاو).

٢- بەشێك ئاماژەی بە چۆنیەتی دەکرد، وەك (درێژ).

٣- بەشێك ئاماژەی بە ڕووداو دەکرد، وەك (هات).

٤- بەشێك ئاماژەی بە کەس دەکرد، وەك (محمد). (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١٩ )

## ١-١-٣: سەرهەڵدانی واتا وەکو زانست و ناونانی بە سیمانتیك:

سەرەتاکانی ئەم زانستە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەم بەدیارکەوت. یەکێك لە دیارترین ئەو کەسانەی، کە دەستێکی باڵای هەبوو لە دانانی بنچینەی ئەم زانستە:-

١- "ماکس مۆلەر" بوو، کە لە هەردوو کتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوە بە ناونیشانەکانی:

زانستی زمان لە The science of language (١٨٦٢)

زانستی بیر لە The science of thought (١٨٨٧)

٢- "میشێل برێل"ی زمانەوانی فەڕەنسی بوو، کە باسێکی نوسی بە ناونیشانی: ((باسێك لە سیمانتیك Essai de semantique)) لە ساڵی ١٨٩٧، کە تەنها دوای سێ ساڵ لە دەرچوونی بە زمانی فەڕەنسی لە زمانی ئینگلیزی بەکارهات، کاتێك کەوا خاتوو (Henry Cust) ئەم باسەی لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی. کەواتە میشێل برێل بە یەکەم کەس دادەنرێت زاراوەی (سیمانتیك)ی بۆ لێکۆڵینەوەی واتا بەکارهێنابێت، کە دواتر وشەکە لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی پەسەند کرا. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٢) ئەم زاراوەیە (semantics) تەنیا لەو چوارچێوەیە کورت نەبۆوە، بەڵکو کاتێك، کە برۆنسلاو مالینۆفسکی (Bronsilaw Malinowski) هەستی بە پێویستی لێکۆڵینەوەی پەیوەندی لە نێوان شێوە و واتادا کرد ناچاربوو واتای وشەی Semantics فراوان بکات لەبەر بەرجەستە کردنی پەیوەندی لە نێوان واتاسازی لە لایەك و دەروونناسی Psychology و مرۆڤناسی Anthropology و فەلسەفە Philosophy لە لایەکی تردا. (عبدالکریم مجاهد، ١٩٨٥: ١٢- ١٣)

## ١-١-٤: چەمکی زاراوەی (Semantics):

سیمانتیکس (Semantics) لە وشەی یۆنانی "sēmantiká" وەرگیراوە، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتا، کە داکۆکی لەسەر پەیوەندی نێوان واتاکان دەکات، وەك: وشە و دەستەواژە و ئاماژە و هێماکان. واتاسازی زمانیش بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتا، کە بۆ تێگەیشتنی گوزارشتەکانی مرۆڤ بەکاردێت لە چوارچێوەی زماندا. (Semantics - Wikipedia. htm)

## ١-١-٥: چەند پێناسەیەك بۆ واتاسازی:

١- واتاسازی لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە: لە لێکۆڵینەوەی واتا. (جون لاینز، ١٩٨٠: ٩)

٢- واتاسازی ئەو دەربڕینە تەقەنییە بەکارهێنراوەیە، کە ئاماژە بە لێکۆڵینەوەی واتا دەکات. (إف- بالمر، ١٩٨٥: ٣)

٣- واتاسازی بریتییە لە پەیوەندی نێوان شێوە (فۆڕم) و واتا. (Hana Filip, 2008: 2)

٤- واتاسازی ئەو لقەیە لە زانستی زمان، کە لێکۆڵینەوە لە تیۆرەکانی واتا دەکات . یان ئەو لقەیە لێکۆڵینەوە لەو مەرجانە دەکات، کە پێویستە لە هێمادا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت واتا لەخۆبگرێت. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١١)

٥- لە زانستی زماندا واتاسازی بریتییە لەو کێڵگە لاوەکییەی کە هەوڵەکانی بۆ لێکۆڵینەوەی واتا تەرخان دەکات، کە ئاستەکانی وشە و دەستەواژە و ڕستە و یەکەی گەورەتر لە گوتن (دەق) دەگرێتەوە. ناوچەی سەرەکی لە لێکۆلینەوەکەدا بریتییە لە واتای ئامازەکان و لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان یەکەکان و پێکهاتە زمانییە جیاوازەکان، وەك: هاوبێژی، هاوواتا، دژواتا، فرەواتا، بەش لە گشت، گرتنەوە، جیاوازی. (Veronika Richtarcikova, pdf: 2)

کەواتە واتاسازی ئەو لقەیە لە زانستی زمان، کە لێکۆڵینەوەی واتا دەکات، هەروەها باس لە واتا، جۆرەکانی واتا، یەکەکانی واتا، تیۆرەکانی واتا دەکات و باس لە پەیوەندی واتاسازی بە چەند زانستێکی ترەوە دەکات، وەك: (لۆجیك، کۆمەڵناسی، دەروونناسی...)، هەروەها لێکۆڵینەوە لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەکات و لە واتاسازی وشەدا باس لە پەیوەندی نێوان واتا و هێما و واتا و دەوروبەر و پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان وەکو (دژواتا و فرەواتا) دەکات.

## ١-١-٦: پێناسەی واتا:

١- ئۆڵمان دەڵێ: واتا بریتییە لە پەیوەندییەکی ئالوگۆڕی نێوان وشە و هێمابۆکراو، ئەم پەیوەندییەش وایان لێدەکات، کە هەردەم پێویستییان بە یەکترەوە هەبێت.

٢- فێرس دەڵێ: واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی سیاقی ئاڵۆز. (طالب حسین علي، ٢٠١١: ٢٨)

کەواتە واتا هەموو ئەو دەربڕین و قسە و نیشانە و جولانەوانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن مرۆڤەوە دەگوترێت یان دەنوسرێت یاخود ئاماژەی بۆ دەکرێت، بە مەرجێك لایەنی واتایی لە خۆ بگرێت، وەك: دەربڕین (وشە)، گرێ، ڕستە، گوتار، ئاخاوتن، ئیدیەم، ئاماژە، دەق.

## ١-١-٧: بابەتی واتاسازی و لێکۆڵینەوە واتاییەکان:

هەر شتێك ڕۆڵی نیشانە، یان هێما ببینێت ئەوا دەچێتە بابەتی واتاسازی. ئەو نیشانە یان هێمایانە لەوانەیە نیشانەی سەر ڕێگاکان بن، لەوانەیە ئاماژەی بە دەست یان بە سەر بێت، لەوانەشە وشە یان ڕستە بن. بە واتایەکی تر، نیشانە لەوانەیە هێمای نازمانی بێت و واتایەکی هەڵگرتبێت (لەخۆگرتبێت)، لەوانەشە هێمای زمانی بێت. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١١- ١٢)

لێکۆڵینەوە واتاییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی دوو لق لە خۆ دەگرێت:

١- لقێکیان گرنگی بە ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان دەدات، ئەمەش کاتێك یەکە زمانییەکان وەکو هێما بۆ شتەکانی دەرەوەی زمان ئیش دەکەن، یان کاتێك کە پەیوەندییەکان هەندێك ڕاستی دەستنیشانکراو لە واقیعدا دەسەلمێنن. هەندێك ناوی "واتای فەرهەنگی Lexical meaning" یان بۆ داناوە. (سەرچاوەی پێشوو: ٧)

مەبەست لە واتای وشە ئەوەیە، کە هەر وشەیەك لە ڕستەدا ئاماژە بۆ واتایەکی فەرهەنگی دەکات، ئەم واتایەش لەلایەن ڕۆڵەکانی کۆمەڵگاوە بۆی دانراوە و لە سەری ڕێککەوتووە. بۆ نموونە لە ڕستەی ((دارەکە بەری گرتووە)). وشەی (دارەکە) ئاماژە بۆ ڕووەکێك دەکات لەسەر ڕەگێکی پتەو وەستاوە و وشەی (بەری گرتووە) ئاماژە بۆ هەبوونی بەر دەکات لە دارەکەدا. (عبدالهادي الفضلي، ٢٠٠٥: ١٧)

هەروەها لە نموونەی ((کاروان هات)). وشەی (کاروان) ئاماژە بۆ ناوێك دەکات لە ڕەگەزی نێر و وشەی (هات) ئاماژە بە جوولەیەك دەکات، کە کاروان کردوویەتی، هەر نموونەیەکی تریش هەر بەم شێوەیەیە.

٢- لقەکەی تریان گرنگی بە ڕوونکردنەوەی واتای دەستەواژە و ڕستەکان، یاخود پەیوەندی نێوان یەکە زمانییەکانی وەك مۆرفیم و وشە و ڕستەکان دەدات، ئەمەش کاتێك کە پێکهاتە زمانییەکان ڕۆڵی هێماکان دەبینن لەبەر پەیوەندی لە نێوان یەکە زمانییەکانی تردا، هەندێکیان ئەمەیان ناوناوە "واتا ڕێزمانییەکان یان ڕستەییەکان Grammatical (or Syntactic) meanings". (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٧)

مەبەست لە واتای ڕۆنانیش ئەوەیە، کە واتای ڕۆنانی هەر ڕستەیەك ئاماژە بۆ واتایەکی زیادە دەکات لەسەر واتای تاك وشە، یان (وشە فەرهەنگییەکە)، ئەمەش بەهۆی ڕۆنانەوە (لێکدانەوە) دروست دەبێت. بۆ نموونە ڕستەکەی پێشوو ((دارەکە بەری گرتووە)). ئەم ڕۆنانە ئاماژە بۆ وەسف کردن، یان وەسف کردنی دارەکە بە بەر دەکات. (عبدالهادي الفضلي، ٢٠٠٥: ١٧- ١٨) هەروەها ڕستەی ((کاروان هات)) ئاماژە بە هاتنی کاروان دەکات، یاخود بە واتایەکی تر: هەواڵی گەیشتنی کاروان دەگەیەنێت.

## ١-٢: واتاسازی وشە:

### ١-٢-١: وشە:

### أ- وشە چییە؟

ئەو ناونیشانەی، کە بە ناوی ((وشە چییە؟)) لە بەشێکی کتێبی "برتراند رسل" هاتووە و ئەو وەڵامەی، کە لە بارەی پرسیارەکەیەوە پێشکەشی دەکات لە زۆر لایەنەوە جیاوازە لەو وەڵامانەی، کە زۆربەی زانایانی زمان و فەلسەفەی ئەمڕۆ دەیخەنەڕوو. بە تێڕوانینی جیاواز لە هەموو گریمانەکانی تر چەمکی نوێ لە پێکهاتەی دەنگی بۆ زمانەکان ئەو بیرۆکەیەی ڕەتکردەوە کە دەڵێ: "گوایا وشەکان ڕووداون لە جیهانی هەستپێکراودا"، بەڵکو وشەکان قەوارەی ماددی تەواون هەروەکو "رسل" بانگەشەی بۆ دەکرد. هەمووجار وا ئاسان نییە بڵێین ئەو شتە وشەیە یان وشە نییە، هەروەکو رسل و هەندێ زانای تر لە بوارەکانی تر وایان لە قەڵەمدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت چارەسەری وشەکان بکەین لە دوو ڕوانگەوە، هەروەکو رسل کردی و گوتی: وشەکان شێوەن لە لایەك و لە لایەکی ترەوە ناوی لێنا گوزارشتەکان، پاشان دەبینین کەوا زاراوەی ((وشە)) لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا لێڵە. ئەوەی تایبەتە بەو جیاکردنەوەیە ئەوەیە کاتێك کە تەماشای وشەکان دەکەین بەو پەسنەی کەوا یەکەی خاوەن واتان. پێویستە لەسەرمان بە گوێرەی ئەم دانانە ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین کە شێوەی وشەیەك لەوانەیە بە زۆر واتاوە پەیوەندداربێ، وەکو "هاوبێژی و فرەواتایی". خودی واتایەکیش لەوانەیە بە شێوەی جیاوازەوە پەیوەندداربێ وەکو "وشە هاوواتاکان". (جون لاینز، ١٩٨٧: ٤١- ٤٢)

### ب- پێناسەی وشە:

هەرچەندە وشە دانەیێکی زمانیی یەکجار دێرین و بڵاو و ئاشنایە، بەڵام تا ئێستا پێناسەیێکی ورد و قووڵ و تەواوی نەخراوەتە ڕوو، زانایێکی وەکو مالینۆڤسکی وشە بە دانەیێکی خەیاڵی دادەنێ و باوەڕی بەوە نییە، کە بوونێکی لە زماندا هەبێ. لە شێوازی ئاخاوتنیشدا وشە بەدوای یەکدیدا دێن و هیچ شتێکی نێوانیان سنووری وشەمان بۆ دیاری ناکات. بە ڕای هەندێ زمانەوانیش، وشە بچووکترین دانەی زمانە، کە توانستی جیابوونەوەی تێدا بێ. ئەم توانستە لە نوسینی زۆر زماندا ڕەنگی داوەتەوە و ئەویش بەوەدا بۆشایێکی بچووك لە نێوان سنووری دوو وشەدا بەجێ دەهێڵێ. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٤: ٣٩٢- ٣٩٣) ((وشە بچووکترین یەکەی واتادارە لە زماندا، چونکە لە هەموو یەکەکانی تری زمان دیارترو ئاشناترە، هەروەها بوونی لە زماندا پێویستییەکی بەخورتییە، واتە هیچ زمانێك بە بێ وشە بوونی نییە)). (یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٣: ٦)

## پ- وشه وەك بابەتێكی بەرایی واتاسازی:

تێبینی دەكرێ بەلای زۆربەی خەڵكی، بابەتی یەكەمی واتاسازی وشه بێت. واتاسازیش ڕۆڵێكی بنجی دەبینێت له دەستنیشانكردنی یاسای ڕێكخەر بۆ واتای وشەكان له ناوخۆیاندا. (كلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان، ٢٠٠٦: ٩) بێگومان وشەش دروست نابێت تا واتا لەخۆنەگرێت (واتای نەبێت). بۆیە وشه به بنچینەی دروست بوونی زمان دادەنرێت، هەر بۆیەشه واتاسازی سەرەتای لێكۆڵینەوەو گرنگیدانی به واتای وشه دەستپێكردووه و گرنگی به وشەوه داوه ، دواتر پەڕیوەتەوه بۆ یەكەكانی تر.

## ت- پەیوەندی دەربڕین (وشه) به واتا:

واتای هەر دەربڕینێك (وشەیەك) ئەوەیه كه ئەو وشەیه واتایەكی زانراو یان هەستپێكراوی هەیه له زیهندا. پەیوەستبوون پێویسته له نێوان وشەو واتاكەیدا هەبێت، كه زمان هەردەبێ ئەم كاره لەخۆبگرێت و گەڕان بەدوای واتا زانستێكی تایبەته له زمانەوانیدا. لێكۆڵینەوه لەم باره لەسەر دەستی زانا نوێگەرییەكانی ئەم زانسته گەشەی سەند. لەم بارەیەوه بۆچوون و تیۆری زۆری تێدا خرایه ڕوو، كتێب و فەرهەنگی زۆری لەبارەیەوه دروست كرا. ڕاسته كەوا پێشینەكان ئەم جۆره گرنگییەیان پێنەدا وەكو ئەوەی گرنگیان به لێكۆڵینەوەكانی داڕشتن و پێكهاتەكانی پەیوەندار به وشه و بابەتەكانی دەدا، ئەمەش چونكه مۆرفۆلۆجی (زانستی وشەكان) هێمای هێز و سیحر و میتافیزیكییەت بوو. واتاسازی گشتی ڕێگایەكه بۆ زانینی یاسای زمانەكان، له گەشەكردنی واتای وشه و هۆكارەكانی گۆڕانی و پەیوەندی نێوان وشه و واتاكەی و پەیوەندی زمان به خاوەنەكەی به شێوەیەكی گشتی دەكۆڵێتەوه. واتاسازی له هەر زمانێكدا ڕێگایەكه بۆ زانینی نهێنییەكانی زمانەكه و ڕێگه تایبەتییەكانی له ناونانی شتەكان و گەشەسەندنی وشه و واتاكانی، هۆكارێكه بۆ زانینی عەقڵییەتی ئەو گەلەی كەوا قسەی پێدەكات، هەروەها ژینگەكەی و داب و نەریتەكەی و قۆناغی بیركردنەوەی. ڕاستی ئەمەش له هۆكارەكانی دەروونی و كۆمەڵایەتی له دروست بوونی دژواتاكاندا دەبینرێت. (محمد حسين آل ياسين، ١٩٧٤: ٥٥- ٥٦)

## ج- واتای دەربڕین (وشه):

((ستیڤن ئۆلمان)) وا دەبینێت كه تاكه وشه لەوانەیه خاوەنی چەند واتایەك بێت، واتایەكی بنچینەیی (سەرەكی)یەو واتاكانی تریش لاوەكین، ئەم بۆچوونەش لەسەر بنەمای باوەڕبوون به هەبوونی جیاوازی له نێوان ئاخاوتن و زماندا دروست بووه. واتای سەرەكی وشه ئەو توانا جێگیرەیه له واتا، كه له زمانێكی دیاریكراودا هەیه، بەڵام واتاكانی تری لاوەكین و دەستنیشان ناكرێن، تەنها به هۆی سیاق و شوێن نەبێت له كاتی قسەكردندا. وشه ئامرازی واتایه- هەروەكو ئۆڵمان باسی لێوه دەكات- لەوەی كه وشه بچووكترین یەكەیه له یەكەكانی واتادا، هەروەها

یەکەکانی تر لە وشە دروست دەبن، وەکو دەستەواژە و ڕستە. (ستیفن أولمان، پێشەکی وەرگێڕ کمال محمد بشر، ١٩٧٥: ٤)

## ح- بەها و گرنگی وشە:

گومان لەوەدا نییە وشە بەو وەسفەی، کە کۆمەڵە دەنگێکە هیچ بەهایەکی نییە، بەڵام بەهای لە واتاو ئاماژەبۆکراوەکەوەیە، کە پێوەی بەندە. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوەی لە بەهای وشە زیاد دەکات بریتییە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی وشە بە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەیدا. گرنگی وشە تەنها لە دام و دەزگا زانستییەکان و ئەکادیمییەکان کورت نەبۆتەوە، بەڵکو بوارەکانی تری ژیانیش دەگرێتەوە بە تایبەتی ئەو بوارانەی، کە وشە بۆ کاریگەری بەکاردێت. (سەرچاوەی پێشوو: ٤- ٦) وەکو لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا، وەك: ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، هەروەها بێجگە لەمانەش لە ئامۆژگاری و پڕوپاگەندە و لە کاتی سڵاوکردنی مرۆڤەکان لە یەکتر و هەست ڕوژاندن و هەست دەربڕیندا ... .

## خ- واتای فەرهەنگی وشە:

فەرهەنگ چەندەها ئەرکی هەیە، بەڵام هەر کە باسی فەرهەنگ بکرێت، ئەوا ئەرکی یەکەمی بە بیرماندا دێت، کە ئەویش دەرخستنی واتای وشەیە. (عمرو محمد مدكور، ٢٠٠٨: ٢٦) ((مەبەستمان لە واتای فەرهەنگی وشە، ئەو واتا بنچینەییەیە، کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوە و لەسەری ڕێککەوتووە. وەسفی بارودۆخ و شت دەکات و بەشێك لە واتای ڕستەی لێپێکدێت، کە بریتییە لە (واتای وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی)، واتایەکی نەگۆڕ و بڵاوە)). (عبدالواحد مشير دزەيي، ٢٠٠٩: ١٣٩) واتای فەرهەنگی واتای کەتیگۆری (پۆلە ڕێزمانی)یە کراوەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگدا دیاری کراون. (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠٩: ٣٠)

## ١-٢-٢: یەکە واتاییەکان Semantic unit

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٨ هاتە ناو زمانەوانیی لەسەر دەستی زمانەوانی سویدی (ئەدۆلف نۆرین) و چووە ناو زمانەوانیی ئەمریکی لەسەر دەستی (بلۆمفێلد) لە ساڵی ١٩٢٦. لە واقیعی زمانیدا دەردەکەوێت ئەوەی، کە ئاماژە بە واتا بکات ئەوا یەکەی واتاییە. (حازم علی كمال الدين، ٢٠٠٧: ٢٠) ئاراستەی تێڕوانینە زمانییەکان جیاوازن لەبارەی پێناسەکردنی یەکەی واتاییدا. هەندێك لەوان دەڵێن: یەکەی واتایی بچووکترین یەکەیە بۆ واتا. هەندێکی تر دەڵێن: کۆکردنەوەی ڕوخسارە جیاوازەکانە. ئەگەر هەندێك لەوان (دەق)یان بە یەکەی واتایی لە قەڵەم دابێت، بەڵام ئەوەی، کە "نیدا" باسی کردووە لە هەبوونی چەندین ئاست بۆ (یەکەی واتایی) ئێمە لێرەدا ئەومان هەڵبژاردووە و باسمان لێوە کردووە. بە گوێرەی ئەوەی نیدا گوتویەتی ئەوەیە، کە هەر درێژکردنەوەیەکی قسە (گوتن) لە ئاستی مۆرفیم، یان بچووکتر لەو ئاستە بۆ قسەی دەربڕاو دەتوانرێت باس لە هەموویان بکرێت لە دوو لایەنەوە: یان وەکو یەکەیەکی فەرهەنگی، یاخود وەکو

یەکەیەکی واتایی. ئەو کاتەی جەخت لە سەر فۆڕمێکی پەیوەندار دەکرێ، ئەوا مرۆڤ قسە لە سەر یەکەی فەرهەنگی دەکات، بەڵام ئەو کاتەی جەخت لە سەر واتای ئەو فۆڕمە دەکرێت، ئەوا مرۆڤ باس لەوە دەکات، کە پێی دەوترێت یەکەی واتایی. " نیدا " یەکەی واتایی دابەشی چوار بەشی سەرەکی کردووە، کە ئەمانەن:

١- تاك وشە.
٢- وشەی لێکدراو.
٣- بچوکتر لە وشە (مۆرفیم).
٤- بچوکتر لە مۆرفیم (فۆنیم).

دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە وێنەی بۆ بکێشرێت، دوای ئەوەی کە یەکەی ڕستەی بۆ زیاد کراوە:




( احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٣١- ٣٢ )

یەکەی واتایی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:-

أ- مۆرفیم:

بلۆمفێڵد پێشنیاری ئەوەی کرد، کە پێویستە بڕوانینە یەکەیەکی بچووکتر لە وشە، کە ئەویش (مۆرفیم)ە، نموونەکەشی بریتی بوو لە پاشگری{- ستان} وەك لە وشەکانی ((کوردستان)) و ((ئەفغانستان))دا. (ف- بالمر، ١٩٨٥: ٤١) مۆرفیمیش ((بچووکترین یەکەی واتایی، یان ئەرکداری زمانە، کە لە زنجیرەی ڕێکخستنی یەکەی ڕێزمانی زمان لە ڕۆنانی وشەدا بەکاردەهێنرێت)). (یوسف شریف سعید، ٢٠١٣: ٨)

مۆرفیمیش دابەشی دوو جۆر دەبێت، مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەند، کە یەکەی واتایی پێك دێنن:

١- مۆرفیمی سەربەخۆ: ئەو مۆرفیمانەن، کە بە تەنیا بەکاردێن و واتا دەبەخشن و یەکەی واتای دروست دەکەن. وەك: ئاو، دار، گوڵ، چیا، بەهار ... .

٢- مۆرفیمی بەند: ئەو مۆرفیمانەن، کە بە تەنیا بەکارنایەن، بەڵکو پێویستییان بە مۆرفیمێکی سەربەخۆ هەیە بۆ ئەوەی واتا ببەخشن. وەك:

دار + تاش ⟵ دارتاش

وشەیەکە یەك واتای هەیە، لە یەك یەکەی واتایی پێکهاتووە، لە مۆرفیمی سەربەخۆی (دار) و مۆرفیمی بەندی (تاش) پێکهاتووە.

بێ + کار ⟵ بێکار

وشەیەکە یەك واتای هەیە، لە یەك یەکەی واتایی پێکهاتووە، لە مۆرفیمی سەربەخۆی (کار) و مۆرفیمی بەندی وشەدارێژی (بێ) پێکهاتووە.

## ب- وشە:

بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێکی بەزار دروستکراو مانایێ ئەبەخشێ. (وریا عمر امین، ٢٠٠٩: ٣٦٣) ((وشە شێوەیەکە خاوەن ئەرکێکی زمانی دیاریکراوە لە ڕۆنانی ڕستەدا، ڕۆڵی یەکەیەك لە یەکەکانی فەرهەنگ دەبینێت و دەکرێت بە تەنها بێت، یان لابدرێت، یان زیادبکرێت، یان شوێنەکەی بگۆڕێت، یان لە سیاقدا بە وشەیەکی تر بگۆڕدرێتەوە)). (تمام حسان، ١٩٧٩: ٢٦٦) وشە یەکێکە لە سەرەکیترین یەکەکان بۆ واتاسازی بە هەر سێ جۆری (سادە، لێکدراو، داڕێژراو)، وەك:

١- وشەی سادە: وەك: دڵ ...... یەك واتای هەیە، وشەیەکە، لە یەك یەکە پێکهاتووە.

٢- وشەی لێکدراو: وەك: دڵپاك ...... یەك واتای هەیە، لێکدراوە، دوو وشەیە، لە یەك یەکە پێکهاتووە. (طالب حسین علي، ٢٠١١: ٢٠)

٣- وشەی داڕێژراو: وەك: نانەوا ..... یەك واتای هەیە، داڕێژراوە، یەك وشەیە، لە یەك یەکە پێکهاتووە.

## پ- گرێ:

گرێش وەکو کەرەستەی لەخۆی بچووکتر، یان گەورەتر دەتوانێت یەکەی واتایی دروست بکات. وەك: کوڕی دەروێش ئەحمەد ..... یەك واتای هەیە، گرێیە، سێ وشەیە، لە یەك یەکەی واتایی پێکهاتووە.

**ت- سیمێم:**

هەر وشەیەك لە مۆرفیمێك، یان چەند مۆرفیمێك پێكهاتووە، یان چەند وشەیەك یەكەی واتاییان پێكهێناوە. كەواتە بۆ ئەوەی سنووری ئەو یەكەیە زیاتر دیاری بكەین دەكرێ بڵێین Sememe یەكەیەكی سەرەكی ناوەڕۆكە، هەروەها بە بچوكترین یەكەی واتایی دادەنرێت، بەم شێوەیە پێناسە دەكرێ: بچوكترین یەكەی زمانی نابەرجەستەیە (ئەبستراكتە)، كە واتای هەیە. هەروەها لە ئاستی واتاسازیدا زاراوەیەكی تریش بەكاردێت بە (Semantime) ناودەبرێت، كە لە كۆمەڵە (Sememe)ێك پێكدێت. بە واتایەكی تر ژمارەیەك (Sememe)، كە تایبەتییەكی واتایی كۆیان بكاتەوە (Semantimy) پێك دەهێنن. بۆ نموونە:

بەردان: منداڵەكەی بەرداوە ....... خستنە خوارەوە.

ئاوەكەی بەردا ....... كردنەوە.

دیلەكەی بەردا ....... ئازادكردن.

هەر یەكێك لەو واتایانە بە (Sememe)ێك دادەنرێ و بە هەمووشیان (Semantimy) پێكدێنن. (طالب حسین علي، ٢٠١١: ٢٠ - ٢١)

**ج- ڕستە:**

ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە، ئامانجی هەرە سەرەكی ڕێزمان پێناسینی ڕستەیە. ڕستەش پێ ناناسرێت بێ پێناسین و دەستنیشانكردنی سروشت و چۆنیەتی هەموو ئەو كەرەسانەی دروستی دەكەن و جۆری پەیوەندی نێوانیان لەناو چوارچێوەی ڕستەدا. (وریا عمر امین، ٢٠٠٩: ١٩٨)

ڕستە لە یەكەی واتایی پێك دێت. وەك:

هات. ....... یەك واتای هەیە، ڕستەیەكە، یەك وشەیە لە فۆڕمدا، لە یەك یەكەی واتایی پێكهاتووە.

شیرین هات. ....... یەك واتای هەیە، ڕستەیەكە، دوو وشەیە، لە یەك یەكەی واتایی پێكهاتووە.

**ح- گوتن:**

ڕستەی بەكارهێنراوە لە دەوروبەردا، بەمە واتای دەبێتە ( واتای ڕستە + واتای دەوروبەر) وەك ((ژوورەكە ساردە)). ئەم ڕستەیە ئەگەر بخرێتە دەوروبەری گوتنەوە ئەوە چەند واتایەكی جیا دەدات، لەوانە:

١- پەنجەرەكە داخە.

٢- سۆپاكە داگیرسێنە.

٣- فێنككەرەوەكە بكوژێنەوە ... هتد. (عبدالواحد موشیر دزەیی، ٢٠١٠: ٤٦)

خ- دەق:

((وشەی دەق وەکو زاراوەیەکی زمانەوانی بۆ ئەو پارچە ئاخاوتنە (گوتن/ نوسین) بەکاردێت، کە پارچەیەکی یەکگرتووی پێکهێنابێ، بەبێ ئەوەی درێژی و کورتییەکەی لەبەرچاوبگیرێ)). (قیس کاکل تۆفیق، ۲۰۰۲: ۲۸)

وەك: لە ئەنجامی ئەو بارانە زۆرەی، کە لە دوێنێوە دەبارێت، چەند گەڕەکێکی شاری هەولێر ژێر ئاو کەوتووە و ئاو چووەتە ژووری ماڵەکانەوە.

د- هێما:

هێما زمانییەکان (وشە و دەنگە واتادارەکان) دەگرێتەوە یەکەی واتایین، هەروەها هێما جەستەییەکان و هەندێ هێمای تریش بە یەکەی واتایی لە قەڵەم دەدرێت. "جاحظ" لە بارەی هێمای جەستەییەوە دەڵێ: ((هێماکردن یا بە دەستە، یان بە سەرە، یان بە چاوە، یان بە برۆیە، یان بە شانە ئەگەر دوو کەسەکە لێك دوور بوون، هەروەها بە جل و بەرگ و شمشێریشە، هەروەها ئەوەی شمشێر، یان قامچی بەرزکردۆتەوە هەڕەشە دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی جلەوگرتن و نەهێلانێکی بەرپەچدراو و دەبێتە بەڵێن و ئاگادارکردنەوە)). (ابي عثمان عمرو بن بحر الجاحظ ، ۱۹۹۸: ۷۷)

لە هەندێك شتدا هێما زۆر گرنگترە لە دەربڕین، ئەمەش وەکو هێما ڕووناکییەکان (ترافکلایت) کە جوولەی ڕۆیشتن ڕێك دەخات، کە لەم حالەتەدا زیاتر چاو تێبینی دەکات لە دەربڕین. (حازم علي كمال الدين، ۱۹۹۹: ۱۸۵)

## ۱-۲-۳: گەشەی واتایی و جۆرەکانی:

گرنگترین دیاردەی زمان بۆ دوو لایەنی سەرەکی دەگەڕێتەوە، کە ئەوانیش دیاردەی پەیوەندار بە دەنگ و دیاردەی پەیوەندار بە واتایە، هەردوو لایەنەکەش لە گەشەی ئاسایی و گۆڕانی بەردەوامدان و لە گەشە و گۆڕانیدا بە گەلێ هۆکار کاریگەر دەبێت و پابەندی کۆمەڵەیەکی زۆری یاسا دەبێت. (علي عبدالواڧي، ۲۰۰٤: ۳۱۳)

گرنگترین دیاردەی گەشەی واتایی بۆ سێ جۆر دەگەڕێتەوە:

أ- گەشەیەك ڕێزمانی پەیوەندار دەبەستێتەوە بە ئەرکی وشەکان و پێکهاتنی ڕستەکان و تەواوکردنی دەستەواژە ... هەروەها وەکو ڕێزمانی داتاشین و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ... و هیتر. ئەمەش هەروەکو ئەوەی لە زمانە گشتییەکەی نێو خەڵك ڕوویدا.

ب- گەشە شێوەکانی زمان دەگرێتەوە، هەروەکو لە زمانی ئاخاوتنی گشتی ڕوویدا، کە ئێستا شێوەکانیان زۆر جیاوازتربوونە لە شێوەی پێشوویان، وەکو ئەوەی لەو سەردەمەی ئێستادا لە

زمانی نوسینیش ڕوویدا، كه شێوەی نوسینی ئێستای جیاوازە لە شێوەی نوسینی كۆن، لە ژێركاریگەری وەرگێڕان و تێكەڵ بوون بە نەریتی بێگانە و بیركردنەوەی بەرز و پێویستی زۆر بۆ گوزارشتی ورد لە ڕاستییەكانی زانست و فەلسەفە و كۆمەڵایەتی و هیتریشدا.

پ- گەشەیەك واتای خودی وشە دەگرێتەوە، وەكو ئەوەی واتا تایبەتەكەی بگشتێنرێت و بۆ واتایەك یان چەند واتایەكی تر بەكاربێت، كە واتا ڕەسەنەكە واتاكانی تر بگرێتەوە، كە لە هەندێ سیفەتدا هاوبەشن لەگەڵی، یاخود لە واتا كۆنەكەی دەردەچێت و بۆ واتایەكی تر بەكاردێت و پەیوەندییەك پێكەوەیان دەبەستێتەوە و دەبێتە ڕاستییەك لە واتا نوێیەكەدا دوای ئەوەی لێیەوەی گواستراوەتەوە، یان بۆ واتایەكی تری نامۆ بەكاردێت كە زۆر نامۆیە لە واتا یەكەمەكەی. (علي عبدالواقي، ٢٠٠٤: ٣١٣- ٣١٤)

## ١-٢-٤: تیۆرەكانی واتا:

هەر لە زووەوە ڕێبازە زمانییەكان لە لێكۆڵینەوە واتاییەكاندا لەسەر واتای فەرهەنگی، یان لێكۆڵینەوەی واتای وشە چەسپیوە، بەو پێیەی، كە وشە یەكەی سەرەكییە بۆ هەر یەك لە ڕێزمان و واتا. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٥٣) هەروەها لە بواری لێكۆڵینەوە زمانییەكاندا زۆر لەو تیۆرانە دەركەوتن، كە گرنگیان بە دانانی ڕێبازێكی دیاریكراو بۆ واتا دا. (عبدالكريم محمد حسن جبل، ١٩٩٧: ٢٢)

لێرەدا چەند تیۆرێكی گرنگی واتامان هەڵبژاردووە، كە لێكۆڵینەوەی واتای وشەیان لەخۆگرتووە و لە خوارەوەدا باسیان دەكەین:

### ١-٢-٤-١: تیۆری ئاماژەیی:

ئەم تیۆرە لە واتاسازی نوێدا یەكەمین قۆناغەكانی تیۆری زانستی لە یاسای زمان پێكدەهێنێت، بەڵكو چاكەی جیاكردنەوەی بنچینەكانی واتا و پێكهاتەكانی بۆ خاوەنەكانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بە پشت بەستن بەو ئەنجامانەی "فردیناند دی سۆسێر" پێیگەیشت لە لێكۆڵینەوە زمانییەكانیدا، كە ئاماژەی زمانی تیایدا تایبەت كرد. (منقور عبدالجليل، ٢٠٠١: ٨٣) بەو پێیەی كەوا یەكەی زمانی لە ئاماژە و ئاماژەبۆكراو (دال ومدلول) پێكدێت، ئاماژە هەستپێكردنی دەروونییە بۆ وشەی دەنگی، ئاماژەبۆكراویش ئەو بیرە یان ئەو كۆمەڵە بیرەیە كە بە ئاماژە بەستراوەتەوە. (ميشال زكريا، ١٩٨٣: ١٨٠)

ئەوەی كە شێوازێكی زانستی بەم تیۆرە بەخشی هەردوو زانای ئینگلیزی "ئۆگدن و ڕیتچاردس" بوون، ئەو دووانەی بە سێگۆشەكەیان ناوبانگیان پەیداكرد، ئەو سێگۆشەیەی، كە پێكهاتەكانی واتا جیادەكاتەوە، سەرەتا بە بیر یان پێكهاتەی ناو زیهن دەست پێدەكات، دواتریش هێما یان ئاماژە دێت و بە ئاماژەبۆكراو، یان شتی دەرەكی كۆتایی دێت.

**بیر– پێکهاتەی ناو زیهن**



**شتی دەرەکی – ئامارژەبۆکراو**        **هێما (وشە) – ئاماژە**

**(منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٨٣)**

**ئەم وێنەیە سێ پێکهاتەی جیاوازی واتا جیادەکاتەوە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان وشە وەکو هێما و ئەو شتە دەرەکییەی، کە گوازرشتی لێدەکات نییە. وشە لایان دوو بەش لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش شێوەی پەیوەندار بە ئەرکە هێماییەکەی و ناوەڕۆکی پەیوەندارە بە بیرۆکە (فکرە)، یان سەرچاوە.**

**ئەم بیرۆکەیە لە سروشتی دوو لایەنەوە دەڕوانێتە وشە، بەو پێیەی، کە وشە شێوە و ناوەڕۆکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "دی سۆسێر" کە داکۆکی لەسەر سروشتی دوو لایەنەی هێما کردەوە لە ڕێگای ئەو نموونە پێوانەییەی پێشکەشی کرد و بە پارچە وەرەقەیەکی دوو ڕووی چواند. هەروەکو ئەوەی ناکرێت لایەکی ڕوویێك ببڕین بە بێ ڕووەکەی تر، هەروەهاش ناتوانرێت دوولایەکەی هێما لە یەکتر جیابکرێتەوە، چونکە وەکو دوو ڕووەکەی وەرەقە پێکبەستراون. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٥٥) ئەو دابەشکردنە پوختە بۆ واتا بە هەنگاوێکی بوێرانە دادەنرێت لەو سەردەمدا و هەناسەیەکی نوێی بە لێکۆڵینەوە واتاییەکان بەخشی، کە چەندین تیۆری نوێ و بیری گرنگی لێ پەیدا دەبێت. ئەو لێکۆڵینەوە واتاییانەی زاناکانی دوای ئەوان کردوویان هەموویان لە چوارچێوەی سێگۆشەکەی ئۆگدن و ڕیتچاردس دەخولێنەوە. (منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٨٣)**

**مەبەست لە تیۆری ئاماژەیی ئەوەیە واتای هەر وشەیەك بریتییە لە ئاماژەبۆکردنی بۆ شتێکی غەیری خۆی. لێرەدا دوو ڕا هەیە:**

**أ‌- ڕایەك وای دەبینێت، واتای وشە ئەوەیە، کە ئاماژەی بۆ دەکات.**

**ب- ڕایەکی تر وادەبینێت، واتای وشە ئەو پەیوەندییەیە، کە لەنێوان دەربڕین و ئاماژەبۆکراوەکەیدا هەیە.**

لێکۆڵینەوەی واتا لە ڕای یەکەمدا لەسەر لێکۆڵینەوەی دوو لای سێگۆشەکە کورت بۆتەوە، کە ئەوانیش لای هێماو ئاماژەبۆکراون. ڕای دووەم داوای لێکۆڵینەوەی هەر سێ لایەکە دەکات، چونکە گەیشتن بە ئاماژەبۆکراو لە ڕێگەی بیر یان وێنەی زیهن (ئاوەز)ی دەبێت. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٥٥)

## ١-٢-٤-٢: تیۆری هۆشەکی:

ئەم تیۆرە ئاستێکی تر لە ئاستەکانی تیۆری واتا لەخۆدەگرێت، ئەم تیۆرە داکۆکی لەسەر بنچینەی پێشبینی دەکات، کە واتای ناو زیهن (عەقل) دەگرێتەوە. ئەم تیۆرە بۆ فەیلەسوفی ئینگلیزی "جۆن لۆك" دەگەڕێتەوە، لە سەدەی حەڤدەم، کە ناوی نا تیۆری عەقلی (هۆشەکی). (منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٨٥)

ئەو دەڵێت: پێویستە بەکارهێنانی وشەکان ئاماژەیەکی هەستیار بێت بۆ گەیاندنی بیرەکان، یان نیشاندانێکی دەرەکی و مەعنەوی بێت بۆ حالەتێکی ناوەکی. ئەو بیرانەی، کە لە مێشکمان دەخولێنەوە بوونێکی سەربەخۆیان هەیە و ئەرکێکی سەربەخۆی جیایان لە زماندا هەیە، ئەگەر هەر یەکێك لە ئێمە بیرەکانی بۆ کەسی خۆی بپاراستایە ئەوە دەبوایە دەستبەرداری زمان بین. تەنها هەستکردنمان بە پێویستی گواستنەوەی بیرەکانمان بۆ کەسێکی تر وامان لێدەکات بەڵگەکان پێشکەش بکەین (کە شایانی تێبینیکردن بێت لە ئاستی گشتیدا) لەسەر بیرە تایبەتەکانمان، کە لە مێشکماندا هەڵگیراوە. ئەم تیۆرە بۆ هەموو گوزارشتێکی زمانی دەست دەدات، یان بۆ هەر واتایەکی جیاوازی گوزارشتی زمانی، کە بیرێکی لەخۆگرتبێت. بیرەکەش پێویستە:

١- ئامادەبێت لە عەقلی قسەکەر.

٢- پێویستە قسەکەر ئەو گوزارشتە دروست بکات، کەوا لە خەڵك بگەیەنێت هەست بەوە بکەن بیرە دیاریکراوەکە لەو کاتدا لە مێشکیاندا هەیە.

٣- گوزارشتەکە پێویستە بانگی هەمان بیر بکات، کە لە عەقلی گوێگردایە.

ئەو تیۆرە جەخت لەسەر بیرەکان یان پێشبینییەکانی ناو عەقلی قسەکەر و گوێگر دەکات بە مەبەستی دەستنیشانکردنی واتای وشە، یاخود ئەو مەبەستەی، کە قسەکەر وشەیەکی بەکارهێناوە لە بۆنەیەکی دیاریکراودا، جا چ ئەگەر وامان لە قەڵەمدا، کە واتای وشە بیر (فکرة)، یان وێنەی عەقلی بێت، یان وامان لە قەڵەمدا کە پەیوەندی نێوان هێما و بیرە. ئەمەش یەکێکە لە بۆچوونە سەرەکییەکان لەسەر ئەم تیۆرە لە ڕوانگەی ڕەفتاریی (ڕەوشتی)یەوە، چونکە ئەگەر واتا بیر (فکرة) بێت چۆن بۆ قسەکەر دەڕەخسێت قسە لەگەڵ گوێگر بکات و واتای بۆ بگوازێتەوە لەگەڵ ئەوەی بیرەکان بە موڵکی تایبەتی قسەکەر دادەنرێت.

لایەنگرانی ئەم تیۆرە وەڵامدەدەنەوە و دەڵێن: ((بیرەکان بە پێشبینی بەستراونەتەوە)). بۆ نموونە ئەگەر گوتمان ((مێز)) ئەوا هەر یەك لە قسەکەر و گوێگر پێشبینی مێزیان هەیە و ئەم پێشبینییەش وا دەکات پەیوەندی نێوانیان فەراهەم بێت.

لێرەدا بۆچوونێکی تر هەیە لەوەدا پوخت بۆتەوە و دەڵێت زۆر وشە هەن پێشبینی ناکرێن، وەکو ئامرازەکان و وشە نابەرجەستەکان، چونکە ئەمانە پێشبینی عەقلییان نییە (واتە عەقل پێشبینیان ناکات) تەنها بۆ خودی پیتەکانی وشەکە نەبێت. ڕەتکردنەوەی تیۆری هۆشەکی (پێشبینی) دەسپێك بوو بۆ زۆربەی ڕێبازە نوێیەکان، کە لە سەدەی ڕابردوودا دەرکەوتن، بەو ئاراستەیە ڕۆیشت، کە واتا زیاتر بە بابەتی بکات و زیاتر بەزانستی بکات لە ڕوویەکی ترەوە. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٥٧- ٥٨)

## ١-٢-٤-٣: تیۆری ڕەوشتی:

تیۆری ڕەوشتی لە سەر پێویستی بەکارهێنانی زمان لە (پەیوەندی)دا دروست بوو. گرنگی بەو لایەنە دەدات، کە دەکرێت بە ئاشکرا تێبینیبکرێت، ئەمەش پێچەوانەی تیۆری هۆشەکی بوو، کە لەسەر بیر (فکرە)، یا پێشبینی دروست ببوو. (سەرچاوەی پێشوو: ٥٨)

گەڕان بەدوای ڕاستی واتا وای لە "بلۆمفیڵد"ی زمانەوانی ئەمریکی کرد ئاراستەی هۆشەکی جێبێڵێت و بە دوای واتای ڕەوشتی زمانی بەرچاو بگەڕێت، هەروەها دوای ئەوەی ئەو بیرانەی، کە بۆی چوو بەدەست هاتن، ئاراستەی ڕەوشتی گرتەبەر. (منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٨٦- ٨٧)

بە شێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرە ئەم خاڵانە بەخۆوە دەگرێت:

أ- گومانکردن لە هەموو زاراوە زیهنییەکان وەکو (بیر، پێشبینی، بیرۆکە) و ڕەتکردنەوەی چوونە ناویەوە وەکو هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی بابەتێکی بەهادار لە دەروونناسیدا، پێویستە لە سەر دەروونناس خۆی تەرخان بکات لە سەر ئەوەی، کە دەکرێ ڕاستەوخۆ تێبینیبکات و ئەمەش ڕەفتاری دیار لەخۆبگرێت، نەك حالەت و کردارە ناوەکییەکان. جێبەجێکردنی ئەمە لەسەر زمان واتە جەخت کردن لە سەر ئەو ڕووداوانەی، کە دەکرێت تێبینیبکرێن و تۆماربکرێن، هەروەها لە پەیوەندی بەو هەڵوێستە ڕاستەوخۆیەی، کە لێیەوەی دروست دەبێت.

ب- ئاراستەکەی لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی غەریزەکان و پاڵنەرەکان و توانا سروشتییەکانی تر و جەختکردنی لە سەر ئەو ڕۆڵەی، کە فێرکردن دەیگێڕێت لە بەدەستهێنانی نموونە ڕەوشتییەکان (ڕەفتارییەکان) و داکۆکیکردن لەسەر پەروەردە زیاتر لە سروشت و بایەخێکی زۆر بۆ ژینگە و شتێکی کەمیش بۆ بۆماوەیی.

پ- ئاراستە ئامێرییەکەی، یان ڕوودانییەکەی، کە وایدەبینێت هەموو شتێك لە جیهاندا بە یاساکانی سروشت بەستراوەتەوە.

ت– دەکرێت وەسفی ڕەوشت لای ڕەوشتکارەکان بکرێت لەوەی، کە جۆرێکە لە وەڵامدانەوەکان بۆ کاریگەرییەك، کە ژینگە یان دەوروبەر پێشکەشی دەکات. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٥٩– ٦٠)

هەروەها ئەو شێوەیەی کە بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان (کاریگەری و وەڵامدانەوە) بەکاردێت ئەمەیە:

م ←—— س

(م = کاریگەری، س = وەڵامدانەوە)

تیشکەکەش لێرەدا پەیوەندی خستنەڕوو دەنوێنێت. کاریگەرییەکە هۆیە، وەڵامدانەوە شوێن (أثر)ی کاریگەرییەکەیە.

نموونەی ڕەوشت زنجیرەیەك لە (کاریگەری – وەڵامدانەوە) لەخۆدەگرێت بەم شێوەیە:

(م١ ←—— س١) ←—— (م٢ ←—— س٢) ←—— (م٣ ←—— س٣) ...

وشەی یەکەم بۆ ڕووداوی قسەیی وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ (س١) دروست دەبێت لەبەر هەندێك لە کاریگەری ناوەوەی (م١) و دروستبوونی (س١) وەکو کاریگەر خزمەت دەکات و دەبێتە (م٢) و هەروەها دەبێتە کاریگەر بۆ وشەی دووەم (س٢) ... و بەم شێوەیە.

بلۆمفێڵد هەر لەزووەوە دەستپێشخەربوو لە داڕشتنی چەند شێوەیەك بۆ تیۆری ڕەوشتی لە تێڕوانینەکانی واتسۆن و دواتریش وێیس دا، هەروەها ئەو واتای شێوازی زمانی وا پێناسە کردووەو دەڵێت: ((ئەو هەڵوێستەیە، کە قسەکەر تێیدا قسە دەکات و ئەو وەڵامەشە، کە لە گوێگرەوە وەری دەگرێت))، هەروەها لە ڕێگەی دەربڕینی شێوەی زمانییەوە قسەکەر هانی گوێگرەکەی دەدات بۆ وەڵامدانەوەی هەڵوێستێك، ئەم هەڵوێستە و ئەو وەڵامدانەوەیە هەردووکیان واتای زمانی شێوازن.

هەروەها بلۆمفێڵد لە {ڕێبازە ڕەوشتییەکەیدا} دوو ئاراستەی گشتی خستە بەردەست:–

١– باوەڕنەبوون بە هۆشەکی (بیرەکی).

٢– باوەڕبوون بە ڕوودان، کە زۆرجار بە positivism (واتە فەلسەفەی ئەرێنی– ئەوەی ڕوویداوە و دۆزراوەتەوە)، یان بە physicalism (سروشتیبوون) ئاماژەی بۆ دەکرێت.

هەروەها ئەو ئەو نموونەیەی کەوا بۆ ((ڕووداوی قسەیی speech- event)) هێنایەوە بەم شێوەیە بوو:

جاك و جێل بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشتن– جێل سێوێك بە دارێکەوە دەبینێت– و جێل لەبەرئەوەی برسیتی بە جاك دەڵێت سێوەکەی بۆ بێنێت– جاك بە دارەکە هەڵدەگەڕێت و سێوەکەی بۆ دێنێت و

دەیداتێ- جێل سێوەکە دەخوات. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٦٠- ٦٢) ((جا ئەگەر جێل هەر خۆی بوایە، ئەوا خۆی ئەم کارەی ئەنجام دەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر خۆی نییە، ئەوا بۆیە ڕووداوێك لە شێوەی گوتندا دێتە نێوان (کار و کاردانەوە) و گوتنەکە دەبێتە کارێکی زمانی، وەك:

S............... r............... s............... R

خواردن سێو هێنان برسیمە برسی بوون

لێرەدا (r) ڕووداوێکی گوتنەو (s) کاردانەوەیەتی لە (گوێگر) هەموو کاردانەوەیەك، کە قسەی تێ بکەوێ بریتی دەبێ لە سێ بەش:

١- S
٢- R
ڕووداوی کارەکین

٣- r........s ڕووداون لە شێوەی گوتن

بەشی (١- ٢) بەندن بە یەکترەوە بە هەردووکیان (ناوەڕۆك) پێکدێنن، بە پێچەوانەشەوە بەشی (٣) شریتێکی دەنگییە، کە (فۆڕم، یان گوتن) پێکدێنێ)). (عبدالواحد مشیر دزەیی، ٢٠١٠: ٦٠-٦١)

ئەم تیۆرە لەسەر دەستی فەیلەسوفی ئەمریکی "چارلس مۆریس Charles Morris" بەرەوپێشچوو، کە تێبینی ئەوەی کرد لەیەك کاریگەری وەڵامەکان زیاددەبن. واتە بەشداربوونی واتاکان لەیەك شێوەی زمانییدا، ئەمەش چونکە دەربڕاو بەهایەکی ڕەوشتی و چەند مانایەکی لابەلا لەخۆدەگرێت و وەڵامدانەوەی جۆراوجۆری لێ دروست دەبێ. هەروەها مۆریس چەند ڕۆنان و دەستەواژەیەکی زمانی بینی، کە ناچنە ژێر پێوەرەکانی ئەم تیۆرە. پاشان بۆشایی زانستی ڕوون و ئاشکرا بینرا کە ئەم تیۆرە نەیتوانی پڕیان بکاتەوە. (منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٨٨)

لێرەدا هەندێك لە ڕەخنە و ناتەواوییەکانی ئەم تیۆرە دەخەینەڕوو:

١- بۆ نموونە کاتێك کە گوێگر گوێی لە ڕستەیەکی وەك: ((کوڕەکەت نەخۆشە)) دەبێت، ڕەنگە مەیلی ئەوەی هەبێت بۆ لای کوڕەکەی بچێت، بەڵام هەندێك ڕستەی تر هەن کە لە چوارچێوەی گرنگیدانە کردارییە دەستبەجێکان دەردەچن و ناتوانرێت ئەو مەیلەی تێدا بەدی بکرێت.

٢- تەنانەت لە ڕستەی ((کوڕەکەت نەخۆشە.))شدا مەیلی چوون بۆ لای دروست ناکات، مەگەر کەسەکە گرنگی بە کوڕەکەی بدات، یان باوەڕی بە ڕاستی قسەی قسەکەرەکە هەبێت، یان سەبارەت بەو هەواڵەکە هەواڵێکی نوێ بێت. تەنانەت لەگەڵ ئەو مەرجانەشدا خواستەکە (کارەکە) ڕوونادات مەگەر پێویست نەبێت.

٣- هەروەها ئەگەر بێت و گوێمان لە هەموو ئەوشتانە بێت کە بە واتای ڕستەوە بەستراونەتەوەو ئێمەش لە بەرامبەریدا کاردانەوەیەکمان هەبێت، ئەوا دەکەوینە ناو شتانێك کە هیچ پەیوەندییەکیان بە واتاوە نییە. بۆ نموونە ئەگەر وامان دانا کەسێك گوتی: ((ڕۆژ بە پێوانەی ٩٧ ملیۆن میل لە زەوی یەوە دوورە))، ئەم ڕستەیە مەیلێکی کاریگەری لای کەسێك دروست بکات و لە سەرسوڕماندا دەمی بکاتەوە، ئەمە ڕوونە کە ئەو مەیلە (کاردانەوە) و ئەو سەرسوڕمانییە هیچ پەیوەندییان بە واتای ڕستەکەوە نییە. ئەگەر بێت و ((وەڵامدانەوە)) پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕستەوە هەبێت یاخود نا، ئەمە خاڵێکی لاوازییە بۆ تیۆری ڕەوشتی بە گشتی و بۆ لێکدانەوەی "مۆریس"بە تایبەتی.

٤- لە کۆتاییدا ((تیۆری مەیل)) سەرکەوتوو نەبوو لەوەی کەوا ئەوە بسەلمێنێ کە مەیلێکی دیاریکراوی پەیوەندار بە هەموو وشە و دەربڕینەکان هەبێت و بڕیار لەسەر ڕەوشتی زمانی ڕۆژانەمان بدات. هەروەها نەیتوانی شێوەکانمان پێشکەش بکات لە هەڵوێست و ئارەزوو و وەڵامدانەوە دابەشکراوەکان بەو شێوەیەی کەوا تیۆرەکە دەیویست. واتا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ جۆراوجۆر نابێت، سەرەڕای هەموو ئەو هۆکارانەی کە لەو تیۆرەدا بە دابەشبوونە جیاوازییەکانییەوە تیشکی خرایە سەر. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٦٦- ٦٧)

لەبەرئەوەی دژواتا بە گشتی و فرەواتا بە تایبەتی پەیوەندییەکی توندو تۆڵ و پتەوییان بە سیاقەوە هەیە، بۆیە لێرەدا بە باشمان زانی بە تێرو تەسەلی باس لە سیاق و جۆرەکانی و تیۆرەکەی بکەین.

### ١-٢-٤-٤: تیۆری سیاقی:

وشە بەهای واتایی خۆیی لە چوارچێوەی ئەو سیاقەوە وەردەگرێت، کە تێیدا بەکاردێت، لەبەرئەوە دەبینین هەندێك لە زاناکان دەڵێن: دەستنیشانکردنی واتای وشە پێویستی بە دەستنیشانکردنی هەموو ئەو سیاقانە هەیە، کە تێیدا دەردەبڕدرێت، چونکە وشە چەندین بەکارهێنانی هەیە لە سیاقدا و هەر سیاقێك دەستنیشانی یەکێك لە واتاکان دەکات و بەمە دەستنیشانی واتای مەبەست لە وشە دیاری دەکرێت و سیاق ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە مەدا. (لیندة زواوي، ٢٠٠٨: ٢٤) ڕێبازی تیۆری سیاقی بە یەکێك لە بابەتی ترین و نزیکترین ڕێباز دادەنرێت بۆ واتا، لەبەرئەوەی نموونەیەکی کرداری بۆ دەستنیشانکردنی واتای شێوە زمانییەکان پێشکەش دەکات. (منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٨٨) قوتابخانەی لەندەن بە ڕێبازی سیاقی (Contextual Approach) یان ڕێبازی کرداری (Operation Approach) ناسرا. سەرۆکی ئەم ئاراستەیە "فێرس" بوو، کە جەختێکی زۆری لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان کردەوە، هەروەها چەند کەسانێکی تری وەك: ((هالیدەی و ئینتۆش و سینکلایەر و میشێل)) پەیوەندییان بەم تیۆرە کرد. واتای وشە لای لایەنگرانی ئەم تیۆرە بریتییە لە: (بەکارهێنانی لە زماندا)، یان (ئەو ڕێگەیەی تێیدا

بەکاردێت)، یان (ئەو ڕۆڵەی کە پێی هەڵدەستێت). (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٦٨) مارتینی دەڵێت: ((لە دەرەوەی سیاق وشە واتای نابێت)). (سالم شاکر، ١٩٩٢: ٣١)

هەروەها "فێرس" دەڵێت: ((واتا لە چوارچێوەی سیاقی یەکەی زمانییدا نەبێت نادۆزرێتەوە)). واتە دانانی لە سیاقە جیاوازەکان واتا دەبەخشێت. لەبەرئەمە خاوەنەکانی ئەم تیۆرە تێڕوانینی خۆیان خستەڕوو و گوتیان:"زۆربەی یەکە واتاییەکان لەپاڵ یەکەکانی تر دێن و ناتوانرێت واتای ئەم یەکانە وەسف بکرێت یان دەستنیشان بکرێت، مەگەر بە تێبینیکردنی یەکەکانی تر نەبێت، کە دەکەونە چواردەوری". لەبەر داکۆکیکردنیان لەسەر ئەو سیاقە زمانییانەی، کە وشەی تێدا بەکاردەهێنرێت و گرنگی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی وشە بە وشەکانی تر ئەوەیان ڕەتکردەوە، کە گەیشتن بە واتای وشە لە ڕێگەی بینینی ئاماژەبۆکراو، یان وەسفکردنی، یان پێناسەکردنی بێت. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٦٨- ٦٩)

## ١-٢-٤-٥: جۆرەکانی سیاق:

سیاق بە شێوەیەکی گشتی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێت، ئەوانیش بریتین لە:

- سیاقی زمانیی
- سیاقی نازمانی (ليندة زواوي، ٢٠٠٨: ٢٤)

"ئامیر" سیاقی بۆ چوار پۆل دابەش کرد:

١- سیاقی زمانی
٢- سیاقی هەست و سۆز
٣- سیاقی شوێنی "شوێن، یان بار (دۆخ)"
٤- سیاقی ڕۆشنبیری، یا کۆمەڵایەتی (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٦٩)

شایانی باسە سێ جۆرەکەی کۆتایی سیاقی نازمانی دەگرنەوە.

## ١-٢-٤-٥-١: سیاقی زمانیی:

ئەو بنچینە زمانییەیە، کە دەنگ، یان فۆنیم، یان مۆرفیم، یان وشە، یان دەستەواژە، یان ڕستە لەخۆدەگرێت. (محمد علي الخولي، ١٩٩١: ١٥٦) مەبەست لە سیاقی زمانی ئەو واتایەیە، کە بە سیاقی زمانی، یان بە سیاقی خودی دەربڕین (وشە) بەستراوەتەوە، یاخود ئەو واتایەیە، کە بە پێی سیاقەکە دەستنیشان دەکرێت. (عزمي إسلام، ١٩٨٥: ٦٥- ٦٦) ئەمەش بەرهەمی بەکارهێنانی وشەیە لە چوارچێوەی یاسای ڕستەدا، یان لە ئەنجامی هاتنی وشەیەکە لەپاڵ وشەی تری جیاواز، یان لە ئەنجامی جێگۆڕکێکردنی وشەکان لەناو ڕستەدا دروست دەبێت، ئەمەش لە هەردوو حالەتدا

وادەكات وشە واتایەكی تایبەت و دەستنیشانكراوی هەبێت، ئەمەش پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە وشە فرەواتاو دژواتاكان هەیە. بۆ نموونە وشەی ((سەر)) لە هەر یەك لە دەستەواژەكانی:

- سەری مرۆڤـ .
- سەری مەنجەڵ.
- سەری قوتوو.

لە یەكتر جیاوازن و واتای جیاوازییان هەیە.

هەروەها لە هەردوو ڕستەی:

١- شێروان خوێندنەوەی كتێبەكەی تەواوكرد. واتاكەی جیاوازە لەگەڵ ڕستەی:

٢- خوێندنەوەی كتێبەكە شێروان تەواوی كرد.

چونكە ڕستەی یەكەم واتای ئەوە دەدات كە تەنها خودی شێروان كتێبێكی لەبەردەستدابووەو خوێندوویەتیەوەو خوێندنەوەكەشی تەواوكردووە. بەڵام ڕستەی دووەم واتای ئەوە دەدات كە چەند كەسێكی تر پێش شێروان بەشێكی كتێبەكەیان خوێندۆتەوە، دواتر لە كۆتاییدا ئەوەندەی ماوەتەوە لە خوێندنەوەی كتێبەكە شێروان تەواوی كردووە.

### ١-٢-٤-٥-٢: سیاقی هەست و سۆز:

هەرچی سیاقی هەست و سۆزو كاریگەرییە دەستنیشانی واتای شێواز، یان ڕۆنان دەكات لە پێوانەی هێز، یان بێهێزی كارتێكردندا. لەگەڵ ئەوەی كە هەردوو یەكە زمانییەكە لە بنچینەی واتادا هاوبەشن، بەڵام لە واتادا جیاوازن، ئەمەش وەكو ئەو جیاوازییەی لە نێوان واتای هەردوو وشەی (أغتال) و وشەی (قتل)دا هەیە لە زمانی عەرەبی. سەرەڕای هەبوونی بەها كۆمەڵایەتییەكان، كە دوو وشەكە دەستنیشانی دەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا لێرەدا ئاماژەیەك هەیە بۆ پلەی سۆز و كارتێكردنەكە، كە یاوەری كارەكە دەكات، ئەگەر بێت و یەكەم واتای ئەوە نیشان بدات، كە كوژراوەكە پلەو پایەیەكی كۆمەڵایەتی بەرزی هەبووە و كوشتنەكەش لەبەر هۆكاری سیاسی بووە، ئەوە كاری دووەم واتای جیاواز لە واتای یەكەم هەڵدەگرێت، ئەم واتایانەش ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن، كە كوشتنەكە لەوانەیە بە دڕندەیی بووبێت. ئامێری (قتل)ش جیاوازە لە ئامێری (إغتیال)، لەگەڵ ئەوەی، كە كوژراوەكە خاوەن پلە و پایەیەكی كۆمەڵایەتی بەرز نییە. (منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٩٠)

هەروەها لە زمانی كوردیشدا وشە هەیە هەڵگری واتای هەست و سۆز و كاریگەرییە، وەك لە نێوان وشەكانی:

(درۆ – ناڕاست)، هەروەها (كوێر – نابینا) بەدی دەكرێت، كە ئەگەر چی جووتە وشەكانی ناو كەوانەكان ئاماژە بۆ هەمان واتا دەكەن، بەڵام واتایەكیان لەوەی تر پەسەندترە لە كۆمەڵگادا، بۆیە

لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەردوو وشەی (درۆ، کوێر) نەرێنییە، بەڵام هەردوو وشەی (ناڕاست و نابینا) بە ئەرێنی لەبەرچاو دەگیرێ، کە ئەمەش پەیوەستە بە هەست و نەست و پلەی ڕۆشنبیری قسەکەر.

### ١-٢-٤-٥-٣: سیاقی شوێنی، یان بارودۆخ:

ئەمەش هەڵوێستی دەرەکی دەگرێتەوە، کە دەکرێت وشە بکەوێتە ناویەوە و واتاکەی بگۆڕێت بە گوێرەی گۆڕانی بار یان شوێنەکە. زمانەوانەکان زاراوەی ((واتای شوێنی))یان بۆ ئەم واتایە بەکارهێناوە. (منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٩٠)

هەروەها سیاقی شوێنی واتا دۆخی دەرەکی، کە دەکرێت وشە بکەوێتە ناویەوە، وەکو بەکارهێنانی وشەی (یرحم) لە زمانی عەرەبیدا. بۆ نموونە: ئەگەر یەکێك پژمی پێی دەگوترێت: ((یرحمك الله))، کە ئەمەش بە "کار" دەستی پێکردووە، بەڵام لە شوێنێك کە کەسێك دەمرێت دەگوترێت: ((الله یرحمە))، واتە لێرەدا ڕستەکە بە "ناو" دەستی پێکردووە. جا بۆیە لە ڕستەی یەکەمدا بە واتای داوای الرحمة (بەزەیی) لە دونیا دێت و لە ڕستەی دووەمدا داوای الرحمة (بەزەیی)یە لە قیامەت. سیاقی شوێنیش وەکو سیاقی زمانی پاش و پێشکردنی وشە لەخۆدەگرێت. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٧١)

هەروەها لە زمانی کوریشدا گۆڕینی شوێنی وشە لە ناو ڕستەدا واتای ڕستەکە دەگۆڕێ، وەك:

١- باشووری کوردستان. واتە: کوردستان یەك وڵاتە.

٢- کوردستانی باشوور. واتە: کوردستان چەند پارچەیەکە.

### ١-٢-٤-٥-٤: سیاقی ڕۆشنبیری، یان کۆمەڵایەتی:

سیاقی ڕۆشنبیری ئەو بەها ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانەن، کە دەچنە سەر وشە، وشە تیایاندا واتایەکی دەستنیشانکراو وەردەگرێت. زاناکانی زمان ئاماژەیان بەپێویستی هەبوونی ئەم سەرچاوە ڕۆشنبیرییە کردووە لای خەڵکانی خاوەن زمانێك، تاکو پەیوەندی و گەیاندن تەواو بکات. (منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٩٠) بۆ نموونە: وشەی ((ڕەگ)) لای جووتیار واتایەکی هەیە و لای زمانەوان واتایەکی تری هەیە و لای بیرکاریناسیش واتایەکی تری هەیە.(احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٧١)

### ١-٢-٤-٦: بۆچوونەکان لە بارەی واتای دەوروبەر (سیاقی) Contextual meaning:

واتای سیاقی دوو بۆچوون لەخۆ دەگرێت :

بۆچوونی یەکەم: واتای دەربڕین بە گوێرەی ئەو سیاقە زمانییەی، کە دەربڕینەکەی تێدا دەگوترێت دەستنیشان دەکرێت، بەوپێیەی کەوا واتای دەربڕینەکە دەبێتە بەشێك لە واتای هەموو سیاقەکە.

بۆچوونی دووەم: سیاق یەك واتای هەیە، واتاکەش لەسەر بنەمای واتای ئەو دەربڕینانەی، کە تێیدا دەردەبڕێن و ئەو پەیوەندییانەی کە بەیەکیان دەبەستێتەوە لە ڕۆنانێکدا دەستنیشان دەکرێن.

هەردوو بۆچوونەکە ئەگەر جیاوازیش بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان یەکتر تەواو دەکەن. بۆچوونی یەکەم تایبەتە بە واتای دەربڕین (وشە)، بەو وەسفەی، کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی دەستەواژە. بۆچوونی دووەمیش تایبەتە بە واتای دەستەواژە، بەو وەسفەی دەستەواژە لە واتای بەشەکان یان پێکهاتەکان دروست دەبێت، لەگەڵ ئەو پەیوەندییانەی کە بەیەکیان دەبەستێتەوە. (عزمي إسلام، ١٩٨٥: ٦٥)

تاکە وشە زۆرجار (لە کاتی تەنگانە)دا شوێنی دەربڕینی تەواو دەگرێتەوە، هەروەکو لە هاوارکردنی ((ئاگر)) لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا. لەم بارەدا جولانەوە لاشەییەکان و ئاواز و هەڵوێستی زمانی هەموویان هاوکارمانن بە بەڵگەی پێویست بۆ تێگەیشتن. دەنگ و وشە و ڕۆنانی ڕێزمانی، ئەمانە سێ یەکەن بۆ پەیوەندی قسەکردن. (ستیفن اولمان ، ١٩٧٥: ٣٢)

لە ڕاستیدا تاکە واتا کە گرنگە بۆ کێشەکەی ئێمە بریتییە لە واتا باوەکەی وشە، بە واتە ڕێکخستنی دەنگی بۆ وشە و شوێنی لەم ڕێکخستنەدا بە فراوانترین واتای ئەم دەستەواژەیە. کەوابێ سیاق بە گوێرەی ئەو لێکدانەوەیە تەنیا وشە و ڕستە ڕاستەکانی پێش و دوای خۆی ناگرێتەوە، بەڵکو پارچەکە بە گشتی و هەموو پەرتوکەکەش دەگرێتەوە.

ئەگەر بێت و تیۆری سیاق بە وردی جێبەجێ بکرێت، ئەوا بە بەردی بناغەی واتاسازی دادەنرێت. لە ڕاستیدا ئەم تیۆرە لە بەدەستهێنانی کۆمەڵە ئەنجامێکی پڕشنگدار لەم ڕووەوە دەستپێشخەری کردووە. ئەم تیۆرە شۆڕشێکی هەڵگیرساندووە لە ڕێگەکانی شیکردنەوەی ئەدەبیدا، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بۆ واتا دەستەبەرکرد بە پشت بەستن بە بنەمای نوێی جێگیرتر، هەروەها هۆکاری هونەری نوێی پێشکەش کردین بۆ دەستنیشانکردنی واتای وشەکان. (سەرچاوەی پێشوو، ٥٧، ٦١)

### ١-٢-٤-٧: تیۆری بەکارهێنان:

لایەنگرانی ئەم تیۆرە دەڵێن واتای وشە بە پێی چۆنیەتی بەکارهێنانمان دەستنیشان دەکرێت. ئەم تیۆرەش دوو شێوەی هەیە: یەکێکیان بەکارهێنان بۆ جۆرێك لە ڕێکەوتن یان دەستوور دەگەڕێنێتەوە و پێی دەگوترێت ((تیۆری بەکارهێنانی ڕێککەوتنی)). ئەوی تریان بەکارهێنانەکە بۆ کۆمەڵێك ڕێکخستن و ڕێزمان دەگەڕێنێتەوە و پێی دەگوترێت ((تیۆری ڕێزمانی بەکارهێنان)). (عزمي إسلام، ١٩٨٥: ٦٥– ٦٦)

## ١-٢-٤-٧-١: تیۆری بەکارهێنانی ڕێککەوتن:

دەستپێکەرانی ئەم تیۆرە دەڵێن واتای وشە دەوەستێتە سەر ئەو سیاقەی، کە لێی ڕاهاتووینە، یان ئەو سیاقەی، کە وشەکەی تێدا بەکاردێنین. لێرەدا جۆرێك لە دەستوور یان ڕێککەوتنی نێوخۆیی هەیە لە بەکارهێنانی وشە لە سیاقێکی ئاواو هاتنی بە واتایەکی ئاوا. دواتر ڕاهاتووینە لە بەکارهێنانی بە واتایەکی ئاوا، ئەمەش بریتییە لە فرە بەکارهێنانی ڕێکەوتنی وشەکە. دەکرێت بڵێین ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی گشتی لەو لێکدانەوانە سەرچاوە دەگرێت، کە "ویتگنشتین" لە زماندا کارییپێکرد، بەتایبەتی لە فەلسەفەکەیدا، کە لە کتێبێك دەردەکەوێت بەناونیشانی ((لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان))، تێیدا گوتە بەناوبانگەکەی دەربڕیوە، کە دەڵێت: ((بەدوای واتا مەگەڕێ، بەدوای بەکارهێنان بگەڕێ))، واتە بەدوای واتای وشە مەگەڕێ، بەڵکو بە دوای بەکارهێنانی بگەڕێ. هەروەها ئەو جەخت لەسەر ئەو بۆچوونە دەکاتەوە و دەڵێت: ((ڕوونبوونەوەی واتای وشە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەردەکەوێت)) و دواتر ((تۆ لە واتای وشە دەگەیت، چونکە تۆ هەموو بەکارهێنانەکانی دەزانی)). واتای وشە (بە پێی بارودۆخە جیاوازەکان دەستنیشان دەکرێت، کە وشە لە چوارچێوەیدا بەکاردێت). ئەو ئەم بۆچوونە دووپاتدەکاتەوە، کە واتای وشە تەنها بە بەکارهێنانی ڕوون دەبێتەوە، هەروەکو لە بیرکاریدا دەگوترێت: ((لە بەڵگە گەڕێ با بۆت ڕوون بکاتەوە لەوەی دەتوانێ بیسەلمێنێت)).

هەروەها ئێمەش دەڵێین: ((لە وشە گەڕێ با فێرت بکات و واتای خۆیت بۆ ڕوونبکاتەوە)). ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەبێت، تەنانەت ویتگنشتین وشە و ناوەکان لە کاتی بەکارنەهێنانیان بە لاشەی مردوو دەچوێنێت و دەڵێت: ((هەر وشەیەك لەناوەخۆیدا وەکو شتێکی مردوو وایە. پرسیاریش ئەوەیە ئەی چی ژیانی پێدەبەخشێت؟ وەڵامیش ئەوەیە، کە لە کاتی بەکارهێنانیدا دەبێتە شتێکی زیندوو)). (عزمي إسلام، ١٩٨٥: ٦٦- ٦٧)

– لێرەدا لایەنێکی تری گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە وشە لە هەرجارێکدا لە بارودۆخێك بەکاربێت بە شێوەیەکی کاتی دەستنیشانی واتاکەی دەکرێت، تەنها دەوروبەر یەك واتا بەسەر وشە دەسەپێنێت. دەوروبەر کۆتایی بە واتا ڕابردووەکانی تری وشە دەهێنێت، کە لە مێشکی مرۆڤدا هەیە و واتایەکی ئامادەبووی پێدەبەخشێت. وشە بە گشتی بە هەموو واتایەکییەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە زیهن (ئاوەز)دا هەیە، بەڵام بەکارهێنانە جیاوازەکانی بە گوێرەی بارودۆخ دەردەبڕێت و بەکاردێت. (محمد حسين آل ياسين، ١٩٧٤: ٥٦- ٥٧)

((وشە واتاکەی ڕوون نابێتەوە تەنیا لە بەکارهێنانی نەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین: واتای وشە بریتییە لە کۆی بەکارهێنانەکانی. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە دەتوانین نموونە بهێنینەوە، وەك وشەی "مێز table" ئەم وشەیە لە ڕوالەتدا سادە بەرچاو دەکەوێت. ئەو وشەیە واتای چی یە؟

ناتوانین دەستنیشانی واتاکەی بکەین، چونکە لە دەرەوەی چوارچێوەیەکی دیاریکراودایە، ئەم وشەیەش واتای جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ وەردەگرێت بە پێی ئەو چوارچێوانەی، کە تیایدا بەکاردێت. بۆ نموونە:-

چوارچێوەی ١= مێزی نان خواردن. Table de sale amanger

چوارچێوەی ٢= مێزی خشتەی ماتماتیك. Table de mathmatiques

چوارچێوەی ٣= مێزی ژووری نوستن. Table de unit

چوارچێوەی ٤= مێزی کردەکان (نەشتەرگەری). Table d’ operation

چوارچێوەی ٥= مێزی جولاو. Table tournate

چوارچێوەی ٦= مێزی شەپکەدارێکی لووس. Table rase

چوارچێوەی ٧= مێزی خشتەی ئەلفبا. Table alphabetique

چوارچێوەی ٨= مێزی خشتەی بابەتەکان. Table matieres

چوارچێوەی ٩= مێزی مێزگرد- کۆبوونەوە. Table rounde

چوارچێوەی ١٠ = مێزی ئامێری بیستن لە تەلەفۆن. Table d’ ecoute

چوارچێوەی ١١= مێزی دانوستان. Table negociations

چوارچێوەی ١٢= مێزی خشتەی لۆگاریتم. Table Logarithmes

چوارچێوەی ١٣= مێزی نوسینگە. Table de travail هتد ... لە چوارچێوەی جیاوازدا)).

(کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان، ٢٠٠٦: ٣٠- ٣١)

## ١-٢-٤-٧-٢: تیۆری یاساکانی بەکارهێنان Rules of use Theory:

لایەنگرانی ئەم تیۆرە دەڵێن: وشە، یان هێماکان- بە پێچەوانەی نیشانە سروشتییەکان- هیچ واتایەکی ناوەوە یاخود ناوەکییان نییە، واتە هێما واتای نابێت، مەگەر بە پێی هەبوونی یاسایەك نەبێت، کە بەکارهێنانەکە بەڕێوەبەرێت. دواتر ئەم یاسایە دەبێتە واتای هێماکە.

لەم بارەیەوە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ئەم تیۆرە پێچەوانەی تیۆرەکەی پێشوو نییە، ئەگەر تەواوکەری نەبێت، بەڵکو وەکو گوتمان گەشەپێکردنی تیۆرەکەی ترە، بەوەی، کە دەکرێت بڵێین (واتای وشەکان پەیوەستە بە ڕێکەوتن یان دانانی)، بەڵام ئاماژە بە هەبوونی یاسایەکی ڕوون دەکات بۆ بەکارهێنانی وشەکان و بەکارهێنانی وشەکان بە گوێرەی ئەو یاسایە وادەکات وشەکان خاوەن واتا بن، ئەگەرنا نەمان دەتوانی جیاوازی لە نێوان بەکارهێنانی دروست و بەکارهێنانی نادروست بۆ وشە بکەین. بەواتا چەندێتی پابەند بوون بە یاساکانی بەکارهێنان پێوانەی دروستی بەکارهێنانەکەیە، بەوەی کەوا بەکارهێنانی دروست لەگەڵ ئەو یاسایانە ڕێکدەکەوێ کەوا چالاکی وشەیی بەڕێوە دەبات، لە کاتێکدا، کە بەکارهێنانی نادروست لەگەڵ ئەم یاسایە ڕێك ناکەوێ. زۆرجار ئەم یاسایە بە یاسای یارییە جۆراوجۆرەکان دەچوێندرێت، کە بڕیار لەسەر ڕەوشتی

یاریزان دەدات لەکاتی یاریکردنیدا. ئەم کارەش پاڵی بە "ویتگنشتین" نا، کە ڕێگەکانی بەکارهێنانی وشە لە سیاقی جیاوازدا ناوبنێت بە ((یارییەکانی زمان Language – games)).

هەروەها ویتگنشتین لە کتێبەکەیدا بەناوی ((لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان)) گوزارشتی لەم واتایە کردووە، کاتێك، کە هەر ڕێگەیەك لە ڕێگەکانی بە پێی ئەوەی باسمان کرد ناوناوە بەوەی، کە یارییەکە لە یارییەکانی زمان، چونکە لەو یارییە دەچێت، کە مرۆڤ یاری پێدەکات، ئەمەش بە یاری شەترەنج دەچوێنێت، چونکە پارچەکانی شەترەنج لە وشە دەچێت، کە لە زماندا بەکاریان دێنین، هەروەك کە هەر پارچەیەك لە پارچەکانی شەترەنج بە پێی یاسایەکی دیاریکراو دەجولێندرێن ئەویش بریتییە لە یاساکانی یارییەکە. بەم شێوەیەش بەکارهێنانەکانمان بۆ وشە بە گوێرەی یاسایەکی دیاریکراو دەبێت، ئەم یاسایەش بەکارهێنانی زمان بەڕێوە دەبات.

لە کۆتاییدا ئەو لەو بارەیەوە دەڵێت: ((ئەو پرسیارەی کە دەکرێت: لەوەی ڕاستی وشە چییە؟ هاوشێوەی ئەو پرسیارەیە، کە دەکرێت: پارچەکانی شەترەنج چییە؟)). لێرەدا کۆتا قسەش ئەوەیە: کە ئێمە دەتوانین هەر ڕێگەیەك بۆ بەکارهێنانی وشەکان لە لایەنێکی دیاریکراو، بە یارییەك لە یارییەکانی زمان ناوبنێین. (عزمي إسلام، ١٩٨٥: ٦٧- ٦٨)

## ١-٢-٤-٨: تیۆری شیکردنەوەی پێکهاتەی واتایی:

ئەم تیۆرە گرنگی بە شیکردنەوەی وشە بۆ پێکهاتە و یەکەکان دەدات. (منقور عبدالجليل، ٢٠٠١: ٩١) ئەم تیۆرە بۆ یەکەم جار لەلایەن "لایب نیتس"ەوە خراوەتەڕوو، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە واتاسازییەکانەوە مۆدێلێکی بۆ ڕێگاچارە جیاوازەکان بەدەستهێنا. قوتابخانەی کۆبنهاگن لە ڕێگەی بۆچوونەکانی (یەلمزلف) و قوتابخانەی پراگ لە ڕێگەی (یاکۆبسن)ەوە بەرگێکی زانستیان کردەبەر ئەوەی، کە لایب نتس بە شێوەیەکی سادە خستیەڕوو، هەرچەندە ئەم دووانە دوو ڕێگەی جیاوازییان هەڵبژاردبوو، بەڵام بنەمای کارەکان کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشی لەخۆگرتبوو. یەلمزلف و یاکۆبسن پێیان وابوو ئەوەی، کە "ترۆبتسکی" لە ژێر ناونیشانی سیماجیاکەرەوەکان لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژیدا خستوویەتیەڕوو، دەشێ لە لێکۆڵینەوە ڕێزمانی و واتاسازییەکاندا سوودی لێ وەربگیرێ. لە نێوان ئەو زمانەوانانەی کە دوای یەلمزلف و یاکۆبسن لەم گۆڕەپانە هەنگاویان ناوە، دەتوانین ناوی "کاتز و فۆدەر" بێنین. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوو واتاناسە بنەمایەکی ڕوون و ئاشکرایان لەخۆگرتبوو. (کوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٣٠- ٣١)

کاتز و فۆدەر شیکردنەوەیەکی پوختیان بۆ وشە و واتاکانی وشە کردووە. بۆ ئەم مەبەستە سێ یەکەیان ژمارد، کە تیایدا وەکو کلیلێك بۆ لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی دانراوەکان، کە وشەیان پێکدەهێنا بەکارهێنا، ئەمەش بۆ دەستنیشانکردنی واتای وشە بوو. ئەم یەکانەش بریتی بوون لە: دەستنیشانکردنی ڕێزمانی و دەستنیشانکردنی واتایی و دیاریکردنیان. گرنگی ئەم تیۆرە لە سروشتە ئەرکییەکەی دەستەبەر دەبێت، کە بۆ زۆربەی بوارەکانی زمان بەکاردێت، لەبەر

ئەوەی تیۆری کێڵگەی واتایی گرنگی بە شێوازی پۆلینکردن و واتاکانی دەدات لەسەر بنەمای شیکردنەوەی لقی بۆ شێوە، بۆیە لەگەڵ تیۆری شیکردنەوەیی بەیەك دەگەن، کە ئەوەی دووەم گرنگی بە دەستنیشانکردنی دروستکراوەکانی وشە لە چوارچێوەی تایبەتییەکان و جیاکارییە ناوەکییەکانی دەدات و دەستنیشانکردنی واتایی هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی واتای گشتی بۆ هەر پێکهاتەیەك. (منقور عبدالجليل، ٢٠٠١: ٩١– ٩٢)

خاوەنەکانی ئەم تیۆرە وایدەبینن بۆ ئەوەی لێکۆڵەر شیکردنەوەی پێکهاتەی واتا بکات، پێویستە لەسەری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بگرێتەبەر:

١– کۆکردنەوەی ژمارەیەك وشەی نزیك یەکتر، کە دەکرێت لەبەر هاوبەشییان لە کۆمەڵێك شێوە، یان پێکهاتەی واتایی کێڵگەیەکی واتایی تایبەت دروست بکەن .

٢– دەستنیشانکردنی ئەو شێوە، یان پێکهاتانەی کە دەکرێت بۆ جیاکاری و جیاکردنەوەی نێوان دەربڕینەکان لەیەکتر بەکاربهێنرێت. ئەمەش بە وەستان لەسەر گرنگترین شێوەکان دەبێت و هەر یەکێکیان لە چوارچێوەی گرنگترین شێوەکان دەبێت و هەر یەکێکیان لە چوارچێوەی خوێندنەوەی سیاقە جیاوازەکانی دەبێت.

٣– دانانی ئەو پێکهاتە لە شێوەی خشتەیەك، دواتر ڕوونکردنەوەی بەشی هەر دەربڕینێك تێیدا. هەندێك شیکردنەوە والێکدەدەنەوە، کە شیکردنەوە بۆ پێکهاتەکان درێژکردنەوەی تیۆری کێڵگەی واتاییە و هەوڵێکە بۆ دانانی تیۆرەکە لەسەر ڕێگایەکی پتەوتر. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت تیۆری کێڵگە قەبوڵ بکەین بەبێ شیکردنەوەی پێکهاتەکانی، یان بە پێچەوانەوە دەکرێت بڵێین، کە کۆمەڵانێکی بچووکی دیاریکراو لە وشەکان کێڵگەیەك پێکدەهێنن و پەیوەندی جۆراجۆر لەنێوانیاندا هەیە، بەبێ ئەوەی بۆ شیکردنەوە بۆ قۆناغی دەستنیشانکردنی یەکە پێکهاتووەکانی هەر وشەیەك بچین .

هەروەها دەکرێت مرۆڤ وشە شیبکاتەوە بۆ توخمە پێکهاتووەکانی بەبێ دانپیانان بە بۆچوونی کێڵگەی فەرهەنگی، یان بە هەر ڕۆڵێکی، کە دەیگێڕێت، ئەمەش بە هەوڵدانی کۆکردنەوەی پێکهاتە واتاییەکانی دەبێت، وەکو ئەوەی لە شیکردنەوەی واتای وشەی کورسیدا هاتووە. بۆ نموونە: کورسی= بێ گیان + دروستکراو + خاوەن دوو قاچ + تایبەت بۆ دانیشتنی کەس. (عبدالكريم محمد حسن جبل، ١٩٩٧: ٢٤– ٢٥)

واتە هەر وشەیەك خەرمانەیەکی واتایی بەدەورەوە هەیە، ئەویش کۆمەڵە تایبەتمەندییەکە ئاماژە بۆ سنووری واتای وشەکە دەکات، هیچ وشەیەك لەگەڵ وشەیەکی تر لە هەموو تایبەتمەندییەکاندا وەك یەك نابن، ئەگەر وەك یەك بوون هاوواتایی دروست دەبێ. بەڵام هەندێ

وشە لەنێو خۆیاندا لە هەندێ تایبەتمەندی واتاییدا هاوبەش دەبن. ئەو تایبەتمەندییانە بە سیما واتاییەکان ناودەنرێت.

بۆ نموونە وشەی (پیاو) لەگەڵ وشەی (کوڕ) لە هەندێ سیمادا هاوبەش و لە هەندێکیشدا جیاوازن:

پیاو: < + مرۆڤ ، + نێر، + هەراش، ± ژنهێنان >
کوڕ: < + مرۆڤ ، + نێر، − هەراش، − ژنهێنان >

بەڵام دوو وشەی (فرمێسك) و (ئەسرین) لە هەموو سیماکاندا هاوبەشن:
فرمێسك: < + شل، + سوێر، + لەچاودا دەڕژێ >
ئەسرین: < + شل، + سوێر، + لەچاودا دەڕژێ >
بۆیە فرمێسك = ئەسرین. (محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٣٦)

بەڵام کاتێك، کە سیمای وشەیەکی وەکو ((منداڵ)) وەردەگرین، ئەوا دەبێت نیشانەی (± نێر) بۆ دابنێین، چونکە وشەی ((منداڵ)) هەردوو ڕەگەزی "نێر" و "مێ" دەگرێتەوە.

## ١-٢-٤-٩: تیۆری بواری واتایی:

کێڵگەی واتایی، یان کێڵگەی فەرهەنگی بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەك، کە واتاکانیان بەیەکەوە پەیوەندارن، ئاسایی دەربڕینێکی گشتی کۆیان دەکاتەوەو لە ژێرییەوە دەخرێنەڕوو. نموونەی ئەمەش وشەی (ڕەنگەکان)ە، ئەویش دەکەوێتە ژێر زاراوەی گشتی (ڕەنگ) و ئەم جۆرە دەربڕینانە لەخۆدەگرێت، وەکو: سوور – شین – زەرد – سەوز – سپی... هەتا کۆتایی.

"ئۆلمان" بەم شێوەیە پێناسەی کردووە و دەڵێ: ((بریتییە لە پارچەیەکی تەواو لە بابەتی زمانی، گوزارشت لە بوارێکی دیاریکراو دەکات لە شارەزاییدا)). "لاینز"یش دەڵێ: ((کۆمەڵێکی بەش بەشی وشەکانی زمانە)). ئەم تیۆرە دەڵێ: ((بۆ ئەوەی لە واتای وشەیەك بگەی پێویستە لە واتای هەموو ئەو وشانە بگەی، کە واتاییانە پەیوەندییان پێیەوە هەیە)). هەروەها "لاینز" دەڵێت: پێویستە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان وشەکان لەناو کێڵگەی واتایی بکرێت، بۆیە وا پێناسەی واتای وشە دەکات و دەڵێت: ((واتای وشە بە هۆی پەیوەندی بە وشەکانی تر دەستەبەر دەبێت لەناو کێڵگەی فەرهەنگیدا)). ئامانجی لێکدانەوەی کێڵگەی واتاییەکان بریتییە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو وشانەی کەوا تایبەتن بە کێڵگەیەکی دیاریکراو و دەرخستنی پەیوەندی هەریەکێکیان بەوەی تریان و بە زاراوە گشتییەکە.

لەپاڵ ئەمەدا لایەنگرانی ئەم تیۆرە هاوڕان لەسەر ئەم بنەمایانە:–

١– هیچ یەکەیەکی فەرهەنگی نییە بۆ کێڵگەیەکی دیاریکراو نەگەڕێتەوە.

٢- ناکرێت لەو سیاق (دەوروبەر)ە بێ ئاگابین، کە وشەکەی بۆ دەگەڕێتەوە (تێدا بەکاردێت).

٣- گۆڕانی لێکۆڵینەوەی وشە سەربەخۆکان لە ڕۆنانە ڕێزمانییەکەی.

هەندێکیان چەمکی بواری واتاییان فراوان کرد، تاکو ئەم جۆرانەی خوارەوە بگرێتەوە:

١- وشە هاوواتاکان و وشە دژواتاکان. A. Jolles[١] یەکەم کەس بوو وای لە قەڵەمدا، کە دەربڕینە هاوواتاکان و دژواتاکان لە بواری واتایی دان.

٢- بارستە داتاشراوەکان بە بواری واتایی مۆرفۆلۆجی(morpho- Semantic fields) ناونرا.

٣-بەشەکانی ئاخاوتن و پۆلینکردنە ڕێزمانییەکانی.

٤- کێڵگەی ئاسۆیی، کە کۆمەڵە وشەیەك دەگرێتەوە، لە ڕێگای بەکارهێنانەوە بە یەکتر دەبەسترێنەوە، بەڵام هەرگیز ناکەونە یەك شوێنی ڕێزمانی.

W.porzig [٢] یەکەم کەس بوو کە لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە کێڵگانەی کرد، ئەمەش کاتێك، کە گرنگی بە وشەکاندا. وەکو:

سەگ – حەپە حەپ
ئەسپ – حیلەحیل
گوڵ – دەکرێتەوە هیتریش.

هەندێکیان پەیوەندی نێوان وشەکانی کێڵگەی ئاسۆیی دابەش دەکەن بۆ دوو بەش:

أ- ڕوودانی هاوبەش
ب – جیاوازی

یەکەمیان ئەمانە لەخۆدەگرێت و دەتوانرێت بگوترێت:

Travel by foot.

Wander by foot.

Go by foot.

---

(١). ناوی تەواوی جۆهانز ئەندریاس جۆلیس Johannes Andreas Jolles ە، بە ئەندریە جۆلیس ناسراوە، لە ساڵی ١٨٧٤ لە (دێنهێلدەر) لەدایك بووە، مێژوونوسی هونەری ئەڵمانی و هۆڵەندی و ئەدیب و زمانەوان بووە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە (لایپزیك) کۆچی دوایی کردووە.

(٢). ناوی تەواوی والتەر پۆرزیگ Walter Porzig ە، لە ساڵی ١٨٩٥ لە (ڕۆنیبۆرگ) لەدایك بووە، لە بڵاوکردنەوەی بابەتە زمانەوانییەکان بە پلەی یەکەم دێت، لە ساڵی ١٩٦١ لە (ماینز) کۆچی دوایی کردووە.

بەڵام ناتوانرێت بگوترێت:

Walk by foot.

Run by foot.

جگە لەوەی walk و run هەمان پێکهاتەی واتایی لەخۆدەگرن بۆ ڕۆیشتن بە پێ (قاچ)دا. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٧٩ – ٨٢)

چەمکی پێشوو ئەوەمان بۆ دەردەخات، کەوا هەر وشەیەك بە کۆمەڵێك وشە پەیوەندارە بە هۆی کێڵگەی هاوبەشی نێوانیان، بۆ نموونە وشەکانی:

{وێنجە، پاقلە، تەماتە، گەنم، جۆ، کونجی، لۆکە ...} دەچنە ژێر ئەو کێڵگەیەی کە پێی دەگوترێ "کێڵگەی ڕووەك".

وشەکانی: {باوك– برا– خوشك– دایك– کوڕ ...} دەچنە ژێر ئەو کێڵگەیەی کە بە "کێڵگەی خێزان" دەناسرێت.

وشەکانی: {یەك– دوو– سێ– چوار– پێنج ...} دەچنە ژێر ئەو کێڵگەیەی کە بە "کێڵگەی ژمارە" دەناسرێت.

هەروەها وشەکانی: {هیبانوکس– فیفادول– دیستۆسید– لیجالۆن ...} دەخرێنە ژێر ئەو کێڵگەیەی کە بە "کێڵگەی داودەرمان" دەناسرێت. (حازم علی کمال الدین، ٢٠٠٧: ٦٥– ٦٦)

هەندێ وشە پتر لە یەك کێڵگەی واتاییان هەیە، واتە لەیەك کاتدا لە چەند کێڵگەیەکدا هەن، وەك وشەی "مانگا" کە دەکرێ بخرێتە ڕیزی کێڵگەی واتایی ئاژەڵە چوارپێ یەکان، واتە لەگەڵ بەراز، شێر، پشیلە ... هتد پۆلێن بکرێت. لە هەمان کاتدا دەکرێ لەگەڵ ئاژەڵە کاوێژکەرەکان دابنرێت . وەك: زەڕافەو حوشترو مەڕ ... هتد. هەروەها لە کۆمەڵەی ئاژەڵە ماڵییەکانە، واتە لە پۆلی "مەڕ، ئەسپ، مریشك ... هتد" دادەنرێت، سەرەڕای چەندین پۆلێنی تر. (کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان، ٢٠٠٦: ٤٥)

"سۆسێر" لە بواری قسەکانیدا لە سەر زمانەوانی وەسفی لە بارەی پەیوەندییە پێکبەستراوەکاندا (les rapports associatifs)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بەڵگەی زمانی دەتوانێت بچێتە ژێر دوو جۆرە پەیوەندییەوە:

١– پەیوەندییەك لەسەر پێوانەی هۆشەکی دروست بووە، وەکو وشەی "فێرکردن" ئاماژە بە وشەی تر دەکات کە لێوەی دروست بووە و بۆ هەمان بواری واتایی دەگەڕێتەوە، وەکو: زانی، دەزانین.

٢– پەیوەندییەك لەسەر پێوانەی واتایی دروست بووە، بۆ نموونە وشەی "فێرکردن" ئاماژە بۆ وشەی تر دەکات، وەکو: پەروەردە، فێربوون، پێگەیاندن. بەمەش سۆسێر چوارچێوەیەکی گشتی

دانا کەوا دەکرێت تیایدا لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگە زمانییەکان بکرێت، ئەمەش بە لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییانەی، کە کۆیان دەکاتەوەو لە چوارچێوەی کێڵگەی واتاییدا پۆلینیان دەکات.

دوای تیۆرەکەی سۆسێر چەندین تیۆری تری پێشەنگ دەرکەوتن لە بواری هەڵێنجانی پەیوەندییە سەرەکییەکان لە نێوان بەڵگەی ڕوون و پێوانەی جیاوازدا، لەوانەش:-

أ- دروست بوونی کێڵگەی واتایی بەو واتایەی پەیوەندییەکی ڕێکخستراوە لە نێوان بەڵگە زمانییەکاندا، وەکو ڕێژەی تاك لە بۆ ڕەگەز و چوونە ژێر ڕکێفی بەش بۆ گشت و چوونە ژێر ڕکێفی تایبەت بۆ گشت، وەکو ئەم نموونانە: سەر/ لاشە، زەید/ پیاو.

ب- دانانی کێڵگەی واتایی بەگوێرەی پەیوەندی بەرامبەری یان دژی، نموونەی ئەمەش وەك: ڕۆژ/ شەو، مردن/ ژیان.

پ- دانانی کێڵگەی واتایی بەگوێرەی پەیوەندی دەستپێکردن بە سەرەنجام، نموونەی ئەمەش وەکو: فێربوون/ زانیاری، چارەسەر/ چاکبوون، گەشتکردن/ گەیشتن.

ت- کێڵگەی واتایی بە گوێرەی پەیوەندی پلەداری یان یەك لەدوای یەك، نموونەی ئەمەش وەکو: گەرم- شیرتێن- سارد- زۆرسارد- بەستوو. **(منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١: ٧٥- ٧٦)**

ج- دانانی کێڵگەی واتایی لەسەر بنەمای پەیوەندی هاوواتا[٣]: ((هاوواتا ئەو کاتە ڕوودەدات، کاتێك کە هەردوو لایەن یەکتری دەگرنەوە، (أ) و (ب) هاوواتا دەبن ئەگەر بێت و (أ) (ب) لەخۆبگرێت و (ب) (أ) بگرێتەوە، هەروەکو لە هەردوو وشەی ((أم)) و ((والدة)) لە زمانی عەرەبیدا. **(احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٩٨)** هەروەها لە زمانی کوردیشدا ئێمە ئەمە بەدی دەکەین، وەك لە نموونەی: ((قوم)) و ((زیخ))دا و هەروەها لەو نموونانەش کە بەهۆی شێوە زارەکانەوە دروست بوونە بە تایبەتیش لە هەردوو شێوەزاری هەولێری و سلێمانی یان هەولێری و کەرکووکی لە زمانی کوردیدا، ئەمانیش وەکو لە نموونەکانی:((کەپوو)) و ((لوت)) و ((ملاك)) و ((کەوچك)) و ((دەرگا)) و ((قاپی)) و ((شیو)) و ((چێشت)) و چەندان نموونەی تری وەکو ئەمانە دەبینرێن.

ح- دانانی کێڵگەی واتایی لەسەر بنەمای پەیوەندی گرتنەوە: پەیوەندی گرتنەوە[٤] بە گرنگترین پەیوەندی دەژمێردرێت لە سیمانتیکی ڕۆنانیدا . گرتنەوە لە هاوواتا جیاوازە، چونکە گرتنەوە یەك لایەن لەخۆدەگرێت (دەگرێتەوە)، بۆ نموونە (أ) (ب) دەگرێتەوە کاتێك کەوا (ب) لە دابەشکردنی پۆلینی یان لقی (Taxonomic)دا لەسەرووتر بێت، وەکو "ئەسپ" کەوا بۆ بەرزترین پۆلی "ئاژەڵ" دەگەڕێتەوە، لەسەر ئەمە واتای "ئەسپ" واتای "ئاژەڵ" دەگرێتەوە. **(احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٩٩)**

---

(٣). ڕۆژئاواییەکان زاراوەی Synonymy بۆ زاراوەی هاوواتا بەکاردێنن.

(٤). ڕۆژئاواییەکان زاراوەی Hyponymy بۆ زاراوەی گرتنەوە بەکاردێنن.

## ١-٣: پەیوەندییە واتاییەکان:

پەیوەندی واتایی سێ جۆر لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش بریتین لە پەیوەندی واتایی لە ئاستی وشە و لە ئاستی فرەیز و لە ئاستی ڕستەدا، بەڵام ئەو پەیوەندییە واتاییەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە بریتییە لە پەیوەندی واتایی لە ئاستی وشەدا.

### ١-٣-١: پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشە فەرهەنگییەکان:

پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان، ئەو پەیوەندییەیە کە وشەیەك لەگەڵ وشەکانی تری زماندا لە ڕووی واتاوە بەیەك دەبەستێتەوە، هەروەها بە پەیوەندی شوێنی ئاماژەی بۆ دەکرێت. (طالب حسين علي، ٢٠١١: ٥٩) وشە خودی خۆی ئاماژە بۆ هیچ شتێك ناکات، بەڵام کاتێك کە مرۆڤ بەکاری هێنا واتای دەبێت، کە وەکو ئامراز بەکاری دێنێت. (تمام حسان، ١٩٧٩: ٢٨١) قسەکانی مرۆڤ فرە ڕەنگن و ناتوانرێت دەربڕینەکانی بژمێردرێت، مرۆڤ واتایەکی دیاریکەر بۆ هەر وشەیەك دادەنێت، کە مەبەستێك لە مەبەستەکانی ژیانی بۆ دەستەبەر دەکات، ئەو مەبەستانەی کەوا لە ژمارە نایەن و تەواو نابێت تەنها بە کۆتایی ژیانی نەبێت. (ابراهيم انيس، ١٩٨٤: ٥٥) ئەم پەیوەندییە بریتییە لە پەیوەندی واتای وشە بە واتای وشەکانی تر کە لەگەڵیان یەکدەگرێت بۆ پێکهێنانی ژمارەیەکی بێ سنوور لە ڕستەی واتادار. (حازم علي كمال الدين، ٢٠٠٧: ١٥٤)

بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك:

- ئازاد (سێو)ەکەی خوارد.

هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە، کە وشەی (سێو) لە بەکارهێنانەکانیدا دەیبەستێتەوە بە وشەکانی تر. ئەم جۆرە پەیوەندییە دوو وشە یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە ناوەوەی زماندا کار دەکات و واتای هەر وشەیەك دیارناکرێ، تاکو وشەکانی دەوروبەری نەزاندرێ، چونکە وشەکانی دەوروبەر مانای تاکە وشەکە ڕوون دەکەنەوە. بە واتایەکی تر واتای فەرهەنگی هەر وشەیەك بەشێکە لە واتاکەی لە ناو ڕستەدا. "سۆسێر" لەو باوەڕەدایە کە زمان پەیڕەوێکی پەیوەندییە، کە وشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و نرخی هەر وشەیەك لەو شوێنەدایە کە تیایدا بەکاردێت. (عبدالواحيد مشير دزەيى، ٢٠١٠: ١٠٨)

بونیاتگەرەکان لە ئەنجامی تێڕوانینیان بۆ وشە و کەرەستەکان و ئەو پەیوەندیانەی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، ڕستەیان دابەش کرد بە سەر شێوەکان، واتا هەر زمانێك شێوەی تایبەت بە خۆی هەیە لە ڕیزبوونی وشە و کەرەستەکانی لە ناو ڕستەدا و جیاوازە لە زمانێکی تردا، لە شێوەی هەر زمانێك دەتوانرێت ملیۆنەها ڕستە دروست بکرێ. نموونەشیان بۆ ئەوە دەڵێن ڕیزبوونی کەرەستەکانی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە:

(Noun + Verb to be + Adj)

وەك: .The boy is clever

ئەم شێوەش دروست بووە لە بکەر (Subject) و (Verb to be) و سیفەت (Adj)ێك، كە دەتوانرێت بە هۆی ئەم شێوەیە ڕیزبوونە ژمارەیەکی بێ کۆتای ڕستە دروست بکرێت بە دانانی "ناو" لە پلەی یەکەم و "Verb to be" لە پلەی دووەم و "ئاوەڵناو" لە پلەی سێیەمدا. (نايف خرما و علي حجاج، ١٩٨٨: ٣٠)

پەیوەندییەکانی وشە لە ناو ڕستەدا دوو جۆر پەیوەندی لەخۆ دەگرێت:-

## ١-٣-١-١: پەیوەندی ئاسۆیی (Syntagmatic):

ئەم پەیوەندییە، کە لە فەڕەنسیدا پێی دەوترێت (Syntagmatique) واتە زانستی ڕۆنان، ئەرکی وردی بریتییە لە دەستنیشانکردنی یەکەکانی ناو دەستەواژە. (جون كوين، ١٩٩٠: ٦٨) هەروەها بریتییە لە پەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی، واتە کام وشە لەگەڵ کام وشەدا دەچنە پاڵ یەکەوە. بۆ نموونە: پەیوەندی وشەی (دارسێو) لەگەڵ (زیرەك)دا پەیوەندییەکی نەگونجانە. هەروەها وشەی (منداڵ) لەگەڵ (شکان)دا ناگونجێت. بەڵام وشەی (دارسێو) و (شکان) پێکەوە دەگونجێن، هەروەها وشەی (منداڵ) لەگەڵ (زیرەك)دا دەگونجێ، بەم شێوەیە:

- دارسێوەکە شکا.
- منداڵەکە زیرەکە. (طالب حسين علي، ١٩٩٨: ٣٣)

## ١-٣-١-٢: پەیوەندی ستوونی (Paradigmatic):

ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان ئەو وشانەدا دروست دەبێت، کە دەتوانن لە ناو ڕستەیەکی دیاریکراودا لە بری یەکتر بەکارببرێن، بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر شێواندن و تێکدانی یاسا ڕێزمانییەکان و گۆڕینی سیمانتیکی ئەو ڕستە دیاریکراوە، ئەم پەیوەندییەش بە پەیوەندی ستوونی ناودەبرێت. بەو واتایەی دەتوانین بە شێوەی ستوونی ئەو وشانە ڕێزبکەین کە دەتوانن جێگری هەر توخمێك لە توخمەکان بن لە کاتی دیارنەبوونی یەکێك لە توخمەکانی ڕستە. (سازان رضا معين، ٢٠٠٥: ١٨)

بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەکو: ئازاد گوڵ دەچێنێت. دەتوانین لە بری هەر یەك لە وشەکانی ناو ڕستەکە وشەی تر لە شوێنیان بەکاربێنین و دایان بنێین. وەکو:

- ئازاد گوڵ دەچێنێت.
- کوڕەکە نەمام دەنێژێت.
- کچەکە دار دەڕوێنێت.

ئەم لە جیاتی دانانەی وشە لە شوێنی یەکتر لە ناو ڕستەکانی تری دوای ڕستەی یەکەم، هیچ کار لە ڕستەی یەکەم ناکات و تێکی نادات، بە واتە نابێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی وشەکان لە ناو ڕستەدا .

## ١-٣-٢: شێوەکانی پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی وشەدا:

شێوەکانی پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی وشەدا (دژواتا و فرەواتا و جیاوازی و هاوواتا و هاوبێژی و گرتنەوە و بەش لە گشت) و ئەم جۆرە بابەتانە دەگرێتەوە و تیایدا لێکۆلینەوەیان لەسەر دەکرێت. (Argenis A. Zapata, 2008: 1) بابەتی ئێمەش دژواتا و فرەواتا لەخۆدەگرێت و وا لە خوارەوەدا باسیان لێوە دەکەین:

### ١-٣-٢-١: دژواتا:

دژواتا بەشێکە لە واتاسازی، پەیوەندییەکی واتایی دژ و پێچەوانە و جیاوازییە، کە لە وشەیەك، یان لە نێوان دوو وشە، یان دوو فرێز، یان دوو ڕستە بەدی دەکرێت.

### أ- چەمکی دژواتا:

((Antonyms)) لە وشەی "anti"ی گریکی کە لە ئینگیزیدا پێی دەوترێت (opposite) و "onoma" کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (name) دێت، دروست بووە. نموونەی دژواتاش وەك: گەرم و سارد، لاواز و قەڵەو، سەرەوە و خوارەوە. (Veronika Richtarcikova, pdf: 4)

وشەی Antonymy (پێچەوانە) بۆ دژی لە واتادا بەکاردێت، چونکە وشە دژەکان پێچەوانەن، زۆربەی جار دژواتا بە دژی هاوواتا دادەنرێت، بەڵام بارەکانیان بەتەواوی جیاوازن، چونکە زمانەکان پێویستییەکی زۆریان بە هاوواتا نییە، بەڵام دژواتا نیشانەیەکی زمانی زۆر ڕێکخراو و سروشتییە و دەکرێ بە وردییەکی تەواو پێناسەبکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی نامۆیە ئەوەیە، کە ئەم بابەتە لە کتێبەکانی واتاسازی فەرامۆش کراوە و لە فەرهەنگیشدا شوێنی بۆ نەکراوەتەوە. (ف- بالمر، ١٩٨٥: ١٠٩) ((دژواتایی دیاردەیەکی زمانی و واتاییە، ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەدا دەبینێت)) . (پەروین عثمان مصطفى، ٢٠٠٨: ٩٢)

دژواتا جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان واتاکان، بەڵکو لە هەر پەیوەندییەکی تر نزیکتربێت لە زیهنی مرۆڤ. تەنیا بەناوهێنانی واتایەك لە واتاکان، ئەوا پێچەوانەی واتاکەش دەچێتە ناو زیهن (عەقل)، وەکو ئەوەی نێوان ڕەنگەکان، بۆ نموونە ئەگەر ناوی سپی بێنین، ئەوا یەکسەر ڕەش لە ناو زیهنمان ئامادە دەبێت. کەواتە پەیوەندی دژی لە ڕوونترین شتەکانە لە بانگەشەی واتادا. (رمضان عبدالتواب، ١٩٩٩: ٣٣٦)

وشە دژەکان ئەگەرچی لە واتادا دژ و پێچەوانەی یەکترن، وەکو هەردوو وشەی (ژن ~ پیاو)، بەڵام لە هەندێ سیمادا هاوبەشن. وەك:

پیاو {+ مرۆڤ ، + نێر، + هەراش}

ژن {+ مرۆڤ ، – نێر، + هەراش}

## ب- مێژووی دژواتا:

خودای گەورە هەر لەسەرەتای دروستکردنی مرۆڤەوە زمانی پێبەخشیوە و ناوی شتەکان و کەسەکانی فێرکردووە. دیاردەی دژیش یەکێك بووە لەو شتانەی، کە مرۆڤ فێری بووە و هەستی پێکردووە و زانیویەتی. جا دژواتاکان چ لە نێوان خودی کەسەکان بووبن وەك: (نێر~ مێ). یاخود سیفەتی کەسەکان بووبن، وەك: (بڕوادار ~ بێ باوەڕ)، (باش ~ خراپ)، (ڕاستگۆ ~ درۆزن). یان مرۆڤ دیاردە دژواتاکانی لە ئەنجامی گوزەرانی ژیانی ڕۆژانە و ڕۆژگاردا فێر بووە، وەك: (خۆشی~ ناخۆشی)، (ئارامی ~ ترس)، (دڵخۆشی ~ دڵتەنگی). یاخود دژواتاکان لە نێوان دروستکراوەکانی تری خودا بووبێت، وەکو (ساردی و گەرمی) هەندێ لە وەرزەکانی ساڵ و (ڕۆژ~ شەو) هیتر ... . ئا ئەمانەو چەندان شتی تر مرۆڤ لە دەوروبەری خۆیدا هەستی پێکردووە و زانیویەتی، کە ئەمانە دژی یەکن و هەوڵی داوە لە ژیانیدا لێیان تێبگات و سوودیان لێوەربگرێت.

## پ- چەند پێناسەیەك لە بارەی دژواتا:

١- لە واتاسازی وشەی فەرهەنگیدا دژەکان ئەو وشانەن کە لە جۆرێکی دژ بەیەك (ناکۆك) دەستەبەردەبن، هەروەکو لە جووتە پێچەوانەکانی وەك: کوڕ ~ کچ، درێژ ~ کورت. **(Veronika Richtarcikova, pdf: 4)**

٢- Antonymy (دژواتا) زاراوەیەکە لە واتاسازیدا بەکاردێت وەکو بەشێك لە لێکۆڵینەوەی دژی لە واتادا. دژواتا یەکێکە لەو کۆمەڵە پەیوەندییە هەستپێکراوانەی، کە دانی پێدانراوە لە هەندێك شیکردنەوەی واتاییدا، لە تەك هاوواتا و گرتنەوە (داپۆشین) و جیاوازی و ئەوانی تردا. بە واتایەکی گشتگیرتر بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ هەموو جۆرە دژواتاکان دەکات، لەگەڵ دابەشکردنە جۆراوجۆرەکانی دژواتا (بۆ نموونە لە نێوان دژواتا پلەدارەکان، وەکو (گەورە ~ بچووك)، کە لێرەدا پلەداری لەم جۆرە دژیانەدا هەیە، هەروەها دژواتا بێ پلەکانی، وەکو لە نێوان (خێزاندار ~ ڕەبەن)دا هەیە. **(DAVID CRYSTAL, 2008: 28)**

٣- دژواتا پەیوەندییەکی واتاییە دوو وشە یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە واتای پێچەوانەیان هەیە، بەو جووتە وشانەش، کە واتای پێچەوانەیان هەیە دەوترێت (Antynomous – دژواتاکان). جووتە وشە دژواتاکان ئاسایی بۆ هەمان یەکەی ڕێزمانی دەگەڕێنەوە (واتە دوو پێکهاتەکە هەردووکیان ناون، یان ئاوەڵناون، یان کارن، بەم شێوەیە... . وەك: (پیاو ~ ژن)، (تەڕ ~ وشك)، (کڕیی ~ فرۆشت). **(Argenis A. Zapata, 2008: 1)**

٤- ((دژواتا یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان، لە واتاسازی وشەدا بەو وشانە دەگوترێت، کە لە مانادا بەرانبەر بە یەك دژ وەستاون، یان بریتییە لە دوو وشەی جیاواز کە دوو واتای جیاوازی دژ بەیەکیان هەیە. کەواتە دژواتا وەك دیاردەیەکی دوولایی پەیوەندی نێوان دوو شت یان دوو کەس نیشان دەدات، کە بیری دژایەتی و بەرەنگارییان تێدایە)). (طالب حسين علي، ٢٠١١: ٨٨)

٥- ((دژیەك بریتییە لە هێنانی دوو وشەی مێملێ و دژیەك، یا ڕوو بەڕوو کردنی دوو واتای پێچەوانە، جا ئەم دژیەك و پێچەوانەیە داوێك بێ لە تان و پۆی هۆنراوەدا، یا قەفێك بێ لە زنجیرەی پەخشاندا. وەکو: تاریکی و ڕووناکی، پیس و پاگژ، بەرز و نزم، ڕۆژ و شەو، ڕەش و سپی، گەورە و گچکە، ئەمانە هەموویان دژ و پێچەوانەی یەکترن)). (عەزیز گەردی، ١٩٧٥: ٦٨)

٦- ((هەڤدژ Antonym زاراوەیەکە لە بواری واتاسازیدا بەکاردێ و لە پێچەوانە و هەڤدژی و جیاوازی واتایی دەکۆڵێتەوە)). (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ٢٠٠٩: ٢١٣)

وشەی دژواتا بەو وشانە دەوترێ، کە لە واتادا بەرامبەر یەکتر دژ وەستاون، وەك:

گەورە ~ بچووك

زۆر ~ کەم

بەرز ~ نزم

لەو نموونانەی سەرەوەدا ئاشکرا دیارە، کە هەر وشەیەك ڕەگەزی جیاوازی خۆی هەیە، هەروەها هەندێ لە وشە دژواتاکان خاوەنی یەك ڕەگەزن، بەڵام وشەیەکیان بنجییە و ئەوەی تریان نابنجییە. وەك:

خۆش ~ ناخۆش

ڕێك ~ ناڕێك

پێویستە پەنجە بۆ ئەوەش ڕابکێشین کە وەنەبێ هەموو وشەیەکی زمانی کوردی بەرامبەری وشەی دژواتا هەبێت. بۆ نموونە، بەرامبەر هەندێ ناو، وەك: خانوو، دەرگا، کتێب، وشتر ...، زۆربەی جێناو، تێکڕای ژمارە، وشەی دژواتا نییە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥: ٢٣- ٢٤)

## ١-٣-٢-٢: دژواتا بە پێی ئاستەکانی زمان:

### ١-٣-٢-٢-١: دژواتا لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا:

دژواتا لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا دوو مۆرفیم، یان دوو وشە دەگرێتەوە، کە واتاکان دژ و پێچەوانەی یەکترن.

**أ- دژواتا لە مۆرفیمی بەنددا:** ئەم جۆرە دژواتایە مۆرفیمە بەندەکان دەگرێتەوە، هەردوو دژەکەش مۆرفیمن. وەك: هەردوو مۆرفیمی (هەڵ ~ دا)، کە دوو واتای دژبەیەك دەبەخشن لە هەندێ نموونەدا کاتێك هەر یەکێکیان لەگەڵ چاوگ دێت و پێیەوەی دەلکێت و بە هۆیەوە چاوگێکی داڕێژراو دروست دەبێت. وەك: گرتن ← هەڵگرتن ~ داگرتن

هەڵگرتن واتای (بەرزکردنەوە) دەگەیەنێت و داگرتن واتای (هێنانە خوارەوە) دەگەیەنێت.

**ب- دژواتا لە وشەدا:** ئەم جۆرانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- دژواتا لە ناودا: ئەم جۆرە دژواتایە لە ناودا دەردەکەوێت و هەردوو وشە دژواتاکە ناون. وەك:

شەو ~ ڕۆژ
بەهەشت ~ دۆزەخ
ئاو ~ ئاگر

شاعیر دەڵێ:

کەوسەر وەکو تەنوورەیی چاوی پڕ ئاومە
دۆزەخ وەکو تەنووری دڵەی پڕ هەڵاومە
ئاخۆ ئەلەکتریکە شەوی کردە عەینی ڕۆژ
یاخۆ بڵێسەی ئاگری کوورەی بە تاومە (دیوانی بێخود، ٢٠٠٧: ٩٢- ٩٣)

لێرەدا هەردوو وشەی (شەو~ ڕۆژ) لە نیوە دێری یەکەمی دێری دووەمدا وشەکان ناون و دژواتای یەکترن، هەروەها کەوسەریش بە دژواتا بۆ دۆزەخ لە قەڵەم دەدرێ، کە لە نیوە دێری یەکەم و دووەمی دێری یەکەمدا هاتوونە، چونکە وەکو دەزانرێت کەوسەر ڕووبارێکە لە بەهەشت، ئەمەش واتە کەوسەر ئاوە، چونکە ڕووبار لە ئاو پێکهاتووە، بەمەش کەوسەر دەبێت بە دژواتا بۆ دۆزەخ، چونکە دۆزەخ لە ئاگر پێکهاتووە، هەروەکو ئاشکراشە ئاو و ئاگر دژواتای یەکترن.

٢- دژواتا لە ناوی واتاییدا: وشەکانی ئەم جۆرە دژواتایە ناوی واتایین. وەك:

چاکە ~ خراپە
ڕاست ~ درۆ

شاعیر دەڵێ:

مادام خوێنی لا هەرزانە بۆ ڕێی سەربەستیی
سەر شۆڕناکا بۆ ژیانی دیلی و ژێردەستی (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٣)

سەربەستی و ژێردەستی دوو وشەی دژواتان و ناوی واتایین.

٣- دژواتا له ئاوەڵناودا: وشەكانی ئەم جۆرە دژواتایە ئاوەڵناون. وەك:

سارد ~ گەرم
كورت ~ درێژ

شاعیر دەڵێ:

بە سروە دڵم فێنك كاتەوە
خەمی كۆن و نوێم لە بیرباتەوە (دیوانی شێخ نوری شێخ صالح: ١٩٥)

(كۆن ~ نوێ) ئاوەڵناون و دژواتای یەكترن.

٤- دژواتا لە ئاوەڵكاردا: وشەكانی ئەم جۆرە دژواتایە ئاوەڵكارن. وەك:

سەر ~ ژێر
ڕاست ~ چەپ

٥- دژواتا لە كاردا: وشەكانی ئەم جۆرە دژواتایە كارن. جا كارەكان ڕابردوو بن یان ڕانەبردوو. وەك:

هات ~ ڕۆیشت
كڕی ~ فرۆشت

شاعیر دەڵێ:
صاف و ڕەوان و نەرمە وەكو زەمزەم و فوڕات
نەك ڕەنگی نیلە یەعنی كە هات و گەڕایەوە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٥٥٣)
(هات ~ گەڕایەوە) دوو وشەی دژواتان.
٦- دژواتا لە چاوگدا: لەم جۆرە دژواتایەدا هەردوو وشەكە چاوگن. وەك:

ژیان ~ مردن
چوون ~ هاتن

شاعیر دەڵێ:

لەزەتی مردن بە صەدساڵی ژیان ناگۆڕمەوە
گەر بزانم تۆ لەگەڵما دێیتە سەر قەبرانەكەم (دیوانی شێخ نوری شێخ صالح، ١٩٨٩: ١٨١)

(مردن) و (ژیان) چاوگن و دژواتای یەكترن.

### ١-٣-٢-٢-٢: دژواتا لە ئاستی سینتاکسدا:

دژواتا لەم ئاستەدا (فرەیز، ڕستە) دەگرێتەوە، کە ئەوانیش دەبنە دوو بەش:-

أ- دژواتا لە فرەیزدا: ئەمەش فرەیزە دژواتاکان دەگرێتەوە. وەك:

گەرمای هاوین ~ سەرمای زستان

ب- دژواتا لە ڕستەدا: ئەمەش ڕستە دژواتاکان دەگرێتەوە.

وەك: شیلان هات و ڕۆیشت.

## ١-٣-٣: جۆرەکانی دژواتا لای واتاناسەکان:

### ١-٣-٣-١: دژواتای تەواو، یان دژواتای بێ پلە:

ئەم جۆرە دژواتایە جیهانی ئاخاوتن دابەش دەکات و یەکلایی دەکاتەوە بەبێ ئەوەی دان بە پلەکانی کەمتر یان زیاتر بنێت، واتە کەم و زۆری تێدا نییە. نەرێکردنی یەکێك لە دوو ئەندامە بەرامبەرییەکە (دژەکە)، واتە داننانە بەوەکەی تر، وەك: (مردوو ~ زیندوو، خێزاندار ~ ڕەبەن، نێر ~ مێ). ئەگەر گوتت: فلان کەس ژنی نەهێنایە. ئەمە واتای ئەوە بە دەستەوە دەدات، کە ڕەبەنە. لەبەرئەوە ناکرێت وەسفی ئەم جۆرە دژواتایانە بکرێت بە هۆی ڕادەکانەوە، وەك: ((زۆر)) یان ((کەمێك)) یان ((تا ڕاددەیەك)). (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١٠٢) واتە سەلماندنی یەکێکیان ڕەتکردنەوەی ئەوەکەی ترە.

- بۆ نموونە ئەگەر بڵێین: کاوە زیندووە. واتە کاوە نەمردووە.
- ئەگەر بڵێین: کۆترەکە نێر نییە. واتە کۆترەکە مێیە.

((بۆیە دەبینین لە نێوان (نێر و مێ)دا پلە نییە، بەڵکو شتێکی دابڕە (قطعي)یە، هەر یەکێك لە وشەکانیش جەمسەرێك دەگرن کە بەرانبەر بە یەك دەوەستن، واتە ئەوەی لە جەمسەری یەکەم نەبێت، لەوی تریانە)). (طالب حسين علي، ٢٠١١: ٨٨) کەواتە لەم جۆرە دژواتایەدا واتای هەریەك لە وشە دژەکان تەواوکەری ئەوەکەی ترە.

### ١-٣-٣-٢: دژواتای پلەدار:

لەم جۆرەدا دەکرێت لە کۆتایی هەردوو پێوانەی پلەکەدا مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا دابنرێت، یان لە نێوان لە نێوان هەردوو جووتە وشەکەدا چەند ڕاددەیەك لە نێوانیاندا دابنرێت، هەروەها نەرێکردنی یەکێك لە ئەندامەکانی بەرانبەرەکە ئەوە ناگەیەنێت، کە دان بە ئەندامەکانی تر بنێین. ڕەوانبێژەکان ئەم جۆرە دژواتایە بەم شێوەیە وەسف دەکەن و دەڵێن: هەردوو لایەکە تیایدا

واتای هەموو گوتنەکە تەواو ناکەن، جا لەبەرئەوە هەردووکیان لەگەڵ یەکتر درۆ دەکەن، بە واتا شتێك بەسەر هیچ کامێکیان ناچەسپێت، چونکە ناوەندێکی تر هەیە لە نێوان هەردووکیاندا. بۆ نموونە کە دەڵێین: خواردنەکە گەرم نییە. مانای دانپیانان نییە بەوەی، کە ساردە.

ئەم دژواتایە، جۆرێکە لە دژواتای ڕێژەیی، بۆ نموونە، کە دەڵێین: خواردنەکە گەرمە. واتە گەرمە بە گوێرەی پلەی گەرمی دیاریکراوی چێشتەکە، یان بۆ شلەمەنی بە گشتی، یان بۆ شلەمەنی پێشکەشکراو لەگەڵ شتی تردا. ئەمە جیاوازە لەوەی کە دەڵێین: ئاوەکە گەرمە. یان کە دەڵێین: کەشەکە گەرمە. ئەمە واتاکەی جیاواز دەبێت ئەگەر لە لەندەن، یان لە قاهیرە، یان لە کوێت بگوترێت، چونکە پلەی گەرمی کەش و هەوای هەر وڵاتێك لە وڵاتێکی تر جیاوازە، هەروەها ئەگەر لە هاوین، یان لە زستان بگوترێت دیسان بە هەمان شێوە واتای جیاواز دەبەخشێت.

هەروەها، کە دەڵێین: ((کەشەکە گەرمە))، یان ((کەشەکە ساردە))، دەکرێت چەند دەستەواژەیەکی ناوەند لەنێوانیاندا دابنرێت، وەکو: کەشەکە فێنکە. – کەشەکە مەیلی ساردی هەیە. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١٠٢– ١٠٣) بۆ نموونە ئەگەر بڵێین: ((ئاوەکە گەرمە))، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ((ئاوەکە سارد نییە))، بەڵام ئەگەر بڵێین: ((ئاوەکە گەرم نییە))، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ((ئاوەکە سارد بێت))، چونکە لە نێوان ((سارد و گەرم))دا وشەی "شیرتێن" هەیە، بۆیە ناتوانین بڵێین حەتمەن دەبێت ئاوەکە سارد بێت. (کوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٤)

هەروەها ئەم جۆرە دژواتایە بەزۆری لە شێوەی ئاوەڵناون و دوو جەمسەرەکەی ئەم جۆرە دژواتایە زۆرجار مۆرفیمی پلەی بەراوردی (تر) و مۆرفیمی پلەی باڵا (ترین) وەردەگرن. وەك:

سارد + تر ←—— ساردتر

سارد + ترین ←—— ساردترین

گەرم + تر ←—— گەرمتر

گەرم + ترین ←—— گەرمترین

بەڵام ناتوانین بڵێین:

شیرتێن + تر ←—— * شیرتێنتر

شیرتێن + ترین ←—— * شیرتێنترین

هەروەها زۆرجار دوو جەمسەرەکەی ئەم جۆرە دژواتایە بە ڕاددەکان فراوان دەکرێن، وەك (زۆر، کەمێك، ...). بۆ نموونە: زۆر ساردە. یان کەمێك ساردە. هەروەها زۆر گەرمە. یان کەمێك گەرمە. بۆیە دەتوانین بڵێین لە نێوان سارد و گەرمدا بەراوردی شاراوە هەیە.

((بەراوردیش دوو جۆرە:-

١- بەراوردی دوو شت یان دوو کەسی جیاواز. وەك:
ژیلە لە شیلان ئازاترە.
خانووەکەی تۆ لەوەی من گەورەترە.

٢- بەراوردی دوو حالەتی جیاوازی یەك شت یان یەك کەس. وەك:
ژیلە لە جاران وریاترە.
ئەرکمان لە پار قورسترە)). (محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٦٩)

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە یەکێك لە دوو دەربڕینەکە لە هەرجووتێکدا دەبێتە (نیشانکراو marked) و ئەوی تریان دەبێتە (نیشان نەکراو unmarked)، بە واتا تەنها یەکێك لە دوو دەربڕینەکە بەکاردێت بۆ پرسیارکردن لە پلەی سیفەتی پلەدارییەکە یان وەسفکردنی. دەڵێین: بەرزییەکەی چەندە؟ بەرینییەکەی چەندە؟ بەرزییەکەی سێ پێیە. بەرینییەکەی چوار یاردەیە. بەبێ ئەوەی مەبەستمان لە بەرزیی یاخود بەرینییەکە بێت، بەڵام دەربڕینەکەی تر لە جووتەکە وەکو دەربڕینێکی نیشانکراو marked بەکارنایەت، لەبەرئەوە: نزمییەکەی چەندە؟ تەسکییەکەی چەندە؟ واتە شتە مەبەستەکە بەڕاستی نزمە، یا تەسکە. ئاسایی ئێمە ناڵێین: کە نزمییەکەی سێ پێیە. هەروەها بە هەمان شێوە ناڵێین: کە تەسکییەکەی چوار یاردەیە. هەروەها تێبینیبکە کە خودی ئەندامەکە لە جووتەکە ((کە سیفەتەکەیە)) بەکاردێت بۆ تەواوکردنی ناوەکانی: (بەرزی و بەرینی،...) ئەمەش تەواو تاك لایەنە بە بەراورد لەگەڵ (نزم و تەسکدا).(ف- بالمر، ١٩٨٥: ١١٠- ١١١)

شایەنی تێبینییە نیشانکردن بە شێوەیەکی گشتی بابەتێکی گرنگە لە دژواتای پلەداردا، بۆیە پێویستی بەوە هەیە، کە لە سەری ڕاوەستین و شرۆڤەی بکەین.

## ١-٣-٣-٣: نیشانکردن لە واتاسازیدا:

نیشانکردن یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لە چوارچێوەی بنەماکانی بونیادگەریدا خراوەتەڕوو، بۆ یەکەم جار لە لایەن قوتابخانەی زمانەوانی پڕاگەوە باسی لێوەکراوە، ئەویش لە سەرەتادا وەکو ئامرازێك بۆ شیکردنەوەی فۆڕمی فەرهەنگی بەکارهاتووە. بەڵام لەبەرئەوەی گرنگییەکەی ئەوەندە زۆربوو دوای ماوەیەك لە ئاستە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا سوودی لێوەرگیرا، ئەم بەکارهێنانە بەرە بەرە تا ئەو ڕادەیە فراوان بوو هەروەکو لاینز دەڵێ چەند دیاردەیەکی جیاوازی بەخۆگرتووە. (کورووش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٢٦)

### أ- نیشانکراو و نیشاننەکراو:

پالمەڕ پێی وایە ئەگەر دوو وشە لە حالەتی بەرامبەری دابن، تەنها یەکێکیان بۆ پرسیار و قسەکردن بەکاربهێنرێ و هەموو واتاکە دەگەیەنێ، ئەوا بە وشەکە دەگوترێ نیشان نەکراو و ئەوی

تریان پێی دەگوترێ نیشانکراو. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٦- ٢٧) واتە لە نێوان جووتە وشە دژواتا پلەدارەکاندا نیشانکردن هەیە، یەکێکیان دەبێتە نیشانکراو (Marked) و ئەوی تریان دەبێتە نیشان نەکراو (Unmarked)، واتە تەنها یەکێکیان بەکاردێت لە حالەتی پرسیار و قسەکردندا و واتای ئەوی تریش دەگەیەنێت. بۆ نموونە: ڕستەی ((پانییەکەی چەندە؟)) یان ((بەرزییەکەی چەند مەترە؟))، ((پانییەکەی چوار سانتیمە)) یا ((بەرزییەکەی دوو مەترە)) بەکاردێت، بەڵام ((باریکییەکەی چەندە؟)) یا ((نزمییەکەی چەند مەترە؟)) بەکارنایەت، تەنانەت ئەگەر شتەکە باریك یا کورتیش بێت. (سەرچاوەی پێشوو: ٤)

## ب- جۆرەکانی نیشانکردن:

لە زۆربەی سەرچاوە واتاسازییەکاندا هۆکاری نیشانکردن بە شێوەیەکی گشتی خراوەتەڕوو، بەڵام "لاینز" پێی وایە، کە لە نێو فەرهەنگی زماندا سێ جۆرە نیشانکردن لێك جیاکراونەتەوە:

### ١- نیشانکردنی فۆڕمی (Formal Marking):

ئەم جۆرە نیشانکردنە لە حالەتێکدا دەردەکەوێت، ئەگەر دوو وشەی دژ بە یەکی بەرامبەری یەکێکیان لە ڕێگەی فۆڕمێکی دیاریکراوەوە نیشان بکرێت. بۆ نموونە: ئەگەر لە زمانی فارسی سەیری وشەکانی معلم (مامۆستا) و خانم معلم (خانمە مامۆستا) بکەین، دەبینین وشەی معلم (مامۆستا) نیشان نەکراوە لە بەرامبەر وشەی خانم معلم (خانمە مامۆستا)دا ، لەبەرئەوەی معلم (مامۆستا)، کە هەم بۆ ڕەگەزی نێر و هەم بۆ ڕەگەزی مێش بەکاردێت. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٧)

### ٢- نیشانکردنی دابەش بوون (Marking Distribution):

لەم جۆرە نیشانکردنەدا یەکێك لە فۆڕمەکانی بەرامبەری دابەشبوونێکی فراوانتری بەخۆدەگرێت، بێ ئەوەی کە هۆکاری نیشانکردنەکە بە شێوەیەکی فۆڕمی لەپاڵ نیشان نەکراوەکەدا هەبێت. بۆ نموونە جووتە وشەکانی ((پان/باریك)) یا ((بەرز/نزم)). لێرەدا لە فۆڕمەکانی ((پان)) و ((بەرز)) نیشان نەکراون، لەبەرئەوەی کاتێك کە لە بارەی پانی یا بەرزی شتێکەوە قسەدەکەین، سوود لە ڕستەکانی ((پانییەکەی چەندە؟)) ((پانییەکەی دوو سانتیمە))، یا ((بەرزییەکەی چەندە؟)) ((بەرزییەکەی نیو مەترە)) وەردەگرین، تەنانەت ئەگەر شتەکە پان یان بەرزیش نەبێت. (کوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٢٨)

### ٣- نیشانکردنی واتایی (Semantic Marking):

ئەم جۆرە نیشانکردنە لە حالەتێکدا دەردەکەوێ، کە وشە نیشان نەکراوەکە لە ڕووی واتاوە ئەوەندە فراوان بێت، کە بتوانێ وشە نیشانکراوەکەش لەخۆبگرێت. بۆ ئەم مەبەستە جووتە وشەی ((مریشك/ کەڵەباب)) دێنینەوە، ئەوا ((مریشك)) بەرامبەرە (دژە) لەگەڵ ((کەڵەباب)) و سیمای

ڕەگەزی مێی لەخۆگرتووە، بەڵام فۆڕمێکی وەکو ((مریشکداری)) لە ڕووی ڕەگەزەوە واتای وشەی ((کەڵەباب))یش دەگرێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٨)

### ١-٣-٣-٤: دژواتای پێچەوانە:

ئەم جۆرە دژواتایە پەیوەندییەکە لە نێوان جووتە وشەی وەک: (کڕین – فرۆشتن)، کە پەیوەندییەکی دوو سەرە لە نێوانیاندا هەیە. واتە ئەگەر (A) شتێك بفرۆشێت بە (B)، ئەوا حەتمەن دەبێ (B) شتەکە لە (A) بکرێت، هەروەها ئەگەر (A) ژنی (B) بێت، ئەوا (B) یش مێردی (A) یە و بە پێچەوانەش هەر ڕاستە. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین: محەممەد مێردی نەسرینە. ئەمە واتە نەسرین ژنی محەممەدییە. هەروەها ئەگەر بڵێین: محەممەد باوکی شێرزادە. ئەمە واتە شێرزاد کوڕی محەممەدییە... بەم شێوەیە. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١٠٣)

هەروەها ئەگەر بڵێین: ڕێبوار پەنجا هەزار دیناری بە قەرز دا بە سالار. واتە: سالار پەنجا هەزار دیناری بە قەرز لە ڕێبوار وەرگرت. لێرەدا (قەرزدان) و (قەرزوەرگرتن) دژواتان و پێچەوانەی یەکترن.

### ١-٣-٣-٥: دژواتای ئاراستەیی:

ئەم جۆرە دژواتایە بۆ یەکەم جار لە لایەن "فیلمۆڕ"ەوە خرایە ڕوو. (کوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٦) ئەم جۆرە دژواتایە ئاراستەکان دەگرێتەوە، نموونەشی پەیوەندی نێوان وشەکانە وەکو (گەیشت ~ جێیهێشت)، (دێت ~ دەڕوات). هەموویان جولانەوەیەك کۆیان دەکاتەوە لە یەکێك لە دوو ئاراستە دژەکان سەبارەت بە شوێنێك. ئەگەر بێت و یەکەمیان جولانەوەیەك لە ئاراستەی ستوونی بنوێنێ دووانەکەی تر جولانەوەیەك دەنوێنن بە ئاراستەی ئاسۆیی. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١٠٣- ١٠٤)

### ١-٣-٣-٦: دژواتای ستوونی و دژواتای بەرامبەری (درێژکراوەیی):

"Lyons" دوو جۆر دژواتای لە یەکتر جیاکردۆتەوە و یەکەمیانی ناوناوە بە دژواتای ستوونی (orthogonal opposites) و دووەمیشیانی ناوناوە بە دژواتای بەرانبەری یان درێژکراوەیی (antipodal opposites). یەکەم وەکو باکوور بە نسبەت ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کەوا بە ستوونی دەکەوێتە سەریان. دووەمیش وەکو باکوور بە نسبەت باشوور و ڕۆژهەڵات بە نسبەت ڕۆژئاوا، هەروەکو لەم وێنەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:




**(احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ١٠٤)**

## ١-٣-٣-٧: دژواتای بەرامبەری ئەدەبی:

**لە ئەدەبدا بەرامبەری خۆی دژیەکە، ئەوەندە هەیە جۆرە دژیەکێکی تایبەتییە. لە دژیەك تەنیا یەك وشە دێت و دژەکەی بە شوێنەوە دەهێنرێ، بەڵام لە بەرامبەری وانییە، بەڵکو لە پێشاندا چەند وشەیەك دێنێ، ئینجا بە ڕێکی یەکە یەکە دژەکانیان دێنێت، بێ گومان ئەمەشیان جۆرە پێچان و کردنەوەیەکە، چونکە نوسەر یا هۆنەر لە پێشا چەند وشەیەك پێکەوە دێنێ ئینجا دەیانکاتەوە، کە دەشیانکاتەوە بە دژەکانیان دەیانکاتەوە.**

**نالی دەڵێ:**

**طیبە کە یەعنی ڕۆژ و شەوی طیبی**
**عالەمە ڕۆژی کە وشکە**
**شەو تەڕە کافوری عەنبەرە**

**(عزیز گەردی، ١٩٧٥: ٧٤- ٧٥)**

**لە نیوە دێری یەکەم (ڕۆژ ~ شەو)، کە دژواتان، وەسفی طیبة (مەککە) دەکەن، بەوەی، کە شەو و ڕۆژی مەککە خۆشی جیهانە، بەڵام لە نیوەی دووەمدا دژواتای بەرامبەری هەیە، چونکە یەکەم جار دوو وشەی بەدوای یەکەوە هێناوە (ڕۆژ - وشك) ئینجا بە شوێن ئەوانەوە دژی هەر یەکەیانی بەڕێز هێناوە (شەو- تەڕ) و بە ڕێك و پێکی بەرامبەری کردوون. کە (شەو) دژی (ڕۆژ)ەو (تەڕ) دژی (وشك)ە، ئەمە بریتی بوو لە بەرامبەرکردنی دوو شت بە دژەکانیان.**

## ١-٣-٣-٨: دژواتای نەرێنی، یان (نافەرهەنگی):

**ئەمە لە عەرەبیدا (طباق السلب)ی پێدەگوترێت. بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو واتای دژ بەیەك، کە یەکێکیان ئەرێیەو ئەوەی تریان نەرێیەکەیەتی. (عبدالهادي الفضلي، ٢٠٠٥: ١٠١) واتە دوو وشە دژبەیەك و پێچەوانەکە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکەیان ڕیشە و بنجێکی ڕەسەن و سەربەخۆی نییە، بەڵکو هەردووکیان لە بنجدا هەر یەك ڕیشە و ڕەگیان هەیە.**

بۆ نموونە وەکو: ((هات)) و ((نەهات))... دەبینین هەریەکە لەم دوو وشانە لە فەرهەنگدا لە ڕیشەیەکی سەربەخۆ و خاوەن کەسایەتی تایبەتی خۆیانەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو وشەی دووەم کە (نەهات)ە نەرێی وشەی (هات) ەو هەر لەسەر بنەمای ئەو دروستبووە، بەڵام بە چەمکی پێچەوانەیی، بۆیە بەمجۆرە دژیەکە دەگوترێت (دژیەکی نافەرهەنگی). (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٠: ١٧٤)

کاکەی فەللاح دەڵێ:

بەڵام ئەو شتەی لەلای من ڕوونە
لەم کەین و بەینی بوون و نەبوونە
ڕێی ناچاری یە ژیان و مردن
لە پاش دەرکەوتن ئەنجام ون بوونە

دژیەکی سەلب (نەرێنی) لە نێوان ((بوون)) و ((نەبوون))دا هەیە، کە دووەمیان نەفی یەکەمە. (عەزیز گەردی، ١٩٧٥: ٧١)

هەروەها دەستەیەکی تری وشەکان بەیارمەتی مۆرفیمەکانی ئەرێ و نەرێ دژواتای ئەرێنی و نەرێنی دروست دەکەن، وەك مۆرفیمەکانی {بە} و {بێ}. بۆ نموونە:

ڕێز ——◄ بەڕێز ~ بێ ڕێز

سوود ——◄ بەسوود ~ بێ سوود و چەندانی تر ... .

هەروەها هەندێ مۆرفیمی تر تەنها بە هۆی مۆرفیمی {نا}ی نەرێوە دەچنە سەر هەندێ وشەی فەرهەنگی و وشەیەکی نوێی نەرێنی لێ دروست دەکەن و دەبێتە دژواتا بۆ وشە ڕەسەنەکە. وەك:

مەرد ~
نامەرد
پیاو ~ ناپیاو ... .

## ١-٤: فرەواتا:

### أ- چەمك و پێناسەی فرەواتا:

وشەی فرەواتا وەرگێڕدراوی وشەی پۆلیسیمی polysemy یە. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا یۆنانییە و لە دوو بەش پێکهاتووە، "poly" بە مانای (زۆر، فرە، چەندین) دێت و "semy" بە مانای (واتا) دێت. جا بۆیە وشەی ((polysemy)) کە وشەیەکی لێکدراوە، بە مانای (فرەواتا، زۆرواتا، چەندین واتا) دێت لە زماندا. (ستیفن اولمان، ١٩٧٣: ١١٤)

## ١- فرەواتا لای هەندێ لە لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکان:

((فرەواتا زاراوەیەکە بۆ لێکدانەوەی واتا بەکاردێت، بۆ ئاماژەکردن بە دانەیەکی فەرهەنگی کە کۆمەڵێك واتای جیاوازی لەخۆگرتووە)). (DAVID CRYSTAL, 2008: 373)

((فرەواتا بریتییە لە پەیوەندییەکی واتایی، کە لە نێوان واتاکانی وشەیەکدا هەیە و واتاکان لە لایەنی تیۆری و مێژووییدا پەیوەندارن بە یەکەوە. بۆ نموونە وەك: پێ: ١- بەشێکە لە لاشە ٢- بەشی خوارەوەی شتێك)). (Argenis A. Zapata, 2008: 3)

((وشە جیاوازەکان واتای جیاوازیان هەیە و خودی وشەیەك کۆمەڵێك واتای جیاواز لەخۆبگرێت بەمە دەگوترێت فرەواتا)). (ف- بالمر، ١٩٨٥: ١١٦)

"جۆن لاینز" دەڵێت: ((فرەواتا بریتییە لە وشەیەك، کە چەند واتایەکی جیاوازی هەیە)). (کوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٤٩)

## ٢- فرەواتا لای هەندێ لێکۆڵەری کورد:

((پۆلواتا (فرەواتا) ئەو وشە و فرێز و ڕستانەن، کە بەهەمان فۆڕم و دەنگ دووبارە دەکرێنەوە و واتای جیاوازی هاوڕەگەزییان دەبێت و هەر بەیەك دانەش دادەنرێن)). (فتاح مامە علی، ١٩٨٩: ١٥)

((هاتنی دانەیێکی فەرهەنگی بە زنجیرەیێك واتای جیاوازەوە، یان وشەیێك بە ژمارەیێك واتاوە پێی دەوترێ فرەواتایی)). (صباح رشید قادر، ٢٠٠٠: ١٠)

پۆلۆسیمای بە وشەیەك یا زیاتر دەوترێ، کە لە واتایەك زیاتری هەبێت، کە ئەسڵ و دروست بوونی وشەکان یەکن و لە ئەنجامی گۆڕینی واتاوە دروست بوون. مرۆڤ پێویستی ڕۆژانەی وایلێدەکات کە ئەو شتومەك و دیاردانەی دێنە ناو کۆمەڵەوە بەردەوام بە وشە ناویان لێ بنێت، یەکێك لەو ڕێگایانەی کە بۆ ئەو مەبەستە ئادەمیزاد ئەیگرێتەبەر ئەوەیە، کە پەنا دەباتە بەر ئەو وشانەی کە پێشتر لە زمانەکەیدا بەکارهاتووە و سەر لە نوێ بەکاریان دەهێنێت بۆ گەیاندنی مەبەستی جۆراوجۆر، هەر وشەیەکیش کە خاوەنی واتایەکی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆی خۆیەتی کەوتە ئەوەی پەنای بۆ ببرێت و بۆ مەبەستێکی نوێ بەکاربهێنرێت بێگومان دەبێت بە خاوەنی واتایەکی تازەتر و گۆڕاو. لە زماندا هەموو وشەیەك ئەگەر بێت و بۆی لوا دەتوانێت بۆ واتایەك یان زیاتر بەکاربێت، جار هەیە، کە یەك وشە بۆ چەند واتایەکی تر بەکاردێت ئەم پرۆسەیە لە زمانەوانیدا ناونراوە پۆلۆسیمای (فرەواتا)، بۆ نموونە:

١- (چاو): چاوبز، چاومار، چاوچنۆك ... هتد.

٢- (پیاو): پیاوخۆر، پیاوکوژ، پیاوخراپ ... هتد.

٣- (دەست): دەست کورت، دەست بڕ ... هتد. (دەروون عبدالرحمن صالح، ٢٠١٢: ١٢١)

## ٣- فرەواتا لای زمانەوانە هاوچەرخەکان:

زمانەوانە هاوچەرخەکان وا پێناسەی فرەواتایان کردووە: ((دەربڕینێکە چەندان واتای هەیە، واتاکانیشیان لە یەك ڕەگەزەوە دروست بوونە)). بۆ نموونە کاتێك مرۆڤ گوێی لە وشەی (operation) دەبێت، کە لە زمانی ئینگلیزیدا مانا گشتییەکەی بە واتای (عملیە- کردار) دێت، بەڵام ئەگەر بێت و لەو سیاقەی دابڕین کە تێیدا بەکاردێت، نازانین، کە ئایا مەبەست لێی کرداری توێکاری (نەشتەرگەری)یە، یان کرداری ستراتیژی (سەربازی)یە، یان سیفەتێکی بازرگانییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزی هەست بەوە دەکەن یەك وشەیە و واتاکانی وشەکە گۆڕاون و لەیەکتر دوورکەوتوونەتەوە لە هێڵە جیاوازەکاندا. (ستیفن اولمان،١٩٧٥: ١١٢)

**زمانەوانە هاوچەرخەکان سێ جۆرە جیاوازی لە فرەواتادا دەست نیشان دەکەن:-**

١- هەبوونی واتایەکی سەرەکی (بنجی) بۆ دەربڕین (وشە)، کە لە دەوریدا چەندین واتای لاوەکی بەخۆدەگرێت. لە زمانی کوردیدا ئەم نموونانە زۆرن. وەك: (مانگ) لە مانگی ئاسمانەوە بۆ مانگی ساڵ، کە لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە بە هۆی دەروازەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت:

مانگ: ١- هەیڤ (ئەستێرەیەکی خڕی گەورەیە لە ئاسماندا، بە شەو باش دەبینرێت بە هۆی ڕووناکییەکەی). ٢- مانگی ساڵ، کە ژمارەی ڕۆژەکانی لە نێوان ٢٩ تا ٣١ ڕۆژە، ساڵیش بە گشتی لە ١٢ مانگ پێك دێت. ٣- سپی. ٤- درەوشاوە. ٥- جوان.

٢- فرەواتا لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەربڕین لە بوارە جیاوازەکاندا دروست دەبێت، یاخود وەکو ئەوەی ئۆڵمان ناوی ناوە بە (گوزارشتەکانی بەکارهێنان) دروست دەبێت. (عمرو محمد مدکور، ٢٠١١: ١٥٠- ١٥١)

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئێمە بە گوێرەی بوارەکان وشەی فرەواتامان هەیە، وەکو وشەی (ڕەگ) کە لە بوارە جیاجیاکاندا بەکاردەهێنرێت و لە هەر بوارێکیشدا واتای تایبەت بەخۆی هەیە، وەك:

ڕەگ: ١- (ڕەگ)ی داروددرەخت لە بواری کشتوکاڵیدا. ٢- (ڕەگ)ی چاوگ لە بواری خوێندنی ڕێزماندا. ٣- (ڕەگ)ی ددان لە بواری پزیشکیدا. ٤- ڕەگی دووجا و سێ جا/ لە بیرکاریدا.

شایانی باسکردنە، کە وشەی ڕەگ لە خاڵی (١)دا واتا بنجییەکەیە، بەڵام لە خاڵەکانی (٢) و (٣) و (٤)دا بە هۆی گواستنەوەی بوار بۆ بوارێکی تایبەت بەکارهاتووە و شتێکی تر دەگرێتەوە، بەڵام لە واتا سەرەکییەکەی خۆی دوورنەکەوتۆتەوە کە واتای (بنج) یان کرۆك دەگەیەنێت لە هەموو بوارەکاندا و بەمەش فرەواتایی دروست کردووە.

٣- ((واتای تاکە وشەیەك بە زیاتر لە واتایەك لە ئەنجامی گۆڕانی لە لایەنی واتاوە، کە ئەویش Polysemy فرەواتایە بۆ یەك دەروازە)). (عمرو محمد مدکور، ٢٠١١: ١٥١)

وەك وشەی (مێش) كە لە زمانی كوردیدا بە زیندەوەرۆچكەیەكی باڵدار دەوترێت، هەروەها واتای ئەم وشەیە گواسترایەوە بۆ مێش (پرچی مرۆڤ)، چونكە لە شێوەدا لە مێشی زیندەوەرۆچكە دەچوو.

## ب- سیما و تایبەتییەكانی فرەواتایی:

١- كاتێك كەوا وشەیەك زیاتر لە واتایەكی دەبێت، واتاكان ژمارەیان بۆ دادەنرێت و بە زنجیرە ڕیزدەكرێن. ئەم یاسایەش لەسەر فرەواتا جێبەجێ دەكرێت. (عمرو محمد مدكور، ٢٠١١: ١٥٢)

لە فەرهەنگدا یەك دەروازە بۆ فرەواتا دەكرێتەوە، وەك :

ڕۆژ: ١- ئەستێرەیەكە لە ئاسماندا، تەنێكی گۆیی ئاگراوی ڕەنگ زەردە و ڕووناك و گەرمی بە زەوی دەبەخشێت. ٢- ڕۆژ (ڕۆژەكانی هەفتە) كە ژمارەیان حەوت ڕۆژە بریتین لە:(شەممە، یەك شەم، دووشەم، سێ شەم، چوارشەم، پێنج شەم، هەیینی). ٣- ڕۆژ (ناوی مرۆڤ).

٢- واتاكانی وشەیەكی فرەواتا لەیەكترەوە نزیكن و پەیوەندییان بە وشە ڕەسەنەكەوە هەیە، هەروەكو لە خاڵی ژمارە (٢) لە سەرەوە لە نموونەی ((ڕۆژ))دا دەردەكەوێت كە ڕۆژ لە ژمارە (١)دا لە دەروازەكە واتای بنچینەیی و ڕاستەقینە پیشان دەدات، بەڵام ڕۆژی ژمارەكانی (٢) و (٣) لە ڕۆژی ژمارە (١) وەرگیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا واتاكان لە یەك بنچینەوە سەرچاوەیان گرتووە و پەیوەندیان بە یەكترەوە هەیە.

٣- لە ڕاستیدا دەتوانین وای دابنێین ئەگەر بێت و جیاوازییەكانی وشەكان ڕێكخراو (ڕێك و پێك) بوو و تا ڕادەیەك واتاكانیان پێشبینیكراو بوو، ئەوا لەو حالەتەدا وشەكان زیاتر بەلای فرەواتادا دەبن نەك هاوبێژی. (ف- بالمر، ١٩٨٥: ١١٩)

٤- لێكۆڵینەوە لە فرەواتایی پەیوەندییەكی پتەوی بە وشەكانەوە هەیە لە ئاستی ستوونیدا، ئەمەش بە هۆی ئەوەی دیاردەكە پشت بە جیاوازییە سیمانتیكییەكان نەك ڕێزمانییەكان دەبەستێ. (صباح رشید قادر، ٢٠٠٠: ١١)

## پ- كێشەی فرەواتایی:

بە بۆچوونی باتنی[٥] لە فرەواتاییدا وشە پەیوەندی بە چەند وێنەیەكی هۆشەكییەوە هەیە و لە نێوان ئەم وێنە هۆشەكییانەدا پەیوەندییەكی دوو سەرە هەیە. ئەو بە پێچەوانەی ئەو كەسانەی كە بوونی فرەواتایی بە كەم و كوڕی زمان دەزانن، پێی وایە كە دیاردەی فرەواتایی ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە بواری زماندا. (كوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٥٠)

---

(٥). باتنی زمانەوانێكی فارسی ئێرانییە.

"پاڵمەڕ" ئاماژە بە چەند گرفتێك دەكات لە لێكۆڵینەوەی كێشەی فرەواتاییدا كە ئەمانەن:

**گرفتی یەكەم:** ئەوەیە، كە بە گشتی وشەكان ئاماژە بە وێنەی جیاجیا دەكەن و هەرئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی، كە نەتوانین بە شێوەیەكی دابڕ فرەواتایی دەستنیشان بكەین. (**كوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٤٧- ٤٨**)

بۆ نموونە كاری "هێنا" لە فراوانترین بەكارهێنانیدا ئاماژە بە چەند واتایەكی جیاواز دەكات، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەیخەینەڕوو:

١- شیلان خواردنەكەی هێنا.
٢- شیلان هەواڵەكەی هێنا.
٣- شیلان منداڵێكی هێنایە دونیاوە.

بۆ نموونە ئایا دەكرێ نموونەكانی (٢، ٣) وەكو نموونەی (١) لەبەرچاوبگرین یان نا؟ بە واتایەكی تر: ئایا دەكرێ (خواردن هێنان) و (هەواڵ گەیاندن) و (منداڵ بوون) وەكو یەك لەقەڵەم بدەین ؟!

**گرفتی دووەم:** بەكارهێنانی خواستنی وشەكانە، ئەم گرفتە دەبێتە هۆی ئەوەی، كە واتاناس بۆ نیشانكردنی واتای وشەیەك ڕووبەڕووی دوودڵی ببێتەوە. بۆ نموونە ئایا لە كاتی پۆلێنكردنی وشەكان لە دەروازە دەنگییەكانی زماندا، دەشێ یەكێك لە واتاكانی ((نرگس))، ((روزنە)) ... هتد بە چاو بزانین یا نا؟ (**سەرچاوەی پێشوو: ٤٨**)

شایانی ڕوونكردنەوەیە بزانین هەر یەك لە وشەكانی ((نرگس)) و ((روزنە)) چەند واتا دەبەخشن لە زمانی فارسیدا:

((نرگس: ١- گوڵی نێرگز. ٢- نازناوی ڕۆستەم[٦]ی پاڵەوانە.)) (**مسعود خالد گولی، ٢٠٠٢: ٣٥٨-٣٥٩**)
٣- ناوی ئافرەتانە لە زمانی كوردی و فارسیدا.

روزنە : ١- دەلاقە. ٢- ڕۆژنە. ٣- كون. ٤- كەلێن. ٥- هەر كون و كەلەبەرێك كە لە دیوار، یان لە شتێكی تردا بێت. (**زاهیر محمد رەشید، ٢٠٠٨: ٣٤٥**)

**گرفتی سێیەم:** بریتییە لە جیاكردنەوەی فرەواتایی و هاوبێژی لەیەكتر.

(٦). ڕۆستەم مەزنترین پاڵەوانی داستانی ئێرانییە.

"ئۆلمان" له دوو گۆشه نیگای (ئێستایی و مێژوویی) له کێشەی فرەواتایی کۆڵیوەتەوە:-

١- به بڕوای ئەو فۆڕمێکی زمانی دەتوانێت له کاتێکی دیاریکراودا چەند واتا لەخۆبگرێ، نموونەش بۆ ئەم جۆرە فرەواتایە (فرەواتای ئێستایی) وشەی ((ڕۆشن))ە له زمانی فارسی ئەمڕۆدا. (کورۆش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٤٥- ٤٦) که ئەم واتایانەی لەخۆدەگرێت:

روشن: ١- ڕۆشن، ڕۆشنا، ڕووناك (دژی تاریك). ٢- ڕوون، دیار، ئاشکرا، زانرا. ٣- کەم ڕەنگ. ٤- ئاگا، بەرچاو ڕوون (ادم روشنی أست). ٥- به شێوەی ئاشکراو ڕوون. ٦- بیینا (دیتن)، چاوتیژ (چشم روشن). ٧- شاد، دڵخۆش، کامەران. ٨- باوەڕپێکراو. ٩- بەناوبانگ. (هەژیر عەبدوڵلا پوور، ٢٠٠٨: ٦٦٣)

٢- یا له ئەنجامی تێپەڕبوونی کاتەوە واتای جیاجیای هەبێ، که ئەمەش (فرەواتایی مێژوویی) دەگرێتەوە. (کورۆش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٤٥- ٤٦)

## ت- ڕێگەکانی دروستبوونی فرەواتا:

توانای وشەیەك له گوزارشتکردنی بۆ چەند واتایەك تایبەتییەکە له تایبەتییە بنچینەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ و تەنها به سەیرکردنێك بۆ هەر فەرهەنگێك له فەرهەنگەکانی زمان، ئەوا بیرۆکەیەکمان لەبارەی زۆری ئەو دیاردەیە پێدەبەخشێت. (ستیفن اولمان، ١٩٧٥: ١١٤)

لەبەرئەوەی فرەواتایی له ئەنجامی گۆڕانی واتای وشه و بەکارهێنان و خواستنەوە دروست دەبێت، بۆیه به پێویستمان زانی باس له ڕێگەکانی دروستبوونی فرەواتا بکەین:

### ١- ڕێگەی بەکارهێنان:

وشه له ناو فەرهەنگدا واتایەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام له ناو قسەکردندا به پێی سیاقی قسەکە واتای نوێ وەردەگرێت. کەواته واتای وشه بەپێی ناوەندی بەکارهێنانەکەی دەگۆڕێت، وەك (فتجنشتاین) لەبارەی چەمکی واتای سیاقیدا دەڵێ:((لێکدانەوەی واتای وشه به ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکرێت و پشت دەبەستێ بەو دۆخە جیاجیایانەی که وشەکەی تێدا بەکاردێ، وشەکان له خودی خۆیاندا وەك مردوو وان، بەکارهێنانیان له سیاقدا دەیانژیێنێتەوە)). (محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٣٩)

زۆر له وشه فەرهەنگییەکان له ئەنجامی بەکارهاتنیان له دەرەوەی فەرهەنگدا واتای تر وەردەگرن و فرەواتایی دروست دەکەن، بەکارهێنانیش ئەمانە دەگرێتەوە:

### أ- بەکارهێنانی ناو:

بریتییە له بەکارهێنانی ئەو (فرەیزە ناویانەی)، که فرەواتان و له شوێنی جیاجیادا بەکاردێن و واتای جیاواز دەبەخشن. وەك:

١- ئازاد نان دەكڕێت. لەم ڕستەیەدا ((نان)) فرەیزێكی ناوییە و بە واتای (كولێرە) هاتووە.
٢- ئازاد نان دەخوات. لێرەدا ((نان)) كە فرەیزێكی ناووییە، بە واتای (ژەم) هاتووە.
٣- ئازاد نانی بڕا. لەم ڕستەیەشدا ((نان)) بە واتای (بژێو- ڕزق) هاتووە، كە فرەیزێكی ناوییە.

**ب- بەكارهێنانی ئاوەڵناو:**

بریتییە لە بەكارهێنانی ئەو (فرەیزە ئاوەڵناوییانەی)، كە لە ئەنجامی لێكدان و بەكارهێنانیان لەگەڵ وشەی جیاواز، دەبێتە فرەواتا و واتای جیاواز دەبەخشێت. وەك:

١- تەلەفزیۆنێكی باشە. واتە باشە و خراپ نییە، كە لێرەدا (باش) بە واتای ڕەسەنی خۆی هاتووە.

٢- ئەحمەد پیاوێكی باشە. لێرەدا ((باش)) بە واتای سیفات و خوڕەوشتی باش (چاك) هاتووە.

٣- سازگار قوتابییەكی باشە. لێرەدا ((باش)) بە واتای (زیرەك) هاتووە. واتە سازگار قوتابییەكی زیرەكە.

٤- كاروان پارەیەكی باشی هەیە. لەم ڕستەیەدا ((باش)) بە واتای (زۆر) هاتووە، واتە كاروان پارەیەكی زۆری هەیە.

**پ- بەكارهێنانی كار:**

ئەم جۆرەشیان بریتییە لە بەكارهێنانی (فرەیزێكی كاری) لەگەڵ ناوی جیاواز، لێكدانیان لەگەڵ یەكتر لەناو ڕستەدا دەبێتە وشەیەكی فرەواتا و واتای جیاواز دەبەخشێت. وەك:

١- سۆران نانی خوارد. (ژەم خواردن)
٢- سۆران غەمی خوارد. (غەم خواردن)
٣- سۆران یەك پاكەت جگەرە خوارد. (جگەرە كێشان)
٤- سۆران سوێندی خوارد. (بەڵێنی دا)
٥- سۆران ڕۆژووەكەی خوارد. (بەڕۆژوو نەبوو)

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەی (خوارد)، كە كارێكی ڕابردووی سادەیە، لە ئەنجامی باوی وشەكە و زۆر بەكارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا كاتێك لەگەڵ هەندێ ناوی جیاوازدا یەك دەگرێت لە ئاخاوتن یان لە ناو ڕستە و سیاقدا، ئەوا واتای جیاواز دەبەخشێت و دەبێتە وشەیەكی فرەواتا.

## ٢- گۆڕانی واتای وشە:

زمان هەمیشە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، گۆڕانی واتای وشەش دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەم گۆڕانە گشتییەوە كە لەگەڵ هەموو پێداویستییەكانی ژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵ دێتە كایەوە. (ساكار

ئەنوەر حەمید، ۲۰۰۹: ٥٣) ئەم گۆڕانەش لە زۆربەی زمانەکانی جیهان دەردەکەوێ. گۆڕانی واتای وشەش بێ سنوورە، بە واتا بەردەوام واتای وشەکان لە گۆڕاندان. لە لایەکەوە ژمارەی واتاکانی وشەیەك زۆردەبن و لە لایەکی دیکەشەوە واتای نوێ دێنە پاڵ واتای بنجیی و فەرهەنگی وشەکان. (محەمەدی مەحوی، ۲۰۰۹: ۳۱– ۳۲)

## ٣– گواستنەوەی واتایی:

((گواستنەوەی واتا ئەنجامی بەکارهێنانی میتافۆڕی دەربڕینەکانە. بڕوانە بۆ نموونە، ناوی ئەندامەکانی لەشی مرۆۋ بە واتاو ناوەڕۆکی گوێزراوەوە بۆ ئەو چشت و کەرەستانەی کە مرۆڤین یان مرۆڤی نین. وەك /قاچ/ لە قاچی کورسی داو، /چاو/ لە چاوی عەلادیین داو، /لووت/ لە لووتکە و لووتی شاخداو، /باڵ/ لە باڵی فڕۆکە داو، /دەم/ لە دەمپایی دا ... هتد)). (هەمان سەرچاوە: ۸۳)

گواستنەوەی واتایش بە دوو ڕێگا دەبێت:–

### أ– بە ڕێگەی خواستن:

خواستن لای زانایانی ڕەوانبێژی گۆڕینی واتای وشەیەکە لە واتا سەرەتاییەکەوە بۆ واتایەکی نوێ. زمانەکان ئەم شێوازە بەکاردێنن لە نەشونمای زاراوەسازیدا، زاراوەسازان پەنا دەبەنە بەر واژە کۆنەکان و بۆ واژەیەکی نوێ بەکاری دێنن و بەو پێیە وشەکە واتایەکی نوێ پەیدا دەکات لە جیاتی یان سەرباری واتا کۆنەکەی. (جەمال عەبدول، ۲۰۰۸: ٦٤) لە دیارترین جۆرەکانی پەیوەندی لە نێوان واتاکاندا ((خواستنە))، کە تیایدا وشەیەك واتایەکی کارەکی و واتایەك یان چەند واتایەکی تریشی دەبێت. (ف– بالمر، ۱۹۸٥: ۱۱۹)

بۆ نموونە وەکو وشەی ((چاو)) لە چاوی مرۆڤەوە گواستراوەتەوە و خوستراوە بۆ چاوی کامێرا و چاوی ژوور، هەروەها ((سەر)) لە سەری مرۆڤەوە بۆ سەری مەنجەڵ و دەبەو ... قاچ لە قاچی مرۆڤەوە بۆ قاچی مێز و کورسی و ... هیتر. کە ئەمانەش دەچنە خانەی فرەواتاوە، "چونکە ئەگەر هەر وشەیەك زیاتر لە واتایەکی بەخشی، بە هەر شێوەیەك بێت، بەمەرجێك ڕەگ و ڕیشەی وشەکان یەك بێت، ئەوا وشەکە دەچێتە خانەی فرەواتاوە و بەفرەواتا لە قەڵەم دەدرێ. بۆ نموونە (بروسکە) کە ناوی ڕووناکی ئەو چەخماخەیەیە، کە لە هەورە تریشقە پەیدادەبێت، بۆ واتای "برقیە" (Telegraph) بەکاری دێنین، کە واتایەکی جیاوازە لە واتا ئاشکراکەی. هەروەها وشەی (ماڵوێرانی) لە کوردیدا واتای وێرانبوون و تێکچوونی ماڵی کەسێك بە هۆی ڕووداو و کارەساتێکەوە (وەك: بوومەلەرزە، ئاگرکەوتنەوە، لافاو، ئاوارەبوون ...) و تێکچوونی شیرازەی خێزان و مردنی گەورە، یان کەیبانووی ماڵ و یان ڕووداو و کارەساتی جەرگبڕ و ناخۆشی تریش دەگەیەنێت، بۆیە بەم پێیە وشە لە هەموو زمانێکدا سنووری هەیە و کۆتایی دێت، بەڵام واتا هەرگیز کۆتایی نایەت و لە گەشە و پەلوپۆ هاویشتن و پەرەسەندن دایە، ئەم دیاردەیەش وای لە

میللەتان کردووە، هەندێ وشەی زمانەکەیان بۆ دوو واتا یان زۆرتر بەکاربهێنن". (جەمال عەبدول، ٢٠٠٨: ٦٤- ٦٧)

ب- بە ڕێگەی خوازە:

خوازە: بریتییە لەوەی، کە وشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەبرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستێکی تر بگەیەنێ.

((مانای مەجازی (خوازراو) بەو مانایە دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقیعی نیشان نادات، بەڵکو لە ڕێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ دیاردەیەکدا مانا دەدات. بە وێنە وشەی ((ئاگرنانەوە)) لە زمانی کوردیدا بە مانای (ئاگربەردان بە شوێنێکەوە کە بسوتێ) و (هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاشوبنانەوە) دێت. مانای یەکەمی ئەم وشەیە – ئاگربەردان بە شوێنێکەوە کە بسوتێ – کە مانایەکی حەقیقی یە ئاشکرا دیارە کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقیعی نیشان دەدات. بەڵام مانای دووەمی کە – هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاشووبنانەوە – یە مانایەکی مەجازی یە و ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقیعی نیشان نادات، چونکە ئاشکرا دیارە کە لەم ڕووداوەیاندا (گڕگرتن و سووتاندن)ی تێدا نییە، بەڵکو ئەم کارە کە (ناخۆشی و وێرانی و خراپی...) لەدوایە، لە ئەنجامی (گڕگرتن و سووتاندن)ەوە نزیکە. بەم جۆرە لە ڕێگای نزیکی و وێکچوون و پەیوەندی ئەو دوو ڕووداوەوە، وشەی ((ئاگرنانەوە)) بەو دوو مانایە، واتە – حەقیقی و مەجازی – هاتووە)). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥: ١١)

وەفایی دەڵێ:

گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ هەموو وەختێ چاوەچاوم

ئەی خودا تۆ بڵێی بێتەوە ڕۆنایی چاوم

لێرەدا لە جیاتی ئەوەی وەفایی بە وشەی دروست و ڕاستەقینە بڵێ ((یارەکەم دەڵێن ئەوا دێ))، بە جۆرێکی تر دەربڕیوە و دەڵێ: ((گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ)). واتە ڕاستەوخۆ ناوی یاری نەبردووە، وای بە چاك زانیوە کە وشەیەکی تر بەکاربێنێ، لە (گوڵ)یش پەسەندتر و لە یار وەشاوەتری نەدیوەتەوە، بۆیە ناچاربووە وشەی (گوڵ) بخوازێ بۆ دەربڕینی یار .. گوڵ دوو مانای هەیە: یەکی دروست، کە ئەو کولوکە ڕەنگاوڕەنگ و بۆن خۆشەیە، کە بۆن و بەرامەیەکی خۆشی هەیە، مانای دووەمیشی دڵخوازی خۆیەتی. جا لێرەدا وەفایی مەبەستی مانا خوازەییەکەیە کە یارە نەك گوڵی ڕاستەقینە، نیشانەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە دەڵێ ((دەڵێن ئەوا دێ))، هەڵبەت گوڵی ڕاستەقینە توانای بزووتن و هاتنی نییە، مەگەر بە دەم شنەی باوە لە جێوە بجوولێتەوە ئەگینا هیچ. (عەزیز گەردی، ١٩٧٢: ٦٩)

### پ- وشه له نێوان واتای دروست و واتای خوازراودا:

ئەوەی بەدواداچوون لە پێکهاتەکانی واتا دەکات دەبینێت، کە ئەو واتایەی لە فەرهەنگەکاندا هەیە، ئەوە واتا ڕاستەکەیە بۆ وشە، کەوا دابەش بووە لە نێوان واتا هەستییە ئاماژە بۆکراوەکان لە شیعردا، هەروەکو لە فەرهەنگەکانی (العین، الجمهرة، المجمل، الأساس، المصباح، المحیط، أقرب الموارد، البستان، الوافي، الهادي) هەیە و لە نێوان واتای عەقلی (هۆشەکی)دا، بە تایبەتی واتای زمانی کە لە فەرهەنگی تری غەیری ئەو فەرهەنگانەی ناومان هێنان هەیە.(عبدالکریم مجاهد، ٢٠٠٦: ٦٥)

وشەی دروست ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ پەیدابوون و پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەك هەر یەکە بۆ دەربڕینی مانایەك یان شتێك دانراوە، وەکو: (گوڵ، چیا، بروسك، باران، ئاو، مانگ ...). خۆ ئەگەر ئەم وشانە بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای خۆیان بەکاربرێن ئەوا ئەبێ بە خوازە - المجاز- وەکو "مانگ" کە ئەو جورمە ئاسمانییەیە بە دەوری زەمیندا ئەسوڕێتەوە، بەڵام دوور نییە ئەم وشەیە بۆ مانایەکی تر بخوازرێ، وەکو (کە زولفی لاکەوت مانگێ کەوتە دەر). بێگومان لێرە مانگ بۆ مانای دروستی خۆی نەهاتووە، بەڵکو مەبەست ڕوخسار و کوڵمە!

خوازەش هەرئەبێ لە دوای دروستەوە بێ، چونکە لە پێشا وشەکە بۆ مانایەك دانراوە، پاشان هەمان وشە بۆ ڕاگەیاندنی مانایەکی تر خوازراوە .. لە هەمان کاتیشا ئەگەر ئێمە وشەیەك بە ڕەق و ڕووتی ببینین ناتوانین فەرمانی بەسەرا بدەین کە ئەم وشەیە دروستە یا خوازە! چونکە دروستی یا خوازەیی لە بەکارهێنانا دەرئەکەوێ .. (عەزیز گەردی، ١٩٧٢: ٦٦)

زانیاری زیاتر لەم ڕستانەی خوارەوە بەرچاودەکەوێت:-

١- "گڵۆپێك"ی گەورەم لە ژوورەکەدا پێکرد.
٢- "گڵۆپێك"م دیت قسەی دەکرد ڕێگەی ڕووناکی بە خەڵکەکە پیشان دەدا.
٣- "دەریاکە" دوێنێ شەو هێمن بوو.
٤- ئەو "دەریایە" دەستی بۆ پشتیوانی و بەخشین درێژ دەکات.

لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی "گلۆپ" ئاماژە بۆ واتای زمانی "گڵۆپ" دەکات، کە بۆ ڕووناك کردنەوە بەکاردێت، هەر وشەیەکیش لەو واتا زمانییەی بۆی دانراوە بەکاربێت پێی دەوترێت ((ڕاستی)).

لە ڕستەی دووەمدا، وشەی "گڵۆپ" ئاماژە بە گڵۆپی ڕاستی ناکات و بەڵگەش بۆ ئەمە وشەی ((قسەی دەکرد))ە، چونکە گڵۆپی ڕاستی قسەناکات، هەر وشەیەکیش ئاماژە بۆ واتای ڕاستەقینە نەکات پێی دەوترێت ((خوازە)). تێبینی پەیوەندییەك دەبینرێت لە نێوان واتای ڕاستەقینە و واتای خوازراودا بۆ هەردوو وشەی ((گڵۆپ)) لە هەردوو ڕستەکەدا و ئەم پەیوەندییەش هاوبەشی هەردوو وشەیە لە واتای ڕووناکیدا.

لە ڕستەی سێیەمدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەوا وشەی "دەریا" ئاماژە بۆ دەریای ڕاستەقینە دەکات و واتا ((ڕاستەکەیە)).

لە ڕستەی چوارەمدا وشەی "دەریا" گوزارشت لە واتای ڕاستەقینەی دەریا ناکات، بەڵکو ((خوازە))یە و پەیوەندی نێوان هەردوو وشەکەی ((دەریا)) لە واتادا فراوانی و بەخشینە و جیاکەرەوەی قەدەغەکەر لە خواستنی واتا ڕاستەقینەکە وشەی ((درێژکردنەوە))یە، چونکە دەریا دەستی نییە تا درێژی بکات. (محمد طاهر اللادقي، ٢٠١٠: ١٥٨)

## ٤- فراوان بوونی واتا:

فراوان بوونی واتا (widening) یان درێژبوونەوەی (extension)، ئەو کاتە ڕوودەدات کاتێك کە لە واتایەکی تایبەتییەوە دەگوازرێتەوە بۆ واتایەکی گشتی. فراوان بوونی واتاش مانای ئەوەیە کە وشەکە بە ژمارەیەکی زیاتری واتا لە چاو واتای پێشووی ئاماژەی بۆ دەکرێت، یان بواری بەکارهێنانی لە جاران فراوانتر دەبێت. (احمد مختار عمر: ٢٠٠٩: ٢٤٣) واتە وشەکە بە تێپەڕبوونی کات واتایەکی فراوانتر پەیدا دەکات و دیاردەیەکی گەورەتر دەگرێتەوە. لە سەرەتادا وشەکە بۆ یەك واتا بەکارهاتووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات واتایەك یان چەند واتایەکی تری وەرگرتووە و واتاکەی فراوان بووە. فراوانبوونی واتای وشە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا باوەو بە دیاردەیەکی سوودبەخش بۆ زمان دادەنرێت. بۆ نموونە ((وشەی "باسقەندە" بە (داردەستێك دەوترێ کە لە داری بەڵاڵووك دروست کرابێ). بێ شك ئەمە ناوە بۆ یەك شت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم مانایە فراوان بووە و بە (هەموو دارێکی باریکی لووسی کون کراو کە کرابێ بە دەسکی قەندە) هەر دەوترێ "باسقەندە")). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥: ١٣)

زۆربوونی مەودای یان بواری واتای وشەیەك بە (فراوانبوونی واتایی) ناسراوە. بۆ نموونە لە وشەیەکی وەك "زمان" بە واتای فەرهەنگی (ئۆرگانی چەشتنی ناو دەم) و پاشانیش بە واتای وەرگیراوی (زمانی ئاخاوتنی مرۆڤ) و دوای ئەویش بە واتای (دەسەڵات) و پەیوەندی بە بیرەوە دەبینرێتەوە. فراوان بوونی واتا دەبێتە هۆی فرەواتایی و بۆیە فرەواتا ئەگەری بوونی هەیە، چونکە نیشانە واتاییەکان ڕێگەی بۆ خۆشدەکەن و ڕێگەشی پێدەدەن. واتاکانی وشەی فرەواتا کەمتر لە (واتا بنجی)یەکەی دووردەکەونەوە. بۆ نموونە وشەی"سەر" لە: (سەرتاپا)، (سەری گیانلەبەر)، (سەرقاپ)، (سەری مەنجەڵ)دا بەراوردیان بکە لەگەڵ ناوە ئاوەڵکردارییەکەی "سەر"دا، لە: (سەرتوێژ) و (سەربان) و ... هتد دا. ئەم تایبەتمەندییەی دواییانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوێگر و خوێنەر وەك کەسی بەرامبەر لە تێگەیشتن و کردەی لەیەکگەیشتندا ئەرکی کەمتر و ماندوبوونی کەمتریان لەسەر بێت. (محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٩: ٣٢- ٣٣)

## ٥- تەسك بوونەوەی واتا:

تەسك بوونەوەی واتا (narrowing) – کە ئیبراهیم ئەنیس ناوی ناوە تایبەتکردنی واتا – بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی فراوان بوونی واتا لە قەڵەم دەدرێت. ئەمەش واتە: گواستنەوەی واتا لە مانای گشتییەوە بۆ مانای بەشی، یاخود تەسکبوونەوەی بوارەکەی. هەروەها هەندێکی تر وا پێناسەیان کردووە: بەوەی کەوا دەستنیشانکردنی واتای وشە و کەمکردنەوەی واتاکەیەتی. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٢٤٥) لێرەدا وشەکە واز لە واتا گشتییەکەی خۆی دێنێ و پسپۆڕی لە واتایەکی تەسکتردا پەیدا دەکات، لەوانەشە وشەکە هەردوو واتاکەی بپارێزێ لە هەمان کاتدا. بە واتایەکی تر هەندێ جار واتایەکی گشتی هەبێت و هەندێ جاریش بە واتایەکی تەسکتر بەکاربێت. (محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٢٨) تەسکبوونەوەی واتا دیاریکردنی قەوارەی واتاو بە تایبەتی ئەوەی دەقەکانی بەکارهێنانەکەیەتی. بۆ نموونە: "چرا" بۆ ناولێنانی هەموو (چرایەك) و بۆ (گڵۆپ)ی کارەبایش بەکاردەهێنراو ئەمڕۆ بەزۆریی پەیوەستە هەر بە "چرا"وە. ئەمیان تایبەتبوونی قەوارەی واتا نوێکەیە بەرامبەر بە واتا کۆنەکە. (محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٩: ٨٣)

نموونەش لەسەر ئەمە زۆرە لەوانەش:

١- بۆ نموونە لە ئەمەریکا پێش دە ساڵێك ئافرەت دەیگوت بەوەی کەوا " a pill" یّکی هێناوە، گوێگری خۆهەڵقورتێنیش دەیپرسی: بۆ چ مەبەستێك؟ بۆ لێنەگەڕانی سك پڕی؟ یا بۆ چارەسەری سەر ئێشان؟ یا بۆ چارەسەری مەعیدە؟. دواتر لەگەڵ زۆربوونی بەکارهێنانی هۆکاری لێنەگەڕانی دووگیانی لە ڕێگەی حەبی birth control pill – وشەی pill واتاکەی تەسك بۆوە و وای لێهات تەنها بۆ مەبەستی ((حەبی لێنەگەڕانی دووگیانی)) بەکاربێت. تای وای لێهات نوسەران شەرمیان کرد لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە واتا گشتییەکەیدا، بۆیە وشەی tablet یان بەسەردا فەرزکرد. (احمد مختار عمر، ٢٠٠٩: ٢٤٦)

٢- وشەی "poison" ئینگلیزی، کە واتای ((ژەهر)) دەگەیەنێت و لە بەرامبەریشی لە زمانی فەڕەنسی پێی دەگوترێ "doisou"، کە ((بە هەموو جۆرە شروبێك)) دەوترا، بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوەبوو، کە لە نێوان شروبەکاندا تەنها شروبە ژەهرییەکان ئەو ناوەی بۆ مایەوە و بەسەریدا بڕا جا لەبەر هەر هۆکارێك بووبێت. بەمەش واتاکەی سنووردار مایەوە و لەسەر چەند شتێکی کەم کورت بووەوە، کە ژمارەیان زۆر کەمتر بوو لەچاو ئەوەی کە وشەکە لە پێشتردا بەکاردەهات. (ستيفن اولمان، ١٩٧٥: ١٦٢)

## ٦- بەرزبوونەوەی واتا:

وشەیەك کە لە بنەڕەتدا بارودۆخێکی خراپی گەیاندبێت، وازی لەو واتایەی هێناوەو واتایەکی باشتری وەرگرتووە، بۆ نموونە وشەی (شۆخ)، کە ئێستە بە واتای (جوان) دێت لە قۆناغێکی پێشتردا بە واتای (بێ حەیا) بەکارهاتووە. (محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٢٩)

### ٧- نزمبوونەوەی واتا:

ئەمەش پێچەوانەی بەرزبوونەوەی واتایە و کاتێ ڕوودەدات کە وشەیەك واز لە واتایەکی باش یان بێ لایەن بێنێ و واتایەك وەرگرێ کە سووکی و ڕیسوایی بگەیەنێ. بۆ نموونە وشەی (بۆر) کە لە وشەی (بۆرە سوار) و (بۆرە زەلام)دا دەبینرێ لە بنەڕەتدا لە واتادا بێ لایەن بووە، بە واتای ئەوەی نە دۆخێکی خراپ و نە دۆخێکی باشی گەیاندووە، لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا واتای وشەکە بەرەو ڕیسوا بوون هاتووە، چونکە ئەم وشەیە ئێستە بە واتای مرۆڤێکی لات و بێ پارەو بێ بەهاو بێ باوەڕ دێت. **(محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٢٩)**

### ٨- فرەواتایی بە هۆی کاریگەری زمانی بێگانە:

بە بۆچوونی ئۆلمان کاریگەری زمانی بێگانەش لە ڕیزی ئەم هۆیانەیە کە دەتوانێت کاربکاتە سەر واتای وشەیەك و بە فرەواتایی کۆتایی بێت. **(کوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٤٧)**

## ج- فرەواتا و ئاستەکانی زمان:

فرەواتا لە چەند ئاستێکدا دەبینرێت، کە ئەوانیش ئەمانەن:

### ١- فرەواتا لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا:

بە گشتی مۆڕفیم (morpheme) بە بچووکترین دانەی واتادار یان خاوەن ئەرکی زمان پێناسە دەکرێت، کە لە زنجیرەی ئاستی دانە ڕێزمانییەکان لە پێکهاتەی وشەدا بەکاردێ. هەروەکو باوە مۆڕفیمەکان بۆ دوو گرووپی سەربەخۆ و بەند دابەش بکرێت. **(سەرچاوەی پێشوو: ٤٢)**

أ- فرەواتا لە مۆرفیمی بەنددا:

فرەواتایی لەم ئاستەدا زیاتر ئەو مۆرفیمە بەندانە دەگرێتەوە کە چالاکن و بە کار، یان چاوگەوە دەلکێن. وەك: {ـ ەوە}

١- سیفەتی شلی دەدا بە کارەکە. وەك: خواردنەوەی شەوان پەسەند نییە.

٢- چەمکی دووپاتی بە کارەکە دەدا. وەك: هاتنەوە.

٣- چەمکی بن بڕکردنی کارەکە دەگەیەنێ. وەك: دارەکەی لە بنەوە بڕییەوە. **(صباح رشید قادر، ٢٠٠٠: ٢٩- ٣٠)**

ب- فرەواتا لە وشەدا: فرەواتایی لەم ئاستەدا ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە فەرهەنگی زماندا بە دانەیەکی فرەواتا لە قەڵەم دەدرێن. وەك: وشەی (توند)

١- بە مەبەستی کەم ئاوی. وەك: هەویرەکە توندە.

٢- بە مەبەستی شەتاندن. وەك: ئەو پەتە باش توندکە.

٣- بە مەبەستی تیژی و چێژ و تام. وەك: ئەو بیبەرە زۆر توندە.

٤- بە مەبەستی ڕەق و وشك ڕەفتاری. وەك: زۆر توندە. **(محمد معروف فتاح و صباح رشید قادر، ٢٠٠٥: ٨٠)**

## ٢- فرەواتا لە ئاستی سینتاکسدا:

أ- فرەواتا لە فرەیزدا: ئەو فرەیزانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە. بۆ خستنەڕووی فرەواتایی لە ئاستی فرێزدا ئەم نموونانەی خوارەوە دەهێنینەوە:

١- کتێب و دەفتەری کۆن.

٢- ژن و پیاوی پیر.

زمانەوانەکان بە گوێرەی لێکۆڵینەوە کۆنەکان فرێزەکانی (١) و (٢) بە لێڵ واتایی فرێزی دادەنێن. بە دڵنیاییەوە لێڵ واتایی ئەم کۆمەڵە فرێزە بە هۆی فرەواتایی فرێزەکانەوەیە. **(کوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٤٣- ٤٤)** چونکە لێرەدا نازانین کە ئایا فرەیزی ئاوەڵناوی کۆن تەنها بۆ دەفتەرەکە، یاخود بۆ دەفتەرو کتێبەکە دەگەڕێتەوە، هەروەها لە نموونەی (٢)دا نازانین، کە ئایا فرەیزی ئاوەڵناوی (پیر) تەنها بۆ پیاوەکە دەگەڕێتەوە یاخود بۆ هەردووکیان (ژن و پیاو)ەکە دەگەڕێتەوە.

ب- فرەواتا لە ڕستەدا: فرەواتایی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە.

بە ڕای کوروش سەفەوی[٧] ئەم جۆرە فرەواتاییە واتە (فرەواتا لە ئاستی ڕستە)دا لە پەیوەندی ئاسۆییدا دەردەکەوێت. **(کوروش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٤٤)** بۆ نموونە:

١- ئەو وەکو ئێمە وانە ناخوێنێ. ئەم ڕستەیە چەند واتایەکی هەیە، کە ئەوانیش ئەمانەن:

أ- ئەو وەك ئێمە باش وانە ناخوێنێ.

ب- ئەو وەك ئێمە خراپ وانە ناخوێنێ.

پ- ئەو وەك ئێمە وانە ناخوێنێ، خوێندنەوەی ئەوەی لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە جیاوازە.

لەبەر هەبوونی سێ واتای جیاواز بۆ ڕستەی ژمارە (١)، ئەوا ڕستەکە بە ڕستەیەکی فرەواتا لەقەڵەم دەدرێ.

٢- بۆچی نەتگوت دەمەوێ بڕۆم. ئەم ڕستەیە دوو واتای هەیە، کە ئەمانەن:

أ- تۆ بۆ نەتگوت دەمەوێ بڕۆم تاکو ئیزنم بدابای.

ب- تۆ گوتت دەمەوێ بڕۆم بۆیە منیش ئیزنمدای.

---

(٧). کوروش صفوي زمانەوانێکی فارسی ئێرانییە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە دایك بووە، لێکۆڵینەوەکانی بە زۆری لە بابەتەکانی زمانەوانی و واتاسازییە.

لەبەر هەبوونی دوو واتا بۆ ڕستەی سەرەوە، دەتوانین بە ڕستەیەکی فرەواتای دابنێین.

هەردوو ڕستەی (١) و (٢) بەپێی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە حالەتی لێڵ واتایی ڕۆنانی دان و ئەم لێڵ واتاییەش لە فرەواتایی ئەم جۆرە ڕستانە سەرچاوە دەگرن.

## ح- لێڵ واتایی (الغموض الدلالي):

لە ناو زمانە جۆراوجۆرەکانی دونیادا گەلێ وشە و فرەیز هەن، کە هەمان دەربڕین و نوسینیان هەیە، بەڵام واتای جیاواز دەبەخشن. واتە لە ڕووی نوسینەوە هاوپیتن یان هاوپیتی ناتەواون. لە ڕووی فۆنەتیکەوە بە یەك شێوە دەردەبڕێن، بەڵام جیاوازییان تەنها لە ڕووی سیمانتیکەوەیە، کە واتاکانیان لە یەکتر جیاوازن، ئەوانیش بریتین لە وشە فرەواتا و هاوبێژەکان.

چەمکی گشتی ئەو زاراوەیە ئاماژە بە وشە یان ڕستە دەکات، کە زیاتر لە واتایەك لەخۆدەگرێت (واتاکەش لێڵە)، کە لە زمانەوانیدا دەبینرێت و هەندێك جۆری لێڵی دانی پێدانراوە. لە زۆرترین گفتوگۆکاندا لە چوارچێوەیەکی فراوان باس لە جۆری (وشەیی)، یان (ڕۆنانی) لێڵی کراوە. (DAVID CRYSTAL, 2008: 22)

## خ- پێناسەی لێڵ واتایی:

لێڵی واتایی: بریتییە لە دوو واتای جیاواز، یان دوو لێکدانەوەی جیاواز، یان زیاتر. وشە یان ڕستە بە لێڵ دادەنرێت، ئەگەر توانرا بە زیاتر لە ڕێگەیەك لێکبدرێتەوە. دەکرێ لێڵی بە هۆی چەند هۆکارێکەوە دروست ببێ، وەك: هاوبێژی، فرەواتا، نەبوونی سیاق (دەوروبەر)ی تەواو و هیتر لە شێوەی ئەم پۆلانە. (Argenis A. Zapata, 2008: 4) بۆیە ئەگەر بەرامبەر هەر وشەیەك تەنیا واتایەك هەبوایە ئەوا ئەو هەموو لێڵی و ئاڵۆزییە نەدەهاتە ناو زمانەوە، هەرچەندە زمانێکی وا نموونەیی نییە، کە بەرامبەر هەر وشەییێکی تەنیا واتایەکی هەبێت. ( فەتاح مامە عەلی، ١٩٨٩: ٥٧)

## د- جۆرەکانی لێڵ واتایی:

### ١- لێڵی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا (لێڵی فەرهەنگی):

ئەو لێڵییەیە لە هەندێ وشەدا دەردەکەوێت، کاتێك کەوا ڕۆنانی ناوەوەیان دەکرێت بە زیاتر لە ڕێگەیەك لێکبدرێتەوە یان وەربگێڕدرێت. (Argenis A. Zapata, 2008: 5) ئەو وشانەی کە هەڵگری تاقە واتایەکن لە زماندا زۆر دەگمەنن، زۆربەی یەکە فەرهەنگییەکان پتر لە واتایەکیان هەیە. لای زۆربەی زمانەوانەکان لێڵی لەوەوە سەرهەڵدەدات، کە وشەیەك پتر لە یەك شیکردنەوەو مانای هەبێت. (کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان، ٢٠٠٦: ٣٢)

بە واتا لێڵی فەرهەنگی ئەوەیە وشەیێك یا مۆرفیمێك بە تەنیا ببیستریٚ یان بخوێنرێتەوە و گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لە مانایێك تێی بگا . وەك: (ڕواندن، بار، لایدا، خوێن، ڕان ... هتد)، کە ئەم واتایانەی دەدرێتە پاڵ. وەك:

١- ڕواندن ← چاندن
← تێپەڕی (ڕۆیشتن)

٢- بار ← بارە دارێك (حمل)
← بارێکی نالەبار (دۆخ)

٣- لایدا ← تێنەپەڕ (ئازاد لایدا)
← تێپەڕ (ئازاد شتێکی لادا)

٤- ڕان ← ڕانی لەش
← ڕانەمەڕ (وریا عمر ئەمین، ٢٠٠٩، ٢٩٣- ٢٩٤)

ئەمەش پەیوەندی بە بەکارهێنانی وشەوە هەیە، تا وشەیەك زیاتر بەکاربێت ئەگەری ئەوەی زیاترە ببێتە فرەواتا و هاوبێژ. لە ڕاستیدا ئەو وشانەی کە هەڵگری یەك واتان زۆر دەگمەنن، کە پێویستە واتاناس هەوڵی تێگەیشتنیان بدات، کە ئەمەش کارێکی ئەستەمە. (کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان، ٢٠٠٦: ٢٦)

٢- لێڵی لە ڕستەدا:

بریتییە لەو جۆرە لێڵییەی، کە لە هەندێك ڕستەدا دەردەکەوێت، کاتێك، کە ڕۆنانە سینتاکسیە دروستکراوەکە بە زیاتر لە ڕێگەیەك لێکبدرێتەوە. (Argenis A. Zapata, 2008: 5) دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، کە دەکرێت دەستنیشان بکرێن، ئەم هۆکارانەش کاتێ سەرهەڵدەدات ئەگەر ڕستەکە بە نوسراوی خرابێتە بەرچاو، بەلاّم لە کاتی ئاخاوتندا ئاخێوەر دەتوانێ ئەو لێڵییە تا سنورێکی زۆر کەم بکاتەوە لە ڕێگای ئەو ئاوازەوە کە دەیخاتە سەر ڕستەکە و جگە لەمەش دەوروبەر ڕۆڵێکی تەواو دەبینێ بۆ کەمکردنەوەی لێڵی و ڕوونکردنەوەی واتا، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ ڕستە کە بەرچاو دەکەون لێڵیان پێوە دیارە. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك: تۆ زۆر ڕۆیشتی.

ئەم ڕستەیە لە ڕۆنانی سەرەوەیدا یەك واتا دەبەخشێ، بەلاّم لە ڕۆنانی ژێرەوەیدا سێ واتا بەدەستەوە دەدات، کە ئەمانەن:

١- ڕێگایەکی زیاترت بڕی بۆ گەیشتن بە ناونیشانی شوێنێك.
٢- سنووری قسەکردنت بەزاند و هەڵەت بەرامبەر گوێگر کرد.
٣- لە بابەتی ئاخاوتنەکە دوورکەوتیەوە. (سازان رضا معین، ٢٠٠٥: ٤٠)

## ر- دروستبوونی لێڵی بە هۆی فرەواتا و هاوبێژییەوە لە زماندا:

لێڵی کاتێك دروست دەبێت کە فۆڕمێك چەند واتایەکی هەبێت. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم دواییەدا دەربارەی تەم ومژی واتایی کراون زیاتر گوێیان داوەتە بلاوی (هاوبێژی) و ئەو گێژاوانەی کە لە زماندا پەیدای دەکات. هاوبێژی لە هەندێ زماندا وەك (ئینگلیزی و فەڕەنسی) زۆربلاوە، چونکە وشەی یەك بڕگەیان زۆرە. لە فرەواتاییدا پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان بلاوی وشەو فرەواتاییدا، تا وشەیەك بلاوتر بێت لە زمانێکدا، تا زۆرتر بەکاربێت، واتای زیاتر دەبێت. (محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٧٤)

لە ڕاستیدا وشەی فرەواتا لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە دروست دەبێت و واتای تر دەبەخشێت، جا ئەمەش یا لە ئەنجامی گواستنەوەی واتای وشەوە دەبێت بۆ واتای تر، وەك: وشەی (مانگ) کە بەم واتایانە دێت:

مانگ: ١- (هەیڤ). ٢- مانگی ساڵ.

یان بە هۆی هاتنی لەگەڵ وشەی جیاواز دەبێت لەناو ڕستەدا، وەك: وشەی (خۆش)

خۆش: ١- بەتام، وەك: (چێشتەکە خۆشە). ٢- بە گڕوتین، وەك: (یارییەکی خۆشە). ٣- گفتی شیرین، وەك: (قسەی خۆشە). واتە وشەی ((خۆش)) بەواتاکانی (بەتام) و (گڕوتین) و (شیرین) هاتووە.

یا لە ئەنجامی گواستنەوە و خواستنەوە دەبێت. وەك: وشەی ((دەم)) لە دەمی مرۆڤەوە بۆ، دەمی چەقۆ، دەمی مقەست، دەمی قوتو، دەمی پلایز و جەرنافیز و کۆسەرە ... . هەر بۆیەشە لە فەرهەنگدا بەیەك وشەی خاوەن چەند واتایەکی جیاواز دەنوسرێت، واتە لەناو فەرهەنگدا یەك دەروازەی هەیە، هەروەکو لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێکرد.

بەڵام لە هاوبێژیدا لەبەر ئەوەی وشەکان لە ڕووی واتاوە لەیەکتر جیان و تەواو لێك دوورن و وشەی سەربەخۆن، بۆیە لە فەرهەنگدا هەریەکەیان بە جیاواز لەوی تریان دەنوسرێن، واتە وشە هاوبێژەکان هەر یەکەیان بەجیا دەنوسرێن و دەروازەی سەربەخۆیان بۆ دادەنرێت لەناو فەرهەنگدا، وەك وشەی (مار):

مار[١]: بە واتای ماڵ (خانوو) دێت.

مار[٢]: بە واتای (ماری گیانداری خشۆك) دێت.

له هەمان کاتیشدا ژمارەکان له هاوبێژییدا کەمێك له سەرەوەی وشەکان دادەنرێن، بەڵام له فرەواتاییدا ژمارەکانی تاکه دەروازەکه ئاسایی وەکو خۆیان دەنوسرێن بەبێ دەستکاری کردنیان.

نه فرەواتایی و نه هاوبێژی نابن به هۆی لێڵییەکی تێکدەر له زماندا، چونکه چوارچێوەی قسه زۆر شت ڕوون دەکاتەوە، هەرچەنده حاڵەتی وا هەیە، که له هەمان چوارچێوەدا لەوانەیه زیاتر له واتایەکی وشەیەك، یان چەند وشەیەکی هاوبێژ بتوانن بێن. گەر ئەم حاڵەته زۆر بڵاوبێت له ئەنجامدا ئەو وشەیه که دەبێته هۆی نەسازی دەبێت لەناو بچێت.

له فرەواتاییدا بێگومان هەموو وشەکه پێویست ناکات فڕێ بدرێ، بەڵکو یەکێك له واتاکانی وشەکه دەڕوات. بۆ نموونه وشەی (دڵگیر) به واتای (جوان) دێت، هەندێ جاریش بەهۆی وشەی (دڵ گرتنەوە) به واتای (ناخۆش) دێت، جا لەبەرئەوە هەرکاتێك هەردوو فۆڕمەکه توانییان لەناو هەمان قەوارەدا بێت، ئەوا فرەواتایی وشەکه دەبێته هۆی دروستکردنی تەمێکی وا سەرلێ تێکدەر که ناچارمان بکات یەکێك له واتاکانی وشەکه لەناوبەرین بۆ ئەوەی تەگەره لەڕێی لەیەکترگەیشتندا نەهێڵین و لێڵییەکه بڕەوێنینەوە. (محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٧٥)

جا لەبەرئەوەی فرەواتاش جۆرێکه له جۆرەکانی لێڵی، بۆیه واتاکەی تەنها له چوارچێوەی بەکارهێنانی له دەوروبەر (سیاق)دا دەدۆزرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی وشه و فرێز و ڕستەکان له سیاقی جیاوازدا واتای جیاواز دەبەخشن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوروبەر (سیاق) له چوارچێوەی دەربڕین و ڕستەدا تەنها ڕێگه به یەك واتا دەدات و لێڵی دەڕەوێنێتەوە، بۆیه واتای سیاقی لەگەڵ فەرهەنگ ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش لابردنی لێڵ واتاییە، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە، که واتای فەرهەنگی زیاتر له واتایەك لەخۆدەگرێت، بەڵام سیاق له یەك واتا زیاتر قەبوڵ ناکات. جا هەرچەنده فەرهەنگ و سیاق (دەوروبەر) هاوبەشی له ڕوونکردنەوەی لێڵی دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی واتای سیاقی (دەوروبەر) یەکه و نابێت به دوو، بۆیه لەم بارەیەوە (سیاق) له پلەی یەکەم دادەنرێت. (فەتاح مامه عەلی، ١٩٨٩: ٥٨)

((لێرەدا ئەوەی پێویستی به وتنه ئەو لێڵییەی که بەهۆی (فرەواتا و هاوبێژی) دروست دەبێ، له هەر ئاستێك بێ (مۆرفۆلۆجی یا سینتاکس) چەمکی لێڵییەکه که (واتاییە) ناگوێزێتەوە ئەو ئاستە. به واتاییێکی تر ناکرێ ئەو لێڵییەی بەهۆی هاوبێژی و فرەواتاییەوە دروست دەبێ، بۆ نموونه به لێڵی ڕێزمانی یا ڕۆنانی دابنرێ)). (صباح رشید قادر، ٢٠٠٠: ٣٩)

بەڵام لێڵی فەرهەنگی که پەیوەسته به وشەوە زیاتر وشه هاوبێژەکان دەگرێتەوە، چونکه وشه هاوبێژەکان به بێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەر (سیاق) دوو واتا یان زیاتریان هەیە و هەستیان پێ دەکەین، چونکه سەرچاوەی دروست بوونی وشەکان جیاوازن و واتاکانیان لێك دوورن، بەڵام هەرچی فرەواتاییه لەبەر ئەوەی هەموو واتاکانی تری له یەك وشه کەوتوونەتەوە و دروست بوونە، بۆیه له بەکارهێنانی لەناو ڕسته و سیاقەوە واتاکەی دەردەکەوێت. هەروەها لەبەر ئەوەی فرەواتا و هاوبێژی تا ڕادەیەکی زۆر لێك نزیکن و به ئەستەم لێك جیادەکرێنەوە، بۆیه به پێویستمان زانی

باس لەو ڕێگەیانە بکەین، کە ئەو دوو بابەتە لێك جیادەکاتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر سنوورێك لە نێوانیان دادەنێت.

## ز- ڕێگەکانی جیاکردنەوەی فرەواتا و هاوبێژی:

گفتوگۆکردن لە بارەی واتا وەك یەکەکان sameness of meaning کارێکی زۆر ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا سەختییەکی سەرەکی بەدی ناکرێت لە لێکۆڵینەوەی جیاوازی واتاییدا، سەرباری ئەوە وشە جیاوازەکان واتای جیاوازییان هەیە و خودی وشە کۆمەڵێك واتای جیاوازی هەیە ئەمەش فرەواتاییە. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا وشەی {عین} لە فەرهەنگدا ئەم شێوانە لەخۆدەگرێت {ئەندامی بینینی گیاندار (چاو)، بیر، ئەندام لە ئەنجوومەنی نوێنەران، هیتر ...}، لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت لەگەڵ ئەم چەمکە لە ڕواڵەت سادانەش تووشی ماندووبوون دەبین. (ف- بالمر، ١٩٨٥: ١١٦)

هاوبێژی یا ((لێکچوون)) یا ئەوەی کە بە پێی میتۆدی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان ((ڕەگەزدۆزی تەواو))ی پێدەگوترێت، بە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانی بواری واتایی دەژمێردرێت، کە بە پێی میتۆدی لێکۆڵینەوە واتاییەکان بە پێی ئەو پەیوەندییە تەنگەی کە بە دیاردەی ((فرەواتایی))یەوە هەیەتی لێی دەکۆڵرێتەوە. (کورۆش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٥٣)

پێش هەموو شتێك ناتوانین بە ڕوونی دەستنیشانی ئەوە بکەین کە ئایا دوو واتاکە وەك یەکن یان جیاوازن، دواتر بڕیاری ئەوە بدەین کە وشەکە چەند واتای هەیە، چونکە ئاسان نییە واتایەکی دیاریکراو بەرجەستە بکەین و لە تەواوی واتاکانی تر جیای بکەینەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین جیاوازی لە نێوان خواردنی گۆشت و خواردنی شۆربا بکەین، کە یەکەم بە هۆی چەقۆ و چەنگاڵ ئەنجام دەدرێت و ئەوەی دووەمیان بە هۆی مڵاك ئەنجام دەدرێت . (ف- بالمر، ١٩٨٥: ١١٦)

(قەنبەری)[٨] بۆ جیاکردنەوەی فرەواتایی لە هاوبێژی میتۆدەکانی واتاناسان ڕەتدەکاتەوە و بۆ یەکەمین جار بەشداریکردنی سیما جیاکەرەوە واتاییەکان بە ڕێگای دەست نیشانکردنی فرەواتایی دادەنێ . بە بۆچوونی قەنبەری وشەیەکی وەکو ((تۆپ)) فرەواتایی لەخۆدەگرێ، لەبەرئەوەی کە لە هەموو واتاکانی ئەم وشەیەدا دەشێ سیمای جیاکەرەوەی واتایی {+خڕ} بخرێتە ڕوو. لە کاتێکدا، کە لە واتاکانی ((شانە))دا سیمای جیاکەرەوە واتاییە هاوبەشەکان وێناناکرێ و هەربۆیە ئێمە پەیوەندیمان بە چەند وشەیەکی هاوبێژی ((شانە)) هەیە. (کورۆش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٥٢)

ئەگەر چی زۆرجار لە ڕوانگەی واتاوە دەکرێ هاوبێژی و فرەواتایی لێك جیابکەینەوە بە هۆی چەندێتی دوورو نزیکی واتایان، بەڵام هەموو کات سەرکەوتنی پێویست بە دەست ناهێنین. زۆرجاریش سنوور تێکەڵی نێوان هەردوو ڕێگای مێژوویی (Historical) و وەسفی (Synchronic) لە تێگەیشتنی دانە فەرهەنگییەکاندا مەسەلەیەکی دوورو درێژ دەخاتە بەردەم

---

(٨). قەنبەری زمانەوانێکی فارسی ئێرانییە.

خوێنەری سیمانتیك، كە چۆن یەكێك دەتوانێ هێڵێك لە نێوان هاوبێژی و فرەواتایی بكێشێ. هەموو دەم سنووردانان یان بڕیاردان لەسەر جیاكردنەوەیان وا سووك و ئاسان نییە. ئەم هەوڵە لەسەر بنچینەی پێوەری سیمانتیكی و پێوەری ئیتمۆلۆجی بە ئەنجام دەگات. (صباح رشيد قادر، ٢٠٠٠: ١٢)

بەم پێیەش وا لە خوارەوەدا بە خاڵ باس لەو بابەتانە دەكەین، كە جیاوازی لە نێوان فرەواتا و هاوبێژی دەكەن:

١- هەوڵدان بە پشت بەستن بە فرەواتایی لە جیاتی هاوبێژی، ئەمەش واتای ئەوەیە، كە بە دوای واتای سەرەكی یان كێڵگەی واتادا بگەڕێین. ئەمە دەكرێت كاتێك، كە نموونەمان بۆ خواستن یان بۆ واتای گوازراوە هەبێت، بەڵام بە گشتی زۆر سەختە بڕیاری ئەوە بدەین كە ئەگەر بێت و واتایەكی سەرەكی هەبێت. زۆر ڕوونە، كە بۆچی وشەی "كليل" تەنها بۆ (كلیلی دەرگا) بەكارناهێنین، بەڵكو بۆ چەندان حالەتی تریش بەكاری دێنین وەك (كلیلی چارەسەری) و هیتر، لەگەڵ ئەوەی، كە ئاسان نییە بزانین كە بۆچی بۆ كلیلەكانی پیانۆ بەكاردێت، دواتر ئەوە ڕوون نییە كە ئەمە نموونەیەك بێت بۆ فرەواتایی. (ف- بالمر، ١٩٨٥: ١٢١)

٢- مەرجی سیمانتیكی، یان گریمانكاری پەیوەندی واتایی: پەیوەندی واتایی سەنگی مەحەكی سەرەكی ئەمڕۆیە، كە واتا یاسا ئاساییەكانی وشەكان دەگرێتەوە. (محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٩: ٥٢) ئەگەر دەركەوت پەیوەندی واتایی لە نێوان واتاكاندا هەیە، ئەوا بە فرەواتا دادەنرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر پەیوەندی واتایی لە نێوان واتاكاندا نەبێت، ئەوا بە هاوبێژی دادەنرێت. (عمرو محمد فرج مدكور، ٢٠١١: ١٥١)

واتاكانی لێكسیمێكی فرەواتا كە جۆراوجۆرن، پەیوەندی توند و نزیكییان لەگەڵ یەكتریدا هەیە، وەك پەیوەندی واتایی نێوان /گەورە ١/، /گەورە ٢/، /گەورە٣/ لە (قەوارە، تەمەن، دەسەڵات) دایە. بە پێچەوانەوە پەیوەندی واتایی نێوان / تۆپ ١/ (چشتێكی خڕ- دروستكراو بۆ یاریپێكردن و خۆشیبینین لە وەرزش) لەگەڵ /تۆپ ٢/ (ئامێری تەقاندن و هاویشتنی گوللەتۆپ بۆ وێرانكردن و كوشتن) یان هەر نییە، یان زۆر لاوازە. پەیوەندییەكی واتایی ناڕاستەوخۆ لە (خڕی) /تۆپ ١/ (تۆپی یاریكردن) و /تۆپ ٢/ (گوللەتۆپ)دا هەیە. كەواتە لە نێوان ئەم دوو وشە هەماندەنگی (هاوبێژی)یەدا، پەیوەندی واتایی وەك ئەوە نییە، كە لە نێوان /گەورە ١/ و /گەورە ٢/ و /گەورە ٣/ و لێكسێمە فرەواتاكەی "گەورە"دا هەیە. تاوەكو پەیوەندییە واتاییەكە دوورتربێت، هاوبێژی ئەگەری زۆرتر دەبێت. (محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٩: ٥٢)

٣- دەتوانین لێڵی تاقیبكەینەوە و بەكاری بێنین بۆ جیاكردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی. (ف- بالمر، ١٩٨٥: ١٢٢)

بۆ نموونە ڕستەیەكی وەك: شیرین وەك شیلان دەگریا. ڕستەیەكی فرەواتایە و زیاتر لە واتایەكی هەیە، وەك:

١- شيرين و شيلان هەردووكيان دەگريان.
٢- شيرين وەك شيلان زۆرگريا.
٣- شيرين وەك شيلان ئاسايى دەگريا.

جا لێرەدا لێڵ واتايى ئەم ڕستەيە بۆ كارى "دەگريا" دەگەڕێتەوە، كە كارێكى فرەواتايە، بنچينەكەى بۆ يەك سەرچاوە دەگەڕێتەوە، بەڵام لەناو ڕستەدا لێڵى دروست كردووە.

٤- پشت بەستن بە لێكۆڵينەوەى فۆڕمى وشەكان لە ڕێگەى ئيتيمۆلۆژييەوە (Etymology):

((بەپێى زانستى Etymology (زانستى مێژوو و ڕەگەزى وشە) دەبێ بگەڕێينەوە بۆ سەرچاوەى دروستبوونى وشەكە تا دەگاتە ئەمڕۆ، واتە ئەو گۆڕانكارييانەى لە ڕووى دەنگ و واتاوە بەسەريدا هاتووە بە درێژايى مێژووى وشەكە)). (صباح رشيد قادر، ٢٠٠٠: ١٤)

بە پێى ئەم ميتۆدە لە لێكۆڵينەوەيەكى ئاوادا ئەگەر دەركەوێ، كە ئەم فۆڕمانە لە ڕەگى جياوازەوە سەرچاوەيان گرتبێ و بە تێپەڕبوونى كات فۆڕمى دەنگ و نووسينيان وەكو يەكى لێهاتووبێ، ئەوا وەكو هاودەنگ (هاوبێژى) – هاونووس دەخرێتەڕوو. (كورۆش سەفەوى، ٢٠٠٦: ٥٣) واتە ئەگەر بنچينەى پێكهاتنى وشەكان جياواز بوون، ئەوا ئێمە لە بەرامبەر هاوبێژى داين. (عمرو محمد فرج مدكور، ٢٠١١: ١٥١) بەڵام ئەگەر لە ڕووى ئيتيمۆلۆژييەوە دەركەوێ كە ئەم فۆڕمە لێكچوانە لە يەك ڕەگەوە گەردان كرابن، ئەوا وەكو فرەواتايى دەخرێتەڕوو. (كورۆش سەفەوى، ٢٠٠٦: ٥٤)

ئەگەر فەرهەنگ ناسەكان بزانن وشە شێوە وەك يەكەكان بنچينە (ڕەگەز)يان جياوازە، ئەوا بە (هاوبێژى) لە قەڵەمى دەدەن و وەكو وشەى سەربەخۆ دەيخەنە ناو فەرهەنگەوە، بەڵام ئەگەر زانيان وشەكان يەك سەرچاوەيان هەيە (واتە بۆ يەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە)، تەنانەت ئەگەر واتاى جياوازيشيان هەبێت، ئەوا وەكو (فرەواتا) مامەڵەى لەگەڵدا دەكەن و لە فەرهەنگدا وەكو يەك بابەت دەنوسرێن. (ف- بالمر، ١٩٨٥: ١١٨)

((سەرچاوە باوەڕپێكراوەكانى ئيتيمۆلۆژى لەو كارە زانستيەدا يارمەتيدەرن و بە سەنگى مەحەك دادەنرێن: ئەو لێكسيمانەى بەپێى ئەو سەرچاوانە لە دوو لێكسيمى جياوە هەڵگوێزراون، بە دوو لێكسيمى جياو سەربەخۆ دادەنرێن و ئەوانەيشيان لە يەك لێكسيم كەوتوونەتەوە، وەك يەك لێكسيمى فرەواتا مامەڵەيان لەگەڵدا دەكرێت. زمانەوان و زاناكانى بوارى لێكسيكۆگرافى كار بەم سەنگى مەحەكە دەكەن. نەبوونى سەرچاوەى ئيتيمۆلۆژيى ڕاستەوخۆى كوردى ئەم كارەى بۆ زمانەوانە كوردەكان ئاڵۆز و گران كردووە)). (محەمەدى مەحوى، ٢٠٠٩: ٥١، ٥٢)

لەگەڵ ئەوەى ئەم ڕێگەيە كارێكى دژوارە، چونكە گەڕانەوە بۆ مێژوو و دۆزينەوەى واتاى يەكەمى وشەو ئەو گەشەو گۆڕانانەى بە تێپەڕبونى كات بەسەر وشەو واتاكەى هاتووە تاكو گەيشتۆتە ئەمڕۆ سەخت و زەحمەتە، هەروەها لە هەندێ حالەتى دەگمەندا ئەم بۆچوونە ئامانجى خۆى بە تەواوىناپێكێت، هەروەكو پاڵمەر لە زمانى ئينگليزيدا نموونەى بۆ هێناوەتەوە و دەڵێ:

بۆ نموونە ئێمە وشەی pupil (قوتابی) و وشەی pupil (بیلبیلەی چاو) بەیەکترەوە نابەستینەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دوو وشەیە لە ڕووی مێژووییەوە بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە، ئەگەر بە گوێرەی ئەمە بێت دەبێت وەکو فرەواتا لەقەڵەمیان بدەین. بەڵام لە زمانی ئەم چەرخە نوێیەدا دوو وشەی پەیوەندیدار نین، بەڵکو ئەوان ئێستا دوو وشەی هاوبێژن. (ف- بالمر، ١٩٨٥: ١١٨) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واتاناسەکان بە خاڵێکی زۆر گرنگی دادەنێن بۆ جیاکردنەوەی هەردوو دیاردەی فرەواتایی و هاوبێژی لە یەکتردا. بۆ نموونە لە زمانی کوردییدا وشەی (ئازار)، کە دوو مانای هەیە:

ئازار [١] : ئێش

ئازار [٢] : مانگی ئازار

لەبەرئەوەی ڕەگەزی هەردوو وشەکە یەك نین، بۆیە بە هاوبێژ دادەنرێن، نەك فرەواتا.

٥- جیاکردنەوەی فرەواتایی و هاوبێژی لە ڕێگەی دەروازەی فەرهەنگییەوە:

ئەگەر بێت لە دەستنیشانکردنی واتا دەروازە[٩] ئامانجی یەکەمی فەرهەنگساز بێت، ئەوە پێویستە لەسەری تێبینی پەیوەندی نێوان دەروازە و واتا بکات. (عمرو محمد فرج مدكور، ٢٠١١: ١٤٩) جیاکردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی لەیەکتردا زۆر بە ڕوونی دیارە لە ڕێکخستنەکانی ناو فەرهەنگدا کە ئاسایی بەکاریان دەهێنین. فەرهەنگەوان لە پۆلینکردنی هاوبێژی و فرەواتاییدا هاوبێژەکان وەکو وشەی جیاواز (فرە دەروازە) پۆلین دەکات، بەڵام وشە فرەواتاکان لە ژێر یەك دەروازەدا پۆلین دەکات. (جون لاینز ١٩٨٠: ١٧) ئەگەرچی لە پێشتردا فەرهەنگەوان درکی بەوە نەکردووە، کە دەروازەی جیا جیا بۆ وشە هاوبێژ و فرەواتاکان دابنێ، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆربەی فەرهەنگەوانەکان دەروازەی جیاواز بۆ فرەواتایی و هاوبێژی دادەنێن. بە واتە فەرهەنگەوان یەك دەروازە بۆ فرەواتایی و چەندان دەروازە بۆ هاوبێژی دادەنێت بە گوێرەی ژمارەی وشە هاوبێژەکان.

واتە هەر کاتێك یەك تاکە وشە دوو یان چەند واتایەکی لێ بکەوێتەوە، ئەوا بە وشەیەکی فرەواتا دادەنرێ، وەك وشەی (بەردا)، کە لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١- کوڕەکە ئاوەکەی بەردا.

٢- کوڕەکە باڵندەکەی بەردا.

٣- با خەو بەریدا ئەوسا قسەیەکی لێ دەکەین.

---

(٩). دەروازە زاراوەیەکی فەرهەنگییە، مەبەست لێی شیکردنەوەی واتای وشەیە، وە بە شێوەیەك دەنوسرێت کە تێکەڵ بە نووسینەکانی تر نەبێت و لێیان جیابکرێتەوە.

لێرەدا دەتوانرێ (٣) واتای نزیك لەیەك بەهۆی ئەو سێ ڕستەوە جیابکرێنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی واتاکان لە یەك وشە کەوتوونەتەوە، دەبێ لە ناو یەك دەروازەدا بن و بە ژمارە جیابکرێنەوە بەم جۆرەی خوارەوە:

بەردا: ١- ڕێگا پێدان. ٢- ئازاد کرد. ٣- تەئسیر نەمان.

((لە هاوبێژی یان هاودەنگیدا فەرهەنگسازی ڕەفتار لەگەڵ دوو وشە یان زیاتر دەکات، کە بە ڕێکەوت لە نووسین یان گۆکردن یان هەردووکیان کت و مت وەك یەکن، بەڵام واتاکانیان جیاوازن، لەیەك سەرچاوە هەڵنەقوڵاون. لەبەرئەوە دەبێ هەریەکە لەم وشانە دەروازەی جیایان هەبێت، بۆ نموونە وشەی (شیر)، لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

شیر [١]: شیری تۆز (حلیب). وەك: ساواکە هێشتا شیردەخوات.

شیر [٢]: شمشێر (ئامرازی شەڕ). وەك: دەروێشەکە شیرێکی وەشاند)). (محەمەد مەعروف فتاح، ٢٠١٠: ٣٧٦- ٣٧٧)

٦- لەبەرچاوگرتنی واتایەکی ناوەندی:

دەکرێت لە چوارچێوەی پشت بەستن بەم پێوانەیە جیاوازی لە نێوان فرەواتایی و هاوبێژی دا بکەین. (نادية رمضان النجار، ٢٠٠٨: ٤) بە بڕوای (بلۆمفیڵد) لە نێوان واتا جیاجیاکانی وشەیەکی فرەواتادا یەك واتای بەرامبەری هەیە و واتاکانی تر لەم واتایەوە وەرگیراون، لە کاتێکدا کە لە واتا هاوبێژەکاندا واتای هیچ کام لەم وشانە لە واتای وشەکەی تر وەرنەگیراوە . ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە بیرێك لە هۆشی "لێرد" دروست بکات، کە نزیکەی پەنجا ساڵ دواتر ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکات کە دەڵێ: ((دەربڕینە واتاییەکانی وشە فرەواتاکان دەشێ لە ناو دەقێکدا دەستنیشان بکرێت)). (کورووش سەفەوی، ٢٠٠٦: ٥٥)

٧- بەکارهێنانی کێڵگەی واتایی بۆ جیاکردنەوەی نێوان هاوبێژی و فرەواتایی، ئەگەر هات و دەروازەکان بۆ یەك کێڵگەی واتایی بگەڕێنەوە، ئەوا ئێمە لە بەرامبەر فرەواتا داین بۆ یەك دەروازە، بە پێچەوانەوە ئەوا لە بەرامبەر هاوبێژی داین. (عمرو محمد فرج مدكور، ٢٠١١: ١٥١)

٨- بە پێی خوازە: کە لە بابەتەکانی پێشوودا باسمان لێوەکرد ڕێگەیەکی ترە کە بە هۆیەوە وشەی فرەواتا لە وشەی هاوبێژ جیادەکرێتەوە، چونکە وشەی خوازراو ڕەگەزەکەی بۆ وشە ڕەسەنەکە دەگەڕێتەوە، کەچی وشە هاوبێژەکان ڕەگەزیان جیایە، هەریەکەو ڕەگەزێکی سەربەخۆیان هەیەو واتاکانیشیان لێك دوورن، بۆیە نابنە وشەی خوازراو.

لەگەڵ ئەوەی جیاکردنەوەیەکی ورد لە نێوان هاوبێژی و فرەواتادا بەدی دەکرێت، بەڵام لێرەدا هەندێك چوونە ناویەکی تێبینیکراو لە نێوانیان بەدی دەکرێت و ئەم چوونە ناویەکانەش بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە:

١- خستنەناوی هەندێك وشەی (هاوبێژی) بۆ چوارچێوەی (فرەواتا) لای هەندێك لە زاناکان، تەنها لەبەرئەوەی وشەکان لە گۆکردن یان لە داڕشتندا وەکو یەکن، بەبێ هەستکردن یاخود تێبینیکردن بە پەیوەندی نێوانیان. نموونەی ئەوەش وشەی (العرض) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (کەل و پەل) و (خستنەڕووی شت و مەك) لە بازاڕدا دێت. هەروەها بۆ درێژیش بەکاردێت، وەك (لووتکەی چیا)، ئەم دوو شتەش پێچەوانەی یەکترن.

٢- هەروەها مەتەڵ و نیازشاردنەوە هۆکارێکن لە هۆکارەکانی یاریکردن بە وشەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوودانی چوونە ناویەك لە نێوان فرەواتا polysemy و هاوبێژی homonymy دا. واتە قسەکەر دەتوانێت یاری بە واتا جیاوازەکانی تاك وشە (فرەواتا) بکات، وەکو چۆن یاری بە وشە جیاوازە شێوە یەکگرتووەکان (هاوبێژی) دەکات. (نادية رمضان النجار، ٢٠٠٨: ٣)

## س- گرنگی فرەواتا لە زماندا:

((فرەواتایی کورتی نییە لە زماندا، بەڵکو تایبەتییەکی گرنگیتی، ئەگەر فرەواتایی نەبێت دەبێت بۆ هەموو واتایەك وشەیەك هەبێت)). (محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٧٤) ئەگەر بێت و بۆ هەموو ئەو شتانەی، کە لەبارەیانەوە قسە دەکەین وشەیەکی سەربەخۆ هەبوایە، ئەوا بارێکی قورسی دەخستە سەر بیری مرۆڤ . جا ئەوکات حاڵمان لە حاڵی مرۆڤە سەرەتاییەکان خراپتر دەبوو، کە چەند وشەیەکی تایبەتییان لایە بۆ ئاماژەکردن بە واتای بەشەکان، وەك ((شووشتنی خۆی)) و ((شووشتنی سەری)) و ((شووشتنی کەسێکی تر)) و ((شووشتنی سەری کەسێکی تر)) و ((شووشتنی دەم و چاوی)) و شووشتنی دەم و چاوی کەسێکی تر)) و هەتا دوایی ....، لە کاتێکدا تاکە وشەیەك نییە لای بۆ واتای ئەم کردارە گشتییە سادەیە کە ئەویش تەنها ((شووشتنە)).

زمان دەتوانێت گوزارشت لە بیرێکی دیاریکراو بکات، بە هۆی ئەم ڕێگە بێ کەم و کوڕییە تواناداره لە بەخشینی وشە و گونجاندنی بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەك ئەرکی جیاواز. هەروەها بەهۆی ئەم هۆکارەوە وشەکان جۆرێك لە گونجان و گوێڕایەڵی بۆخۆیان دەستەبەردەکەن، کە دەتوانرێت بۆ بەکارهێنانی نوێ بەکاربێت، بەبێ ئەوەی واتا کۆنەکەی لەدەست بدات. (ستيفن اولمان، ١٩٧٥: ١١٤-١١٥)

# بەشی دووەم

# دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی گۆراندا

# بەشی دووەم

# دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی گۆراندا

لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکییە، بریتییە لە هەڵبژاردنی دژواتا و فرەواتاکان لە هەندێ دەقی شیعری هەڵبژێردراو لە بابەتە شیعرییەکانی گۆرانی[١٠] شاعیردا.

## ٢- ١: دژواتا و جۆرەکانی لە شیعرەکانی گۆراندا:

### ٢- ١- ١: دژواتای تەواو[١١] (بێ پلە) لە شیعرەکانی گۆراندا:

**١- (ژن ~ پیاو):**

**بەهەشتی دڵ**
**(گوڵی خوێناوی)**

بڕوانە! شایی یە، چۆپییە، لەو ماڵە
گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!
زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن[١٢] و پیاو هەرایە
لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە! (هەمان سەرچاوە: ٤٧)

هەردوو وشەی ژن و پیاو دوو وشەی دژواتان و لە جۆری دژواتای تەواون، ڕەتکردنەوەی یەکێکیان داننانە بەوەی تریان.

**٢- (ئافرەت ~ پیاو):**

((ئافرەت)) لەبەرئەوەی هاوواتایە لەگەڵ ((ژن))، لەبەرئەوە هەروەکو ژن دژواتایە لەگەڵ پیاو. هەروەکو هەردوو وشە دژواتاکە هاتووە لە:

---

(١٠). گۆران ناوی (عەبدوڵڵا) یە، کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگە و ناسراوە بە (گۆران)، لە ساڵی ١٩٠٤ لە هەڵەبجە لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. (بڕوانە: دیوانی گۆران، ل: ٣٤- ٣٦).

(١١). دژواتای تەواو (بێ پلە) لە لاپەڕە (٤٣)ی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە تێروتەسەلی باسی لێوەکراوە.

(١٢). شاعیر هەردوو وشە دژواتای (ژن ~ پیاو)ی لە چەندان بابەتە شیعری تردا هێناوەتەوە لەوانەش لە: ١- (دوو هاوینە گەشت/ گەشت لە قەرەداغ: ١٢٢). ٢- (ئۆپەرێت/ بازاڕی ئاسنگەران: ٢٦٤). ٣- (وەرگێڕراو/ دوێنێ: ٣٣٥).

**بەهەشتی دڵ**
**(شەوێك لە عەبدوڵڵا)**

**"هۆڵ" زۆر گەورە، ئێجگار ڕووناك     هەموو شت جوان، هەموو شت پاك**
**"جەو" لێی ئەتكێ شادمانی،     بۆنخۆشی، مۆسیقا، جوانی**
**هەر مێزەو كورسی دەورەی داو،     تێكڕژاون ئافرەت و پیاو (هەمان سەرچاوە: ٧٠)**

**لەم دێرە شیعرەدا شاعیر كە باس لە ئافرەت و پیاو دەكا، هەردوو وشەكە دژواتای یەكترن، دژواتای تەواون.**

**٣- (تاریكی ~ ڕووناكی):**

**سروود**
**(گۆرانی قوتابییان)**

**ئیتر هەرگیز ڕووی ڕۆژی ڕوون**
**داناپۆشێ هەوری چڵكن،**
**ترسی تاڵ و تاریكی شەو**
**ڕووناكیمان لێ ناكا ون! (هەمان سەرچاوە: ٣٠٨)**

**(تاریكی ~ ڕووناكی) دوو ناوی دژواتان لە جۆری دژواتای تەواو (بێ پلە)، هەر یەكێكیان جەمسەرێك دەگرن. واتە هەر یەكێكیان ئەوەی تر ڕەتدەكاتەوە. هەروەها ئەم جۆرە دژواتایانە ڕاددە و مۆرفیمەكانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا وەرناگرن.**

**٤- (ڕۆژ ~ شەو):**

**لە كۆڕی خەباتا**
**(چیرۆكێكی برایەتی)**

**ئیتر زرمە، زرمەی زەنگن،**
**ناڵەی ڕەنجی تۆ بوو، هیی من،**
**بە ڕۆژ[١٣]، بە شەو، ساڵەهای ساڵ،**
**تا گەنجی زۆر دەرچوو لە چاڵ (هەمان سەرچاوە: ٢٣٦)**

---

(١٣). ئەم دوو وشە دژواتایە (ڕۆژ ~ شەو) لە چەند بابەتە شیعرێكی تر هاتوون، لەوانەش لە: ١- (پەیامی كورد: ١٩٣). ٢- (لە كۆڕی خەباتا/ بۆ لاوان: ٢٤٧). ٣- (ئۆپەرێت/ ئەنجامی ئەژدەهاك: ٢٦٦). ٤- (وەرگێڕراو/ بت: ٣٦٣).

هەردوو وشەی ((ڕۆژ)) و ((شەو)) دژواتای یەکن و لە جۆری دژواتای تەواون.

**٥- (زیندوو ~ مردوو):**

**ئۆپەرێت**
**(ئەنجامی ئەژدیهاك)**

بۆ خۆشەویستی لێ مەدە ئیتر، دڵ!
لەناو گۆڕی تەنگا با ببی بە گڵ!
کە ئازادی باوك و برا لە کیس چوو،
کچە کوردێك چ زیندوو[١٤] بێ، چ مردوو! (هەمان سەرچاوە: ٢٦٦)

زیندوو و مردوو دوو وشەی دژواتان لە جۆری دژواتای تەواون و ڕەتکردنەوەی یەکێکیان داننانە بەوەی تریان.

**٦- (کوڕ ~ کچ):**

**ئۆپەرێت**
**(ئەنجامی ئەژدیهاك)**

مێشکی کوڕ و کچ[١٥] لای مار،
لای ئەژدەهاکی زۆردار
هەر یەکە، هەر یەك بێگومان!
ئیتر بۆچ بێبەش بن کچان
لە خەبات و قوربانی دان
بۆ نیشتمان، بۆ کوردستان؟ (هەمان سەرچاوە: ٢٦٥)

((کوڕ)) و ((کچ)) دژواتای یەکترن، دژواتای تەواویشن و پلەش وەرناگرن. هەروەها ڕەتکردنەوەی یەکێکیان داننانە بەوەی تریان.

(١٤). هەردوو وشە دژواتای (زیندوو ~ مردوو) لە چەند بابەتە شیعرێکی تری شاعیردا هاتووە، لەوانە:١- (لە کۆڕی خەباتا/ لە زیندانا چواردەی تەمووز: ٢٠٧). ٢- (شیعری گەپ/ دەنگی دەروون: ٢٨٨).
(١٥). هەردوو وشە دژواتای تەواوی (کوڕ و کچ) لە (لە کۆڕی خەباتا/ لە بنی بیرا، ل: ٢٠٣)شدا هاتووە.

**٧- (شەڕ ~ ئاشتی):**

**شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو**

**ئەم باوەڕەی کە توانیی بەرامبەر بە لافاو و بڵێسە بوەستێ،**
**کە ڕاستیی خۆی دەرخست هەم لە شەڕا و هەم لە ئاشتیدا،**
**لە ئێمەوە بەجێ ئەمێنێ بە میرات**
**کە ڕابەر بێ و ئیلهامدەر بێ**
**بۆ پشتاوپشتی لاوانی وڵات! (هەمان سەرچاوە: ٣٨٤)**

**ئاشتی و شەڕ دوو وشەی دژواتان و دژواتای تەواون.**

**٨- (بەهەشت ~ دۆزەخ):**

**یادگاری کۆن**
**(ئەی شەوقی گەلاوێژ)**

**ئەی کۆشك و سەرای باغی بەهەشت مەیلی سەوابت!**
**ئەی ئاگری دۆزەخ شەرەری خەشمی گوناهت!**
**ئەی عیففەتەکەت داغی حەسەد بۆ دڵی جیبریل،**
**هەر بۆ هەوەس و عیشوەیە خۆ لارە کولاهت! (هەمان سەرچاوە: ٧٩)**

**بەهەشت و دۆزەخ دوو وشەی دژواتان لە جۆری دژواتای تەواو.**

## ٢- ١- ٢: دژواتای پلەدار[١٦] (ناتەواو) لە شیعرەکانی گۆراندا:

**٩- (گەرم ~ سارد):**

**بەهەشتی دڵ**
**(بۆ کچێکی بێگانە)**

**کۆشی گەرم و دەروونی سارد[١٧] و سڕ بوو زمانی نەرم، نیهادی ئێجگار دڕ بوو!**
**لەبەرئەوە، ئەی قژ زەردی بێگانە، جیلوەی جوانیت لە بیرم چێ ئاسانە (هەمان سەرچاوە: ٦٦)**

**هەردوو وشەی (گەرم) و (سارد) دژواتای پلەدار (ناتەواو)ن، چونکە هەم دەتوانن مۆرفیمەکانی {تر} و {ترین}ی پلەی بەراورد و باڵا وەرگرن و هەم وشەی ناوەندیش لە نێوانیاندا هەیە. وەك:**

---

**(١٦). دژواتای پلەدار (ناتەواو) لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلاپەڕە (٤٤)دا باسکراوە.**

**(١٧). هەردوو وشەی (گەرم ~ سارد) کە دوو وشەی دژواتای پلەدارن، لە (دەنگی دەروون/ گیان: ١٧٨)شدا هاتووە.**

(گەرم، شیرتێن، فێنك، سارد)، هەروەها بە ڕاددەش فراوان دەكرێن. وەك: (زۆر گەرم، ئیجگار گەرم، كەمێ گەرم)، و (زۆر سارد، كەمێ سارد، ئێجگار سارد).

**١٠- (بچووك ~ گەورە):**

**سروشتی جوان**
**(دیمەنێكی بەهار)**

مەلی سەربنچك، پەلوپۆ ڕەنگین! خۆ من هەڵۆ نیم،
لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر، پێتان بڵێم چیم:
منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێكم بچووك[١٨]،
حەتتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ، بە دەنووك! **(هەمان سەرچاوە: ١٣٨)**

هەردوو وشەی (گەورە ~ بچووك) دژواتای پلەدارن و دەتوانن ڕاددە وەرگرن. بۆ نموونە وشەی ((بچووك)) كە ئاوەڵناوە دەتوانێ ڕاددەكان وەربگرێت و ببێت بە (زۆر بچووك، هەندێ بچووك، كەمێ بچووك، بچووكتر، بچووكترین). هەروەها وشەی ((گەورە))ش كە ئاوەڵناوە ئەویش بە هەمان شێوە لەبەرئەوەی ئاوەڵناوە دەتوانرێ پلەداربكرێت و ڕاددەكان وەربگرێت و ببێت بە (زۆر گەورە، هەندێ گەورە، كەمێ گەورە، گەورەتر، گەورەترین).هەروەها وشەی ناوەندیش لە نێوان هەردوو وشەكەدا هەیە، كە ئەویش وشەی (مامناوەندە).

**١١- (تاڵ ~ شیرین):**

**خەیام بە كوردی**

هەر بەربەیانێك ڕووی ئاسمان شین بێ ئەبێ لەسەر دەست پیاڵەی ڕەنگین بێ،
ئەڵێن لە دەما تامی مەی تاڵە، مەی حەقەو كێ دی كە حەق شیرین بێ؟**(هەمان سەرچاوە: ٣٧١)**

تاڵ و شیرین دژواتای پلەدارن، چونكە ڕادەكان و مۆرفیمەكانی پلەی بەراوردی و پلەی باڵا وەردەگرن. نموونەش بۆ دژواتا پلەدارەكان لەگەڵ ڕادەكاندا وەك: (زۆر تاڵ، زۆر شیرین، كەمێك تاڵ، كەمێك شیرین). هەروەها نموونەش بۆ دژواتا پلەدارەكان لەگەڵ مۆرفیمە پلەدارەكانی بەراورد و باڵاش وەك: (تاڵتر، شیرینتر).

---

(١٨). هەردوو وشەی (بچووك ~ گەورە) كە دوو وشەی دژواتای پلەدارن، لەچەند شوێنێكی تر لە بابەتە شیعرییەكانی شاعیردا هاتووە، وەك لە: ١- (شیوەن و فرمێسك/ هاوڕێم بێكەس: ٩٣). ٢- (پیەس لە یەك پەردەی كورتا/ ماستاو: ٢٧٣).

**١٢- (کەم خۆر ~ زۆر خۆر):**

**دوو هاوینە گەشت**
**(گەشت لە قەرەداغ)**

لە چاخانەکەی ((کانی سپیکە)) ژانەسەری چا و ئارەزووی تیکە،
ڕاگیری کردین سێ چارەك سەعات، تویشوو نیوە بوو، وردە دوایی هات.
چای عادەتیمان بوو بە پێنج و شەش کەم خۆر لە زۆرخۆر زیاتر ئەیویست بەش! (هەمان سەرچاوە: ١٢٣)

کەم خۆر و زۆرخۆر دوو وشەی لێکدراوی دژواتای پلەدارن، دژواتاییەکەشیان بە هۆی هەردوو ڕاددەی (کەم، زۆر) دروستبووە.

**١٣- (کەم ~ زۆر):**

**وەرگێڕراو**
**(گۆڕان)**

باڵداران، گوڵان، گەڵای درەختان،
ئەو ئەستێرانە
کە ئەجریوێنن، بەرز و گەش و جوان،
ئەم گشت هەردانە،
دەریا گەورەکان، هەموو شت، کەم، زۆر،
ئەگۆڕێن لەگەڵ چەرخی دائیم گۆڕ ... (هەمان سەرچاوە: ٣٣١)

ئەم دوو وشەیە (کەم، زۆر) ڕاددەن و دژواتای یەکترن و لە جۆری دژواتای پلەدارن.

**١٤- (زیاد ~ کەم):**

**وەرگێڕراو**
**(گۆڕان)**

بۆچ تێم ئەڕوانی خۆشەویستەکەم
بە چاوی تانە؟
نازانی دڵیش بە بێ زیاد و کەم،
وەك ئەو شتانە
کە کەوتوونەتە ژێر شینایی ئاسمان،
ملکەچ وەستاوە بەرامبەر گۆڕان؟ (هەمان سەرچاوە: ٣٣١)

(زیاد ~ کەم) دوو وشەی دژواتای پلەدارن، مۆرفیمەکانی پلەداری و ڕادەش وەردەگرن، هەروەها وشەیەکی ناوەندیش لە نێوان ئەو دوو دژواتایە هەیە، کە ئەویش وشەی (تەواو)ە.

**١٥- (ورد ~ درشت):**

**سروود**

**(جەژنە پیرۆزەی ئاشتیخوازان)**

ئەی برا، جەژنەکەت پڕ نان و گوڵ بێ!    نان بۆ تێریی سك، گوڵ نەشئەی دڵ بێ!

ئەی برا و خوشکەکان! ئەی ورد[19] و درشت!    ئاشتییە ئازاد و بەختیار کا گشت!    (هەمان سەرچاوە: ٣٠٩)

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوەدا هەردوو وشەی (ورد ~ درشت) دژواتای پلەدارن، چونکە ڕاددە و مۆرفیمەکانی پلەداری (تر) و (ترین) وەردەگرن.

**١٦- (پێئەکەنێ ~ ئەگری):**

پێئەکەنێ و ئەگری دوو وشەی دژواتای پلەدارن، هەروەکو هاتووە لە:

**بەهەشتی دڵ**

**(بۆ کچێکی بێگانە)**

بەڵام ئەوەی لێی ورووژاندم هەستم،    ئەو کتێبی شیعرەیە داتە دەستم!

گران هەتا دوا هەناسەی ژیانم،    لە بیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم:

دیوانەکەی ((بڕۆنس)) کە نەغمەی شیعری،    ئەڵێی کچە پێئەکەنێ، یان ئەگری!(هەمان سەرچاوە: ٦٦)

**١٧- (نزیك ~ دوور):**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(بۆ لاوان)**

خوشکان و برایانی

دنیای زۆر نزیك، زۆر دوور

هێزی ئاشتی و برایی

یەکی خستوون لە باکوور    (هەمان سەرچاوە: ٢٤٧)

---

(١٩). ئەم دوو وشە دژواتایە (ورد ~ درشت) لە چەندین شوێنی تر لە شیعرەکانی گۆراندا باسکراوە لەوانەش لە: ١- (دڵۆپی مرواری/ ئاوابوونێك، ل: ٢٥١). ٢- (پیەس لە یەك پەردەی کورتا/ جۆقی یۆنسکۆ: ٢٧٨). ٣- (سروود/ دەمی ڕاپەڕینە: ٣٠٣). ٤- (سروود/ گۆرانی قوتابییان: ٣٠٨).

(نزیك ~ دوور) دوو وشەی دژواتان لە جۆری دژواتای پلەدار، چونكە دەتوانن ڕاددە و مۆرفیمەكانی پلەداری {تر}ی بەراورد و {ترین}ی باڵا وەربگرن، هەروەكو لە نموونەی سەرەوەدا دەردەكەوێت:

**١٨- (كۆن ~ تازە):**

**خەیام بە كوردی**

**چ دەستەی تازە، چ پیرانی كۆن[٢٠]، هەموو یەك بە یەك، وەك هاتوون ئەڕۆن،**
**دنیا نامێنێ تا سەر بۆ كەسیان چۆن هاتن و چوون، ئەبێ بێن بڕۆن! ... (هەمان سەرچاوە: ٣٦٩)**

(كۆن ~ تازە) دوو وشەی دژواتای پلەدارن، هەردوو وشەكەش دەتوانن مۆرفیمەكانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا و ڕاددەش وەربگرن.

**١٩- (تاریك ~ ڕووناك):**

**لە كۆڕی خەباتا**
**(بەستەی نەبەز)**

**من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریكا هەتاوی بیر ڕووناك ئەكا بەرچاوم،**
**بەناو هەزار حەلقەی داوی باریكا قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم! (هەمان سەرچاوە: ٢٠٢)**

تاریك و ڕووناك دوو ئاوەڵناون، دژواتای پلەدارن، ڕاددە و مۆرفیمەكانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا وەردەگرن.

**٢٠- (پیر ~ لاو):**

**وەرگێڕراو**
**(ڕاست بنەوە!)**

**با، پیر خۆیان لادەن، كوڕی مەیدان نین سا لاوینە، دەی ڕۆژتانە، دەی زینهار!**
**كۆن فڕێ دەن، نوێ بپۆشن، هەتاكەی: كەش و فشی درۆی ناو بەرگی پێرار؟(هەمان سەرچاوە:٣٣٨)**

پیر و لاو دوو وشەی دژواتان لە جۆری دژواتای پلەدار.

---

(٢٠). ئەم دوو وشە دژواتا پلەدارە (تازە ~ كۆن) لە (شیعری گەپ/ دەنگی مردوو: ٢٨٨)یشدا هاتووە.

**٢١- (جوان ~ پیر):**

**سروشتی جوان**
**(سەوزە گیای پایین)**

**تاوێك نەغمەی مەل، تاوێك شنەی با          تا ئەودیو شاخی ئەندێشەم ئەبا:**
**خۆم بە خۆم ئەڵێم: یاران من چیم کرد؟   بۆچ عومری جوانیم وەك پیر[٢١]بەسەر برد؟     (هەمان سەرچاوە: ١٣٧)**

**پیر و جوان دوو وشەی دژواتای پلەدارن، چونکە ڕاددە و مۆرفیمە پلەدارەکان وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا وشەی (جوامێر) لە نێوانیاندا هەیە.**

**٢٢- (برسی ~ تێر):**

**وەرگێڕراو**
**(ئامۆژگاری ئیمپریالیزم)**

**هیوای قەڵبی بەختیاری               لەم ژینەدا ئەچێ بە چەن!**
**ژین هەر ژینە: تێر بی و برسی[٢٢]     ڕزق هەر ڕزقە: عەمار بێ و مەن     (هەمان سەرچاوە: ٣٣٧)**

**تێر و برسی دوو وشەی دژواتای پلەدارن.**

**٢٣- (خاوێن ~ چڵکن):**

**دەنگی دەروون**
**(ناڵەی بێکار)**

**زۆر دوور بوو لەو دەستە خاوێنەی وەك هیی ژن،**
**پارووی چەور ئەگلێنێ بێ ڕەنجی ئیشکردن!**
**ئەو دەستە چڵکنەی دوو لێوەی تەڕکردم،**
**دڵۆپی فرمێسکی کەوتە سەر ڕووی زەردم     (هەمان سەرچاوە: ١٥٧)**

**خاوێن و چڵکن دوو وشەی دژواتان، لە جۆری دژواتای پلەدارن، ڕاددە و مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا وەردەگرن.**

---

**(٢١). هەردوو وشە دژواتای پلەداری (پیر ~ جوان) لە (وەرگێڕراو/ خەباتی گەل: ٣٦٢)شدا هاتووە.**

**(٢٢). ئەم دوو وشە دژواتایە (برسی ~ تێر) لە:١- (شیوەن و فرمێسك/ هاوڕێم بێکەس: ٩٣). ٢- (دەنگی دەروون/ لە بەندیخانە: ١٦٨)دا هاتوون لەناو دیوانە شیعرەکەی گۆرانی شاعیردا.**

## ٢- ١- ٣: دژواتای پێچەوانە[٢٣] لە شیعرەکانی گۆراندا:

### ٢٤- (ڕۆستەم کوڕی کاوە ~ کاوە باوکی ڕۆستەم):

**ئۆپەرێت**

**(ئەنجامی ئەژدیهاك)**

**جارچی**{لیستەیەك دەرئەهێنێ، دەست ئەکا بە خوێندنەوەی}:
ڕۆستەم کوڕی کاوە کوڕی یانزەمین ...
**کاوە**{بە دەم ئاسنکوتانەوە، لەبەرخۆیەوە}:
دەربەستی دەو یانزە نین،
وەستای پۆلا و ئاسنین،
ڕۆژێك ئەبێ تۆڵەی گەلمان بسێنین! **(هەمان سەرچاوە: ٢٦٤)**

لەم دەقە شیعرییەی سەرەوەدا دژواتای پێچەوانەیی هەیە، چونکە کە دەڵێ: ڕۆستەم کوڕی کاوە. کەواتە: کاوەش باوکی ڕۆستەمیە.

### ٢٥- (برزووی کوڕی خوسرەو ~ خوسرەو باوکی برزوو):

### ٢٦- (نەوزاد کوڕی قوباد ~ قوباد باوکی نەوزاد):

### ٢٧- (بێژەنگ کوڕی خوسرەو ~ خوسرەو باوکی بێژەنگ):

نموونەکانی شیعرییەکانی ژمارە (٢٥) و (٢٦) و (٢٧) کە لەسەرەوەدا هاتوونە، لەم بابەتە شیعرییەی خوارەوە دەردەکەوێت وەکو هاتووە لە:

**ئۆپەرێت**

**(ئەنجامی ئەژدیهاك)**

برزووی خوسرەو، کوڕی هەشتەمی خوسرەو،
نەوزاد کوڕی قوباد، بێژەنگی پرتەو ...
دەرچن لە ڕیز، بێن لێرەدا بوەستن ... **(هەمان سەرچاوە: ٢٦٤)**

لە نیوە دێری یەکەم، کە دەڵێ: ((برزووی خوسرەو، کوڕی هەشتەمی خوسرەو))، کەواتە لێرەدا دژواتای پێچەوانەیی هەیە، واتە (خوسرەو باوکی برزوویە)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش ئاماژە بەوە دەکا کەوا برزوو کوڕی هەشتەمینی خوسرەو بووە.

---

(٢٣). ئەم جۆرە دژواتایە لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لاپەڕە (٤٧)دا باسکراوە.

هەروەها لە نیوە دێری دووەم: کە دەڵێ: نەوزاد کوڕی قوباد، بێژەنگی پڕتەو .. واتا قوباد باوکی نەوزاد بووە و خوسرەویش کە نازناوی (پڕتەو) بووە، دەبێتە باوکی بێژەنگ، هەروەکو لە سەرەتای لاپەڕەی دواتردا شاعیر ئاماژەی پێدەداو دەڵێ: ((منم بێژەنگ کوڕی خوسرەو!))، کە ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە خوسرەو باوکی بێژەنگییە. هەروەکو هاتووە:

**لاوی یەکەم:**

**منم بێژەنگ، کوڕی خوسرەو!**

**لاوی دووەم:**

**منم! منم! خوشکمە ئەو! (هەمان سەرچاوە: ٢٦٥)**

### ٢٨- (من کوڕ بووم بۆ ئاغا ~ ئاغا باوکی کوڕبوو):

**دەنگی دەروون**

**(ناڵەی بێکار)**

**تا هێزی بزووتن لە لەشما بە گوڕ بوو،**
**من کوڕ بووم بۆ ئاغاو ئاغا باوکی کوڕ بوو،**
**لە (ماندوو نەبوون)ی سەرایشم واق وڕ بوو،**
**عەماری لە بەری تەقەڵام پڕ پڕ بوو (هەمان سەرچاوە: ١٥٧)**

لە دەقە شیعری سەرەوەدا دژواتای پێچەوانەیی هەیە لە نێوان (من کوڕ بووم بۆ ئاغا و ئاغا باوکی کوڕ بوو)، کە شاعیر زۆر جوان هێناویەتییەوە، ئەمەش لێهاتوویی و شارەزایی و توانای شاعیر دەردەخات لە شیعر و داڕشتنیدا.

## ٢- ١- ٤: دژواتای ئاراستەیی[٢٤] لە شیعرەکانی گۆراندا:

### ٢٩- (زەمین ~ ئاسمان):

ئاسمان و زەوی دژواتای ئاراستەیین، چونکە ئاسمان ئاراستەیە بەرەو سەرەوە و دژەکەشی زەوییە، کە ئاراستەکەی بەرەو خوارەوەیە. هەروەکو هاتووە لە:

**خەیام بە کوردی**

**گایەك لە ئاسمان[٢٥] ناوی پەروینە، گایەکیش ئەڵێن لە ژێر زەمینە،**
**سا چاو بگێڕە ئەی خاوەندی هۆش لە ناو دوو گادا کەرگەل ببینە! (هەمان سەرچاوە: ٣٧٠)**

---

(٢٤). ئەم جۆرە دژواتایە لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لاپەڕە (٤٧)دا باسکراوە.

(٢٥). هەردوو وشە دژواتای ئاراستەیی (ئاسمان ~ زەوی) لە (بەهەشتی دڵ/ بوکێکی ناکام: ٧٣)شدا هاتووە.

**٣٠- (دێ ~ دەچێ. سەر ~ بن):**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(لە بنی بیر)**

**خۆیشم، لە بنی بێ ئەرزم، بۆ تاریکی و ترس ئەلەرزم،**

**تەقە و ڕەقەی پارچە ئاسن، کە دێ و دەچێ بۆ سەر و بن (هەمان سەرچاوە: ٢٠٣)**

**وشەکانی (دێ ~ دەچێ) دژواتای ئاراستەیین، چونکە دوو ئاراستەی جیاوازن. هەروەها (سەر~ بن) دژواتای ئاراستەیین، چونکە هەریەکەو ئاراستەیەك دەنوێنن بە پێچەوانەی یەکتر.**

**٣١- (بن ئاو ~ سەر ئاو):**

**شیعری گەپ**

**(سەگوەڕ)**

**توولەی بن ئاو، سەگی خوێڕی!**

**وات لێ هات لە من بوەڕی؟**

**توولەی سەر ئاو، سەگی خوێڕی!**

**وات لێ هات لە من بوەڕی؟ (هەمان سەرچاوە: ٢٩٣)**

**بن ئاو و سەر ئاو دوو وشەی دژواتان، لە جۆری دژواتای ئاراستەیین.**

**٣٢- (ژێر ~ سەر):**

**بۆ زاخاوی مێشك**

**هۆی حەسانەوەی سەرە لەگەڵ سەر سوار و کەرە**

**بەڵام کەر هەر لە ژێرە هێندە بێخێر و بێرە**

**ئەو نەبێ کورد بییەوێ هەم ژێر، هەم سەر ئەکەوێ**

**زیرەکیی خۆت بنوێنە ئەم مەتەڵە هەڵبێنە (هەمان سەرچاوە: ٣٩٢)**

**((ژێر)) دژواتای ئاراستەییە، واتای خوارەوە یاخود ناوەوە دەگەیەنێت، دژەکەشی ((سەر))ە، کە واتای سەرەوە دەگەیەنێت.**

**٣٣- (هەوراز ~ لێژ):**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(بە ڕێگادا... بەرەو کۆنفرانس)**

**بە هەنگاوی گورج و درێژ،**
**ئەبڕین ڕێگای هەوراز و لێژ...**
**بە دەم سەرگەرمی هیواوە**
**بە باڵ ئەفڕین (هەمان سەرچاوە: ٢٢٩)**

**(هەوراز ~ لێژ) دوو وشەی دژواتای ئاراستەیین و ئاراستەکانیشیان دژی یەکترن، هەوراز ئاراستەکەی بەرەو سەرەوەیەو لێژ ئاراستەکەی بەرەو خوارەوەیە.**

**٣٤- (خوار ~ ژوور):**

**هەریەك لە خوار و ژوور و دژواتای ئاراستەیین، ژوور دژی خوارەو ئاراستەکەی بەرەو سەرێیە، خوار دژی ژوورەو ئاراستەکەی بەرەو خوارەوەیە. ئەم دوو وشە دژواتایە بەیەکەوە هاتوونە لە:**

**پەیامی کورد**

**ئەو لقە زەیتوونەی ناو دەنووکی سوور بە سەرا بگێڕە حەوت جار خوار[٢٦] و ژوور!**
**هێزی لاو یەك بگرێ بۆ ئاشتیی دنیا شەڕفرۆش مەگەر قوڕ بکا بە سەریا! (هەمان سەرچاوە: ١٩٢)**

**٣٥- (سەرەوژوور ~ سەرەوخوار):**

**دوو هاوینە گەشت**

**(گەشت لە هەورامان)**

**ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل!**
**گا سەرەوژوورە، گا سەرەوخوارە تاڵی و شیرینیی دنیای ڕێبوارە! (هەمان سەرچاوە: ١١٧)**

**سەرەوژوور دژواتای ئاراستەییە و دژەکەشی سەرەوەوخوارە.**

---

**(٢٦). ئەم دوو وشە دژواتا ئاراستەییە (خوار ~ ژوور) لە چەندین شوێنی تر لە بابەتە شیعرییەکانی شاعیردا هاتووە لەوانەش لە: ١- (بەهەشتی دڵ/ گوڵی خوێناوی: ٤٨). ٢- (دوو هاوینە گەشت/ گەشت لە قەرەداغ: ١٢٤-١٢٦). ٣- (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا: ١٨٨). ٤- (لە کۆڕی خەباتا/ بت، بتەوان: ٢١٠). ٥- (ئۆپەرێت/ ئەنجامی ئەژدیهاك: ٢٦٧).**

## ٣٦- (هات ~ چوو):

(هات ~ چوو) دژواتای ئاراستەیین، هەریەکەیان ئاراستەیەك پیشان دەدەن. وەك هاتووە لە:

**خەیام بە کوردی**

ئەفسووس! تۆماری جوانیمان تەی بوو، بەهاری تازەی شادیمان ((دەی)) بوو،
ئەو مەلە مەستەی جوانی بوو ناوی، هەی داد،نەمزانی کەی هات[٢٧] و کەی چوو! (هەمان سەرچاوە: ٣٦٧)

## ٣٧- (پێش ~ پاش):

**دوو هاوینە گەشت**
**(گەشت لە هەورامان)**

کە لەناو کەپران جڵەویان گرتین، زەردەی لووتکەکان پاش و پێش ئەفڕین!
دوو تەختی گەورەی کۆنی دۆشەك پۆش هەشت نۆ دەیەکی لێ گرتینە کۆش. (هەمان سەرچاوە: ١٢٦)

(پێش ~ پاش) دژواتای یەکترن، دژواتای ئاراستەیین، هەریەکەیان ئاراستەیەکی جیاواز پیشان دەدەن.

## ٣٨- (شۆڕ ~ بەرز):

**بەهەشتی دڵ**
**(بۆ جوانی سەرەڕێ)**

ئەم دێیە جێدێڵم: بێ نیشان، بێ شوێنپێ، ئەی پەری! سڵ مەکە، لامەدە بۆ لاڕێ!
ئەو نیگا نیوکەچەی ئەو چاوە مەستانە! شۆڕ مەکە بۆ بەرپێ، بەرز و گەش بڕوانە! (هەمان سەرچاوە: ٥٣)

هەر یەك لە شۆڕ و بەرز دژواتای ئاراستەیین، شۆڕ ئاراستەکەی بۆ خوارەوەیەو بەرز ئاراستەکەی بۆ سەرەوەیە.

## ٣٩- (ڕاست ~ چەپ):

**لاوك و پەیام**
**(لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا)**

---

(٢٧). ئەم دوو وشە دژوتا ئەراستەییە (هات ~ چوو) لە چەندین بابەتە شیعری تر لەناو شیعرەکانی شاعیردا هاتووە، لەوانەش: ١- (بەهەشتی دڵ/ خۆزگەم بە پار: ٥٠). ٢- (دوو هاوینە گەشت/ گەشت لە هەورەمان: ١٢٥). ٣- (دەنگی دەروون/ بەردەنوسێك: ١٦٥). ٤- (لە کۆڕی خەباتا/ نەورۆزی ٦١: ٢٣٤)

دانراوه بۆ کۆتری شین:          مەلی ئاشتیی بەهەشتی ژین.
به ڕاست[28] و چەپا ئەگەڕێ:     خاپوور ئەکا و ئەکوژێ و ئەبڕێ    (هەمان سەرچاوە: ١٨٦)

(ڕاست ~ چەپ) دوو وشەی دژواتان له جۆری دژواتای ئاراستەیی.

٤٠- (تولووع ~ غوڕووب):

یادگاری کۆن
(ئەی شەوقی گەلاوێژ)

ئەی شەوقی گەلاوێژی بەیان نووری نیگاهت!
ئەی عەتری سەبا بۆی نەفەسی زوڵفی سیاهت!
ئەی حوسنی تولووع وێنەیەکی فەیزی حوزوورت،
ئەی حوزنی غوڕووب ڕۆژی ڕەشی دووری تەباهت!    (هەمان سەرچاوە: ٧٩)

(تولووع- دەرکەوتن) لەگەڵ (غوڕووب- ئاوابوون) دوو وشەی دژواتای ئاراستەیین.

٤١- (لووتکه ~ دۆڵ):

شیعری به پەخشان وەرگێڕراو
(پییەر لۆتی)

ئەو مردووانەی بێهیوایی له ژێر پێدا
پلیشانوونی
وه ئەنادۆڵی
له لووتکەیەوه تا دۆڵی
لەو زەوییه بەو لاوه نییه
که ئارمسترۆنگ گۆرانیی شێتیی تیا بڵاوئەکاتەوه    (هەمان سەرچاوە: ٣٧٨)

لووتکه و دۆڵ دوو وشەی دژواتای ئاراستەیین. لووتکه ئاراستەی سەرەوه دەگرێتەوه و دۆڵیش ئاراستەی خوارەوه.

---

(٢٨). هەردوو وشه دژواتای (ڕاست ~ چەپ) له: ١- (دەنگی دەروون/ دوا سرنج، ل: ١٦٣). ٢- (پیەس له یەك پەردەی کورتا/ جۆقی یۆنسکۆ: ٢٧٧)شدا هاتووه.

## ٢- ١- ٥: دژواتای ستوونی و دژواتای بەرامبەری[٢٩] (درێژکراوەیی) لە شیعرەکانی گۆراندا:

### ٤٢- ( باکوور ~ باشوور (جەنووب) ):

**شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو**
**(هەورەکان تێئەپەڕن)**

هەورەکان تێئەپەڕن
مەمبەن بەرەو جەنووب
نامەوێ بمرم

نامەوێ بمرم
مەمبەن بەرەو باکوور (هەمان سەرچاوە: ٣٨١)

باکوور[٣٠] دژواتای بەرامبەرییە سەبارەت بە باشوور، هەروەها بەهەمان شێوە باشووریش دژواتای بەرامبەرییە سەبارەت بە باکوور.

- هەروەها باکوور دژواتای ستوونییە سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چونکە ستوونە لەسەر هەردوو ئاراستەکەدا. هەروەکو لە هەمان بابەتە شیعردا هاتووە:

نامەوێ بمرم
مەمبەن بەرەو باکوور
مەمبەن بەرەو ڕۆژهەڵات
نامەوێ بمرم

نامەوێ بمرم
مەمبەن بەرەو ڕۆژئاوا (هەمان سەرچاوە: ٣٨١)

### ٤٣- (ڕۆژهەڵات ~ ڕۆژئاوا):

**شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو**
**(هەورەکان تێئەپەڕن)**

---

(٢٩). ئەم جۆرە دژواتایە لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لاپەڕە (٤٨)دا باسکراوە.

(٣٠). وشەی باکوور لەچەندین بابەتە شیعری تر لەناو دیوانە شیعرییەکەی گۆراندا هاتووە، لەوانەش: ١- (لە کۆڕی خەباتا/ ڕێگای لەنین، ل: ٢٢٧). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ بۆ لاوان: ٢٤٧).

مەمبەن بەرەو ڕۆژهەڵات
نامەوێ بمرم

نامەوێ بمرم
مەمبەن بەرەو ڕۆژئاوا
لەم شوێنە بەجێم مەهێڵن
بمبەن بۆ شوێنانی تر (هەمان سەرچاوە: ٣٨١)

ڕۆژهەڵات[٣١] دژواتای بەرامبەری، یان درێژکراوەییە سەبارەت بە ڕۆژئاوا، بەهەمان شێوە ڕۆژئاواش دژواتای بەرامبەرییە سەبارەت بە ڕۆژهەڵات.

## ٢- ١- ٦: دژواتای بەرامبەری ئەدەبی[٣٢] لە شیعرەکانی گۆراندا:

### ٤٤- (کۆن، فڕێ دەن ~ نوێ، بپۆشن):

وەرگێڕراو
(ڕاست بنەوە!)

با، پیر خۆیان لادەن، کوڕی مەیدان نین    سا لاوینە، دەی ڕۆژتانە، دەی زینهار!
کۆن فڕێ دەن، نوێ بپۆشن، هەتاکەی:    کەشوفشی درۆی ناو بەرگی پێرار؟ (هەمان سەرچاوە: ٣٣٨)

(کۆن، نوێ) دوو وشەی دژواتان، هەروەها (فڕێ دەن، بپۆشن) دوو وشەی دژواتای یەکترن، جا بۆیە لەم پارچە شیعرەدا (کۆن) لە بەرامبەر (نوێ) و (فڕێ دەن) لەبەرامبەر (بپۆشن)، دژواتای بەرامبەری ئەدەبییان دروستکردووە.

### ٤٥- (عومر، سەربەستی ~ مردن، دیلی):

لە کۆڕی خەباتا
(شەهید)

لە باوەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بە سەربەستی،
هەتا مردن زڕەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما،
ژیانم عار و زیللەت بوو لەژێر پێڵاوی دوشمنما،
بە خوێن بێ و گڵ هەڵیلووشێ، کەوابێ هەیکەلی هەستی! ... (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠)

(٣١). وشەی ڕۆژهەڵات لەچەند شوێنێکی تریش لە شیعرەکانی گۆراندا هاتووە، لەوانەش لە: ١- (شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو/ پییەر لۆتی، ل: ٣٧٧). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ بانگێك بۆ پۆل ڕۆپسن: ٢٠٥).
(٣٢). ئەم جۆرە دژواتایە لە لاپەڕە (٤٨)ی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە باسکراوە.

عومر (ژیان) له بەرامبەر (مردن) و (سەربەستی) لەبەرامبەر (دیلی) دژواتای بەرامبەری ئەدەبییان دروستکردووە.

**٤٦- (درێژی، دۆڵ ~ پانایی، دەشت):**

**پەیامی کورد**

لەسەر هەر لوتکەیەك، تەپۆڵکە و یاڵێ        هەر بن دار بەڕوویەك ئەکەین بە ماڵێ
درێژیی ناو دۆڵ و پانایی ناو دەشت        بە تەلاری جوان جوان ئەکەین بە بەهەشت        (هەمان سەرچاوە: ١٩٥)

لەم پارچە شیعرەدا (درێژیی) لە بەرامبەر (پانایی) و (دۆڵ) لە بەرامبەر (دەشت)، دژواتای بەرامبەری ئەدەبییان دروستکردووە.

**٤٧- (لەوبەر، گەڕەکی گەورە ~ لەمبەر، گەڕەکی بچووك):**

**دوو هاوینە گەشت**
**(گەشت لە قەرەداغ)**

لەوبەر وشکەشیو گەڕەکی گەورە        مزگەوتێکە و ماڵ لێی داوە دەورە،
لە دەشتی ئەمبەر گەڕەکی بچووك        تیایەتی ماڵی کوێخا و زاوا و بووك!        (هەمان سەرچاوە: ١٢٨)

"لەوبەر، لەمبەر" دوو وشەی دژواتان، هەروەها "گەڕەکی بچووك، گەڕەکی گەورە"ش دوو وشەی دژواتای یەکترن، جا بۆیە لەم پارچە شیعرەدا (لەوبەر) لە بەرامبەر (لەمبەر) و (گەڕەکی بچووك) لەبەرامبەر (گەڕەکی گەورە)، دژواتای بەرامبەری ئەدەبییان دروستکردووە.

## ٢- ١- ٧: دژواتای نەرێنی[٣٣] (نافەرهەنگی) لە شیعرەکانی گۆراندا:

**٤٨- (مەردی ~ نامەردی):**

**دەنگی دەروون**
**(لە بەندیخانە)**

ئەی تریفەی مانگی سپیی دەرکی دەلاقە،
با پیس نەبی، خۆت مەدە لەم کوردی عێراقە!
وڵاتەکە داگیرکراو، نەتەوە دیلە،
باو لای دوشمن نامەردێتی، مەردی زەلیلە!        (هەمان سەرچاوە: ١٧٠)

(٣٣). دژواتای نەرێنی (نافەرهەنگی) لە لاپەڕە (٤٩)ی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەوردی باسی لێوەکراوە.

((مەردی)) و ((نامەردی)) دوو وشەی دژواتان، بەڵام وشەی نامەردی دەبێتە وشەیەکی دژواتای نەرێنی بۆ دژەکەی خۆی کە ئەویش وشەی مەردە و وشەیەکی ئەرێنییە، چونکە وشە دژواتا نەرێنییەکە بەهۆی پێشگری {نا}ی نەرێ (نەفی)یەوە، کە چووەتە سەر وشە فەرهەنگییە ئەرێنییەکە دروست بووە.

**٤٩- (داد ~ بێ داد):**

**لاوك و پەیام**
**(لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا)**

بە ڕقی زۆر زۆر بە قینم لەو ژێر دەستەی لێی ئەبینم:
پەلەفرتێ و داد و بێداد بۆ ژینێکی نەختێك ئازاد. **(هەمان سەرچاوە: ١٨٧)**

((بێ داد)) دژواتای نەرێنییە، چونکە بەهۆی پێشگرێکی نەرێ (نەفی)یەوە دروست بووە، کە ئەویش پێشگری {بێ}یە و چووەتە سەر وشە ڕەسەنەکە کە وشەی ((داد))ە، بەهۆیەوە وشەیەکی دژواتای نەرێنی دروستکردووە لەبەرامبەر وشە ئەرێنییەکە کە ((داد))ە. جا بۆیە ئەم دوو وشەیە دەبنە دوو وشەی دژواتا لەبەرامبەر یەکتردا و ((داد)) دژواتا ئەرێنییەکەیە و ((بێ داد))یش دەبێتە دژواتای نەرێنی[٣٤].

**٥٠- (هەبوو ~ نەبوو):**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(بت، بتەوان)**

هەبوو، نەبوو
سەردەمی زوو
بت، بتەوان،
پیرە شەیتان **(هەمان سەرچاوە: ٢٠٨)**

((هەبوو)) و ((نەبوو)) دوو وشەی دژواتان، بەڵام وشەی ((هەبوو)) وشەیەکی ڕەسەنە و وشەیەکی فەرهەنگییە، بەڵام وشەی ((نەبوو)) وشەیەکی نەرێنی و نافەرهەنگییە و بەهۆی پێشگری ((نە))ی نەرێوە دروست بووە، کە چۆتە سەر وشە فەرهەنگییە ڕەسەنەکە و بەهۆیەوەوە وشەیەکی دژواتای نەرێنی لە بەرامبەر وشە ڕەسەنەکە (هەبوو)دا دروست کردووە.

---

(٣٤). دژواتای نەرێنییەکان هەموویان بەهۆی پێشگرێکی نەرێ دروست دەبن، کە دەچنە سەر بەشی پێشەوەی وشەیەکی ئەرێنی و لەبەرامبەریدا وشەیەکی دژواتای نەرێنی لە بەرامبەر وشە ڕەسەنەکە دروست دەکەن.

**٥١- (مان ~ نەمان):**

**دەنگی دەروون**
**(گیان)**

تۆ ون ئەبی، لەش ئەمرێ،    لەش بە یادگار قەبرێ
جێ دێڵێ تا زەمانێ،    بەڵام، ئەی گیان، تۆ کوانێ
بەڵگەی مان و نەمانت:    قەبرت یا ناونیشانت؟    (هەمان سەرچاوە: ١٧٨)

((مان)) و ((نەمان)) دوو وشەی دژواتان، بەڵام وشەی ((مان)) وشەیەکی ڕەسەن و فەرهەنگییە، بەڵام وشەی ((نەبوو)) وشەیەکی نەرێنی و نافەرهەنگییە و بەهۆی وشەی ڕەسەنی ((مان))و پێشگری ((نە))ی نەرێوە دروست بووە، کە چۆتە سەر وشە ڕەسەنەکە و بەهۆیەوەوە وشەیەکی دژواتای نەرێنی لە بەرامبەر وشە ڕەسەنەکەدا دروست کردووە.

**٥٢- (پاک ~ ناپاک):**

**وەرگێڕراو**
**(خەباتی گەل)**

قاچی تاوانکەر لە پیسیدا هەتا بن دەست چەقی،
دەستی ناپاکان کشایە دوا، نیشانەی داوەشان!
گیان سپێریی گەل لە ناوچاوانی پاکا بوو بە فەڕ
داخی عاری نایە سەر ناوچاوی تاوانپیشەکان!    (هەمان سەرچاوە: ٣٦١)

((پاک)) وشەیەکی فەرهەنگییەو دژواتاکەشی وشەی ((ناپاک))ە، کە وشەیەکی نەرێنی نافەرهەنگییەو بە هۆی پێشگری {نا} و وشەی (پاک) دروست بووە.

**٥٣- (ڕازی ~ ناڕازی):**

**شیعری گەپ**
**(ڕازی ... ناڕازی)**

ڕازی ... ناڕازی ...
عەلی حیجازی[٣٥] ...

(٣٥). عەلی حیجازی لە ساڵی (١٩٥٠)دا بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بوو، ویستی کودەتایەك بکا، گوایە مەبەستی دەرکردنی ساڵح جەبر بوو لە وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام بۆی نەچووە سەر، گرتیان و خستیانە بەندیخانە، کەچی پاش نۆ مانگێك لە وەزارەتی نووری سەعید دا بە فەرمانێکی شاهانە بەڕەڵڵایان کرد. (محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران: ٢٩٧)

ئەبازی و بازی

بە ڕیشی قازی    (هەمان سەرچاوە: ٢٩٦)

((ڕازی)) و ((ناڕازی)) دوو وشەی دژواتای یەکترن، بەڵام وشەی ((ڕازی)) دژواتای فەرهەنگی ئەرێنییە و ((ناڕازی))ش دژواتای نافەرهەنگی نەرێنییە.

**٥٤- (بوون ~ نەبوون):**

**بەهەشتی دڵ**

**(حوزنی پەچە)**

سەری بە عیشوە لەقان و بە لەهجەیێکی حەزین

وتی: بچۆوە بپرسە لە جینسی پیاوی برات،

کە کەوتە گۆشەیی گیرفان گوڵێکی ئاوریشمین

چییە تەفاوتی بوون و نەبوونی، قیمەتی لات؟   (هەمان سەرچاوە: ٤٩)

((بوون)) و ((نەبوون)) دوو وشەی دژواتای یەکترن، بەڵام وشەی ((بوون)) دژواتای فەرهەنگی ئەرێنییە و ((نەبوون)) دژواتای نافەرهەنگی نەرێنییە، بەهۆی پێشگری ((نە)) + وشەی ((بوون))ی فەرهەنگی دروست بووە.

**٥٥- (کەس ~ بێ کەس):**

**شیوەن و فرمێسک**

**(هاوڕێم بێکەس)**

دانیشین بە جووت، دڵتەنگ،    بڕێژین فرمێسکی مەنگ،

بۆ شاعیرێك بێ کەس بوو،    بەڵام ((کەس)) ئێمەی بەس بوو!   (هەمان سەرچاوە: ٩٤)

((کەس)) و ((بێ کەس)) دژواتای یەکترن، ((کەس)) کە وشەیەکی فەرهەنگییە دژواتای ئەرێنییە و ((بێ کەس))یش کە وشەیەکی نافەرهەنگییە دژواتای نەرێنییە، بەهۆی پێشگری ((بێ)) و وشەی ((کەس))ی فەرهەنگی دروست بووە.

**٥٦- (تێگەیشتن ~ تێنەگەن):**

**وەرگێڕراو**

**(ئامۆژگاری ئیمپریالیزم)**

بە لەعنەت کەن تێگەیشتن    چەند بە کەڵکە هیچ تێنەگەن

لە ناو دەریای نەزانینا    با هەر مەلەی خۆتان بکەن    (هەمان سەرچاوە: ٣٣٧)

((تێگەیشتن)) دژواتای فەرهەنگیی ئەرێنییە و ((تێنەگەن، یان تێنەگەیشتن)) دژواتای نافەرهەنگی نەرێنییە.

**٥٧- (ئەژی ~ ناژی):**

**وەرگێڕراو**
**(قەیسی شەهید)**

**دایکت، ئەی قەیس! ئەژی و ناژی**
**بە هیوایەك بێبنە و پەی**
**لە دەرگا بەن ڕائەچەنێ،**
**ئەڵێ: ((تۆی لە دەرگا ئەدەی؟))        (هەمان سەرچاوە: ٣٤٠)**

((ئەژی)) وشەیەکی فەرهەنگی ئەرێنییە و ((ناژی)) وشەیەکی نافەرهەنگیی نەرێنییە و هەردوو وشەکەش دژواتای یەکترن.

**٥٨- (گیاندار ~ بێگیان):**

**دوو هاوینە گەشت**
**(گەشت لە قەرەداغ)**

**شاری پەنجەرە و دەرگا داخستوو:        وەك یەك گیاندار و بێگیان تیا نوستوو**
**ئا لەم کاتەدا کە خەو زۆر خۆشە،        هەستە و بەرگی ڕێ خێرا بپۆشە        (هەمان سەرچاوە: ١٢١)**

((گیاندار)) و ((بێگیان)) دوو وشەی دژواتای یەکترن، ((گیاندار)) وشەیەکی ئەرێنیی فەرهەنگییە و ((بێگیان)) وشەیەکی نەرێنیی نافەرهەنگییە، بەهۆی پێشگری ((بێ)) و وشەی ((گیان)) دروست بووە.

**٥٩- (خوێندەوار ~ نەخوێندەوار):**

**بۆ زاخاوی مێشك**

**وێنەی مەتەڵم لە نۆ پیت پێکهات        شیعری چۆتە ناو گۆرانیی وڵات**
**نەخوێندەوار بوو، بەڵام داستانی        خوێندەوارانیش نرخیان ئەزانی        (هەمان سەرچاوە: ٣٩٢)**

((خوێندەوار)) و ((نەخوێندەوار)) دژواتای یەکترن، ((خوێندەوار)) وشەیەکی فەرهەنگیی ئەرێنییە و ((نەخوێندەوار)) وشەیەکی نافەرهەنگیی نەرێنییە، کە بەهۆی پێشگری ((نە)) و وشەی ((خوێندەوار)) دروست بووە.

## ٢- ٢: فرەواتا لە شیعرەکانی گۆراندا:

### ١- ئارام: وشەیەکی فرەواتایە.

ئارام: ١- هێمن. ٢- هێمنی. ٣- لەسەرخۆ. ٤- صبر. ٥- خۆڕاگر. ٦- ئاسایش و ئەمان. ٧- ئاسودە. ٨- حەسانەوە. واتاکانی وشەی ئارام[٣٦] زۆر بەکەمی هاتووە لە فەرهەنگدا. هەروەها ئەم وشەیە لەناو دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بەم واتایانە دێت:-

**١- ئارام بە واتای (هێمنی):**

**وەرگێڕراو**
**(قەیسی شەهید)**

ئەی قەیس، پاش کۆچکردنت
چیت بەجێ هێشت؟ گەر تۆ بگەی
ماڵ لە کۆشی ئارام دەرچوو
پڕ بوو لە شیوەن و وەی وەی! (هەمان سەرچاوە: ٣٣٩)

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی ئارام بە واتای (هێمنی) هاتووە.

**٢- ئارام بە واتای (هێمن):**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(بێشکەی مناڵ)**

دایک دای ڕەنج بۆ مناڵ دای،
بۆ بزەی ناو بێشکەی ئارام،
بۆ شیرینیی گڕوگاڵ دای ... (هەمان سەرچاوە: ٢٤١)

لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی ئارام بە واتای (هێمن) هاتووە.

**٣- ئارام بە واتای (ئاسایش و ئەمان):**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(تیر و کەوان)**

---

(٣٦). لە فەرهەنگی (ئاری)دا وشەی ئارام بەچەند واتایانە هاتووە. ئارام: هێمن. لەسەرخۆ. کش و مات. بێ هەست وخوست. بێ تەقەو ڕەقە. بێ شەڕوشۆڕ. بێ قڕەوبڕە. بڕوانە: (صابر گردعازبانی، فەرهەنگی ئاری: ل ٦٧).

لەو ئاسمانە،
گڕی سپیی ئەو باڵانە:
ئاوێنەی ئارامیی ژینە،
کۆشی وەنەوزی شیرینە (هەمان سەرچاوە: ٢٤٢)

وشەی ئارام لە بابەتە شیعری سەرەوەدا بە واتای (ئاسایش و ئەمان) هاتووە.

**٤- ئارام بە واتای (ئاسودە):**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(تیر و کەوان)**

ئەگەر دنیا ئاشتیی ئەوێ،
بۆ ژێر سەری خەوی ئارام[٣٧]
لە تووکی قوو پشتیی ئەوێ،
ڕاوێژ هەر ئەوەیە لە لام: (هەمان سەرچاوە: ٢٤٣)

لێرەدا لە بابەتە شیعری سەرەوە وشەی ئارام بە واتای (ئاسوودە) هاتووە.

**٥- ئارام بە واتای (حەسانەوە):**

**خەیام بە کوردی**

ئەو کۆشکەی بەزمی تیاگێڕا بارام بۆ ئاسك و ڕێوی بوو بە جێی ئارام
بارام کە گۆڕی ئەگرت تا مابوو نەتدی گۆڕ ئەوی چۆن گرت سەر ئەنجام؟ (هەمان سەرچاوە: ٣٦٧)

لێرەدا وشەی ئارام بە واتای (حەسانەوە) هاتووە.

**٦- ئارام بە واتای (صبر):**

**وەرگێڕراو**
**(بت)**

ناوی سەرکردەیی هێزێك: یانکی
تیا سەری گەورەیی سەرکردەکەین،
ناوی ئەو خێوە کە ئارامی نییە،
ڕۆژ و شەو هاوسەری بیری سەفەرە! (هەمان سەرچاوە: ٣٦٣) ئارام لێرەدا بە واتای (صبر) هاتووە.

---

(٣٧). ئارام بە واتای ئاسوودەیی لە (دەنگی دەروون/ ئیلهامی هاوار: ١٥١)شدا هاتووە.

## ٢- ئاسۆ: وشەیەکی فرەواتایە و بە چەندین واتا دێت.

ئاسۆ: ١- ڕووناکی گزنگی بەیانی. ئەو کاتەیە کە تاریکی شەو لە بەرەبەیاندا بەرەو کۆتایی دەچێت و ڕۆژ بەرەو هەڵاتن نزیك دەبێتەوە و ئاسمان بەرەو سپی بوون دەچێت. ٢- ئاسمان. ٣- سەرەوەی زەوی ئەوەندەی تا چاو پێیدەکرێ ئاسمان ببینێ. (دوا لوتکە لە ئاسمان). ٤- بەهۆی خوازەوە بە واتای بەرینایی لە کارو چالاکی دێت لە هەر بابەت و بوارێکدا. ٥- بە واتای دواڕۆژ (مستقبل) دێت. ٦- (هیوا). ٧- ڕوانگەی بیر و بیرکردنەوە. ٨- ئامانج. ٩- ناوێکە لە ڕەگەزی نێر. ئێمە لەخوارەوەدا تەنها باس لەو واتایانەی وشەی ئاسۆ[٣٨] دەکەین، کە لە بابەتە شیعرییەکانی شاعیردا هاتوون:-

### ١- ئاسۆ بە واتای (ڕووناکی گزنگی بەیانی):

**بەهەشتی دڵ**

**(نیاز ...)**

قوڵپی گەشی خوێنی جوانی دێتەوە لەشم،
دیسان شەبەق ئەدا ئاسۆی ئاسمانی ڕەشم ...
ئیتر ڕابوورد من پیر ببم، یان دڵم بمرێ،
یا بلووری شادمانیم هەرگیز گەرد بگرێ! **(هەمان سەرچاوە: ٦٤)**

لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی ئاسۆ بە واتای (گزنگی بەیانی) هاتووە.

### ٢- ئاسۆ بە واتای (ئاسمان):

**سروود**

**(بەری بەیانە)**

بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ: ئاسۆی هیوای کورد، مژدە بێ لە تۆ!
دەنگی بانگ هەڵسا لە مزگەوتی دێ، باڵدار هێلانەی خەو بەجێ دێڵێ،
قاسپە قاسپی کەو ئاشکرا ئەڵێ: کاتی فرمان هات، کورد نابێ بنوێ. **(هەمان سەرچاوە: ٣٠٢)**

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی ئاسۆ بە واتای (ئاسمان) هاتووە.

---

(٣٨). ئاسۆ: ١- ناوی ئاسمان. شوێنی هەڵاتن یا ئاوابوونی ئەستێرەو مانگ و ڕۆژ. ئەو شوێنەیە کەوا دێتە بەرچاوان ئاسمان لەوێ براوەتەوەو بەزەوییەوە نوساوەو لە دوای ئەوەوە چاوی مەردووم هەتار ناکا. ٢- بەخوازە بە مانای (مەیدان و بەرینایی کاروچالاکی لە هەموو بوارو بابەتێك) دێت. ٣- ناوە بۆ کوڕان. بۆ زیاتر لەسەر ئەمە بگەڕێوە بۆ: (فەرهەنگی پێشوو: ل ١١٠).

**٣- ئاسۆ بە واتای سەرەوە (أفق):**

**وەرگێڕراو**

**(دوێنێ)**

هەرچەن دایئەدا لە هەورێك باران

وەك شەڕاب ئاویم لە جام ئەکرد من!

مانگ لە ئاسۆوە بیکێشایە سەر:

یارم لادا بوو، هەرام ئەکرد من! (هەمان سەرچاوە: ٣٣٥)

لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی ئاسۆ بە واتای سەرەوە (أفق) هاتووە.

**٤- ئاسۆ بە واتای (دواڕۆژ):**

**سروود**

**(بەری بەیانە)**

بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ: ئاسۆی هیوای کورد، مژدە بێ لە تۆ!

دەنگی بانگ هەڵسا لە مزگەوتی دێ، باڵدار هێلانەی خەو بەجێ دێڵێ،

قاسپە قاسپی کەو ئاشکرا ئەڵێ: کاتی فرمان هات، کورد نابێ بنوێ. (هەمان سەرچاوە: ٣٠٢)

لێرەدا لە دەقە شیعری سەرەوە ئاسۆ بە واتای (دواڕۆژ) هاتووە.

**٥- ئاسۆ بە واتای ئامانج:**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(بەستەی نەبەن)**

من ئەو دیلەم لە پشت شوورای پۆڵاوە

ئاسۆی هیوای گەشم هەرگیز ون ناکەم،

لە ڕووی ئاسمان بە گڕی سوور نوسراوە

بەندە بەندەی ئایننامەی بڕواکەم! (هەمان سەرچاوە: ٢٠٢)

لێرەدا ئاسۆ بە واتای (ئامانج) هاتووە.

**٦- ئاسۆ بە واتای (هیوا):**

**سروود**
**(چواردەی تەمووز)**

**تۆ ئاسۆی ئاواتی گەلی! تۆ خۆشترین کاتی گەلی!**
**نۆبەرەی خەباتی گەلی! سەرەتا و هۆی هاتی گەلی!**
**چواردەی تەمووز! چواردەی تەمووز! (هەمان سەرچاوە: ٣١٠)**

**لێرەدا ئاسۆ بە واتای (هیوا) هاتووە.**

## ٣- باش[٣٩]: وشەیەکی فرەواتایە.

**باش: ١- واتای خۆی، کە دژەکەی خراپە. ٢- چاك. ٣- زیرەك و زانا. ٤- موناسب (بێ حەیب). ٥- زۆر. ٦- ڕوون و ئاشکرا. ٧- پتەو، قایم.**

**١- باش بە واتای ڕاستەقینەی خۆی:**

**بۆ زاخاوی مێشك**

**لە شەش پیتەکەی جووتی پێش و پاش قسەی منالْن بۆ شت جوان بێ و باش**
**لە سێوە بۆ پێنج کزی و بێدەنگی یەك تا سێ زستان مایەی دڵتەنگی (هەمان سەرچاوە: ٣٩٥)**

**لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی باش بە واتای ڕەسەنی خۆی هاتووە.**

**٢- باش بە واتای چاك:**

**شیوەن و فرمێسك**
**(هاوڕێم بێکەس)**

**وەك ڕۆح سووکی، ڕووخۆشی، خوێنگەرمی، خزمەتکۆشی،**
**دڵی باش، دەروونی پاك، بیری ڕوون، کردەوەی چاك، (هەمان سەرچاوە: ٩٥)**

**لێرەدا باش بە واتای (چاك) هاتووە.**

---

(٣٩). باش: ١- کردارو خوو و خدەی پەسەند لە مرۆڤدا (چاك). وەك: کوڕی باش. ٢- بەکەڵك، ڕێك و پێك و دروست سازکراوی هەرشتێکی دەسکردی مرۆڤ. وەك: دیواری باش. ٣- زانا، تێگەیشتوو. وەك: مەلای باش. ٤- گیانداری قەڵەو و پەروەردە. وەك: مەڕی باش. ٥- ساغ، سەلامەت. وەك: محمد دوو ڕۆژە حاڵی باش نیە. ٦- زۆر، ڕادەی پێویست. وەك: خەڵکیٚ:ی باش هاتبوونە تەماشا. بڕوانە: (عەلی نانەوازادە، فەرهەنگی هەرمان (بەرگی یەکەم، ئا- ب): ل ٢٢٩- ٢٣٠).

**٣- باش بە واتای ڕوون و ئاشکرا:**

**دوو هاوینە گەشت**
**(گەشت لە قەرەداغ)**

**((دووکان)) دیاریی دا لە بناری شاخ، ژووری ئاش و بی، خواری شیو و باخ**
**لە خواری دێوە هەندێ کەپری شاش، شایی و هەڵپەڕکێی تیادەرئەکەوت باش! (هەمان سەرچاوە: ١٢٦)**

**لێرەدا باش بە واتای (ڕوون و ئاشکرا) هاتووە.**

**٤- بەند[٤٠]: وشەیەکی فرەواتایەو بە چەند واتایەك دێت.**

**بەند:١- بەند واتا "بەستراو" بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی، کە دووشت، یان دوو کەس، یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ٢- کەسی گیراو (مسجون أو محبوس). ٣- بەندیخانە. ٤- پەیوەندار. ٥- زنجیر. دێت.**

**ئێمە لێرەدا تەنها باس لەو واتایانەی وشەی (بەند) دەکەین، کە لە پارچە شیعرەکانی گۆراندا بە فرەواتا هاتوون. وەك:**

**١- بەند بە واتای بەندیخانە:**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(زیندانی ئەژدەهاك)**

**ئەژدەهاك! زیندانت قەڵاقەڵایە، دیواری کۆنکرێت، دەرگای پۆڵایە.**
**ئەژدەهاك! کون بڕە، سەختە زیندانت، ناڕووشێ بە بڕبەن بەندی گرانت!**
**هێزی لەش مرێنە کۆت و زنجیرت، کارییە لە دەمار ناپاکیی بیرت. (هەمان سەرچاوە: ٢٠١)**

**لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی بەند بە واتای (بەندیخانە) هاتووە.**

---

(٤٠). وشەی بەند لە (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، ل ٨٥) بەم واتایانە هاتووە: ١- حەپس و زیندان. ٢- گەی قامکان. ٣- جومگەی دەست. ٤- پێوەندی زیندانی. ٥- مانەوە. ٦- حیلەوگزی. ٧- جۆی گەورەو هەڵبەستراو. ٨- بەرگیرەی لافاو، سەد. ٩- گیروگرفت. ١٠- پارچەیەك لە قەسیدەی شیعر. ١١- کورتە گۆرانی. ١٢- بەستە کاغەز. ١٣- قەدەغە، قاخە. ١٤- بڵندایی لە تەختاییدا. ١٥- پێنجەم حەوتەی زستان. ١٦- وەخت، جەنگە: (سەروبەند). ١٧- ساڵی جوتکردنی گا: (ئەم گایە دوو بەندە، ئەمەیان سێ بەندە).

**٢- بەند بە واتای کەسی گیراو:**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(زیندانی ئەژدەهاک)**

دڵڕەقیت هەر تاوە چەشنە سزایە بۆ بەندیی خاوەنهۆش ئەخاتە کایە.

هێند چەشن سەربڕ و زیندانەوانت، سەرخۆشن بە خوێنی گشت بەندیەکانت!(هەمان سەرچاوە: ٢٠١)

لەم بابەتە شیعرییەدا هەردوو وشەی بەند بە واتای (کەسی گیراو- مسجون، محبوس) هاتوون.

**٣- بەند بە واتای زنجیر:**

**بەهەشتی دڵ**

**(هەڵبەستی ڕەنجاو)**

کەی تۆم دیوە؟ کەی ئەتناسم؟ کەی؟ کەی؟ کەی؟ دڵداری چی؟ پەیمانی چی؟ حەی! حەی! حەی!

وەك سیحرباز هاتووی بەندی دەلەسە ئەخەیتە پێم، دیلم ئەکەی، نا بەسە! (هەمان سەرچاوە: ٦٠)

لێرەدا بەند بە واتای (زنجیر) هاتووە.

**٤- بەند بە واتای بەستراو:**

**شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو**

**(پییەر لۆتی)**

ڕۆژهەڵاتی وا!

ڕۆژهەڵات، جێی هەڵهاتنی ڕۆژ،

زەویی بوڕکانەکان

کە دیل و بەندە، بەندەی ڕووت و قووت،

لە برسانا تیا ئەمرێ (هەمان سەرچاوە:٣٧٧- ٣٧٨)

لێرەدا بەند بە واتای (بەستراو) هاتووە.

**٥- بەندە: وشەیەکی فرەواتایە.**

بەندە: ١- عبد (غولام). ٢- ژێردەستە.

**١- بەندە بە واتای عبد (غولام):**

**شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو**

**(پییەر لۆتی)**

ڕۆژهەلاتی وا!

ڕۆژهەلات، جێی هەڵهاتنی ڕۆژ،

زەویی بوڕکانەکان

کە دیل و بەندە، بەندەی ڕووت و قووت،

لە برسانا تیا ئەمرێ (هەمان سەرچاوە:٣٧٧- ٣٧٨)

وشەی بەندە لێرەدا بە واتای عبد (غولام) هاتووە.

**٢- بەندە بە واتای ژێردەستە:**

**لاوك و پەیام**

**(لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)**

ئەی نەتەوەی کوردی برسی! عەرەب، هیندی، هەرکەس، هەرچی!

ئەم قەوماوەی کۆریا، پەندە بۆ گشت گەلی دیل و بەندە. (هەمان سەرچاوە: ١٨٩)

لێرەدا بەندە بە واتای (ژێردەستە) هاتووە.

## ٦- بێگەرد: وشەیەکی فرەواتایە و بە چەندین واتا دێت.

بێگەرد:١- خاوێن. ٢- ڕوون. ٣- ساف و بێلەکە. ٤- بێ گوناح. ٥- ڕاست و پاك (صحیح).

٦- باش.

**١- بێگەرد بە واتای (خاوێن):**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(مۆسکۆی جوان)**

جادەی شۆراو بریقەی دێ وەك بلوور، تیا ئەلەرزێ ((وێنە))ی گڕی سەوز و سوور،

تاکسیم ئەکشێ بە شەقامی بێگەرد[٤١]! بە سەر عەکسی وەنەوشەیی، یان زەرد! (هەمان سەرچاوە: ٢٢٦)

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی بێگەرد بە واتای (خاوێن) هاتووە.

---

(٤١). وشەی بێگەرد بە واتای (خاوێن) لە (خەیام بە کوردی: ١٧١)شدا هاتووە.

**٢- بێگەرد بە واتای ڕوون:**

**شیعر بۆ منالان**
**(گۆرانیی دەنکە گەنم)**

**ناوی خوای لێ ئەهێنم**
**دەرکی عەمار ئەشکێنم**
**بە بار گەنم دەردێنم**
**لە ناو وەردا ئەیچێنم**
**وەك ئاڵتوون زەردە**
**پاك و بێگەردە**
**دەنکە گەنم ...     (هەمان سەرچاوە: ٣٢٢)**

**لێرەدا بێگەرد بە واتای (ڕوون) هاتووە.**

**٣- بێگەرد بە واتای ساف و بێ لەکە:**

**بەهەشتی دڵ**
**(بۆ کچێکی بێگانە)**

**زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم،     زۆر چاوی شین داویە پڕشنگ لە چاوم،**
**شان و مل و گەردنی ڕووتی بێگەرد،     سنگی نەرم و مەمکی قوتی توند وەك بەرد،     (هەمان سەرچاوە: ٦٦)**

**لێرەدا بێگەرد بە واتای (ساف و بێ لەکە) هاتووە.**

**٤- بێگەرد بە واتای بێ گوناح:**

**دەنگی دەروون**
**(لە بەندیخانە)**

**ئێستا من و خەڵقی ئەودیو ئەم چوار دیوارە**
**لە بابەتی جوێ شێلراوە، هەستیمان، دیارە!**
**ئەوان چەشنی فریشتەن و بێگەرد و پاکن،**
**دنیا هەر بۆ ئەوان خولقا ئەوەندە چاکن!     (هەمان سەرچاوە: ١٦٩)**

**لێرەدا بێگەرد بە واتای (بێ گوناح) هاتووە.**

٥- بێگەرد بە واتای ڕاست و پاك (صحیح):

له كۆڕی خەباتا
(بەستەی نەبەز)

من سەربازی ئامانجێكم پیرۆزە،
فیداكاری ڕێگایەكم: بێگەردە[٤٢]،
ڕەنجێك ئەدەم ڕەنجی پیاوی دڵسۆزە،
لە ڕێیەكا بێباك ئەمرم: ڕێی مەردە! (هەمان سەرچاوە: ٢٠٢)

لێرەدا بێگەرد بە واتای (ڕاست و پاك- صحیح) هاتووە.

٦- بێگەرد بە واتای باش:

وەرگێڕراو
(داستانی هەیاسی و كاكە عابیدین)

وتی: ئەمجارەم ببەخشە، سوێن بێ ئیتر نەنێمە ئەودیو ماڵت پێ
كاكە عابیدین، كوێخای دڵبێگەرد بوورد لە گوناهی هەیاسیی نامەرد (هەمان سەرچاوە: ٣٥٨)

لێرەدا بێگەرد بە واتای (باش) هاتووە.

## ٧- تاڵ: وشەیەكی فرەواتایە و بە چەندین واتا دێت.

تاڵ:١- تامی لە زاران ناخۆش ~ شیرین. ٢- هەر شتێكی ناخۆش. وەك: ڕووی تاڵ، قسەی تاڵ، ڕۆژی تاڵ. ٣- ناشیرین، ناحەز. وەك: خوێنتاڵ. ٤- ڕۆژێكی سارد و ناخۆش و ڕهێڵە، كە نەكرێ جووتی تێدا بكەن یان ئاژەڵی بلەوەڕێنن، تووش. (عەلی نانەوازادە، بەرگی دووەم، ٢٠٠٥: ٢٧٥) هەروەها تاڵ بە واتای (ناخۆشی)ش دێت.

١- تاڵ بە واتا سەرەكییەكەی خۆی:

خەیام بە كوردی

هەر بەربەیانێك ڕووی ئاسمان شین بێ، ئەبێ لەسەر دەست پیاڵەی ڕەنگین بێ،
ئەڵێن لە دەما تامی مەی تاڵە، مەی حەقەو كێ دی كە حەق شیرین بێ؟ (هەمان سەرچاوە: ٣٧١)

---

(٤٢). وشەی (بێگەرد) لەچەندین شوێنی تر بە واتای پاك و ڕاست (صحیح) هاتووە، لەوانەش لە: ١- (شیعری گەپ/ عەرز و حاڵ: ٢٨٧). ٢- (شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو/ پیبەر لۆتی: ٣٧٧).

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی تاڵ بە واتا ڕەسەنەکەی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە (تامێکی ناخۆش).

**٢- تاڵ (ناخۆشی):**

**گەشت لە هەورامان**

**(دیمەنی ڕێگا و بان)**

ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل!
گا سەرەوژوورە، گا سەرەو خوارە
و شیرینی دنیای ڕێبوارە! (هەمان سەرچاوە: ١١٧)

لێرەدا تاڵ بە واتای (ناخۆشی) هاتووە.

**٣- تاڵ (ناخۆش):**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(نەورۆزی ٦١)**

ئەی ئەو جەژنەی هاتیت و چوو
لە دەم، تاڵیی پاری مردوو!
ئەی ئەو جەژنەی هەزاران ساڵ
لە ڕابوردووی کوردی زۆر تاڵ (هەمان سەرچاوە: ٢٣٤)

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوە تاڵ بە واتای (ناخۆش) هاتووە و زۆر تاڵیش واتا (زۆر ناخۆش).

## ٨- تازە: وشەیەکی فرەواتایە.

تازە: ١- نوێ ~ کۆن. ٢- ئێستا. ٣- سەردەمیانە (هاوچەرخ- مۆدێرن).

ئێمە لێرەدا تەنها مەبەستمان لەو واتایانەیە لە وشەی تازە، کە لە دێرە شیعرەکانی گۆرانی شاعیردا هاتووە و ئاماژەمان پێداون.

(٤٣). وشە تاڵ بەهەمان شێوە بە واتای (ناخۆشی) هاتووە لە (سروود/ گۆرانی قوتابییان: ١١٧).

١- تازە بە واتای (نوێ):

بەهەشتی دڵ
(هەڵبەستی پەشیمان)

قیبلەی عەشقم! هۆی ئاوازەم! هێلانەی هەڵبەستی تازەم!
چۆن ئەتوانم بڕەنجم لێت، هەی خاك بەسەر ئینسانی شێت؟ (هەمان سەرچاوە: ٦١)

لێرەدا وشەی تازە بە واتای (نوێ) هاتووە.

٢- تازە بە واتای (هاوچەرخ و مۆدێرن و سەردەمیانە):

دەنگی دەروون
(کوردستان)

کوردستان: ئەگەرچی دوورە دنیای تۆ، دۆڵ و دارستانی چۆڵ و تەنیای تۆ،
دووری لە شارستان، لە ژینی تازە، لە شەوی ڕووناك و پڕ لە ئاوازە (هەمان سەرچاوە: ١٥٢)

لەم دەقە شیعرییەدا وشەی تازە[44] بە واتای (هاوچەرخ و سەردەمیانە - مۆدێرنانە) هاتووە.

٣- تازە بە واتای (ئێستا):

سروشتی جوان
(سەوزەگیای پایین)

تازە سەوزە گیا سەرلەنوێ ئەڕوێ، مەل لە ماجەرای عەیش و نۆش ئەدوێ!
تازە سروەی بای قودسیی ((عیسا فوو)) گیان ئەکاتەوە بەر دنیای مردوو! (هەمان سەرچاوە: ١٣٧)

لێرەدا تازە بە واتای (ئێستا) هاتووە.

٩- پاك: وشەیەکی فرەواتایە.

وشەی پاك وشەیەکی فرەواتایە بە واتاکانی: ١- خاوێن .٢- ڕاست و دروست- بێ فڕوفێڵ). ٣- (بێ گوناح). ٤- باش. ٥- چاکە. ٦- ڕەسەن. ٧- داوێنپاك. ٨- تێکڕا (گشت). ٩- تەواو. ... لەوانەشە بە هەندێك واتای تریش بێت، بەڵام ئێمە لێرەدا بەگوێرەی دەقە شیعرییەکانی شاعیر، وشەی (پاك) بە چ واتایەك و بە چەند واتا هاتبێت وا لە خوارەوەدا ئاماژەی پێدەدەین:

(٤٤). وشەی تازە لەچەندین شوێنی تر لە بابەتە شیعرییەکانی گۆرانی شاعیر لەناو دیوانەکەیدا بە واتای (مۆدێرن و سەردەمیانە) هاتووە، لەوانەش لە: ١- (لە کۆڕی خەباتا/ بۆ مایکڵ، ل: ٢٠٤). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ بانگێك بۆ پۆل ڕۆپسن: ٢٠٥). ٣- (لە کۆڕی خەباتا/ بت، بتەوان: ٢١٣). ٤- (لە کۆڕی خەباتا/ ڕێگای لەنین: ٢٢٧).

١- پاك (خاوێن):

**بەهەشتی دڵ**
**(شەوێك لە عەبدوڵڵا)**

هۆڵ زۆر گەورە، ئێجگار ڕووناك      هەموو شت جوان، هەموو شت پاك[٤٥]
((جەو)) لێی ئەتکێ شادمانی،      بۆنخۆشی، مۆسیقا، جوانی      (هەمان سەرچاوە: ٧٠)

لەم دەقە شیعرییەی سەرەوەدا پاك بە واتای (خاوێن) هاتووە، کە واتا ڕەسەنەکەیە.

٢- پاك (بێ گوناح):

**دەنگی دەروون**
**(لە بەندیخانە)**

ئەوان چەشنی فریشتەن و بێگەردو پاکن،
دنیا هەر بۆ ئەوان خوڵقا ئەوەندە چاکن!
بۆیان هەیە بەپێی دڵخواز بخۆن، بنۆشن،
سەربەست بژین، بەختیاری پێك پێك بنۆشن      (هەمان سەرچاوە: ١٦٩)

لێرەدا وشەی پاك بە واتای (بێ گوناح) هاتووە.

٣- پاك (چاکە):

**پەیامی کورد**

ئەو تۆوەی ئەیچێنن، بە نیازی پاك      بەهەشتێك ئەڕوێنێ بۆ گشت لە ڕووی خاك!
لاوانێك لە پشتی ئەوان دێنە خوار      دنیایەك ئەبینن دوانزە مانگ بەهار.      (هەمان سەرچاوە: ١٩٣)

لێرەدا وشەی پاك بە واتای (چاکە) هاتووە.

(٤٥). وشەی پاك لە چەندین شوێنی تر بە واتای (خاوێن) هاتووە لەوانەش لە: ١- (لە کۆڕی خەباتا/ بۆ لاوان: ٢٤٥). ٢- (پیەس لە یەك پەردەی کورتا/ خۆزگەی هەژار: ٢٨٤). ٣- (سروود/ نەورۆزەکەم: ٣٠٦). ٤- (شیعر بۆ منالان/ پشیلەکەم: ٣٢٥).

٤- پاك (ڕاست و دروست- بێ فڕوفێڵ):

وەرگێڕراو
(گۆرانیی لاوانی جیهان)

دەنگی زولاڵمان، بە سوێن،
ئامانجێکی پاك[٤٦] ئەدا بەڵێن
سەربەرزی بڕوامانین
بە ڕاستی دڵسۆزی ئینسانین (هەمان سەرچاوە: ٣٤٣)

لێرەدا وشەی پاك بە واتای (ڕاست و دروست- بێ فڕوفێڵ) هاتووە.

٥- پاك (ڕەسەن):

لاوك و پەیام
(لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)

ئەم باڵرووتی، دوو لاق ڕووتە، هەڵقەمچاو چەناگە و لووتە،
پێویست ناکا ماك ئارسەر بێ، سەرەك، یا وەزیری دەر بێ،
هەر ((یانکی)) بێ، ((جۆن)) بێ، ((جاك)) بێ، بە خوێن لە ڕەگەزی پاك بێ (هەمان سەرچاوە: ١٨٨)

لەم دەقە شیعرییەدا وشەی پاك بە واتای (ڕەسەن) هاتووە.

٦- پاك (باش):

وەرگێڕراو
(داستانی هەیاسی و کاکە عابیدین)

لە کوردستانا، لە قاسم ئاوا کاکە عابیدین ناوێك بوو کوێخا،
پیاوێك بوو دڵ و دەروونی پاك[٤٧] بوو لەگەڵ گشت کەسی ناودێدا چاك بوو(هەمان سەرچاوە: ٣٥٧)

لێرەدا پاك بە واتای (باش) هاتووە.

---

(٤٦). وشەی پاك لەچەندین شوێنی تر لەناو دەقە شیعرییەکانی گۆراندا بەواتای (ڕاست و دروست- بێ فڕوفێڵ) هاتووە، لەوانەش لە: ١- (بەهەشتی دڵ/ بۆ جوانی سەرەڕێ: ٥٣). ٢- (بەهەشتی دڵ/ بوکێکی ناکام: ٧٣). ٣- (هونەرە جوانەکان/ بۆ بولبول: ١٠٤).

(٤٧). پاك بە واتای (باش) لە (دەنگی دەروون/ لە بەندیخانە: ١٧٠) شدا هاتووە.

**٧- پاك (تەواو):**

**شیعری گەپ**
**(عەرز و حاڵ)**

ئەی پاشای خاوەندی کۆشك و کادیلاك! بۆ باڵوێزخانەکان بە دڵسۆزی پاك
سوێن ئەخۆم کە بوومە نوێنەری کورد تێکۆشم ملی کورد چاکتر بکەم ورد!(**هەمان سەرچاوە: ٢٨٧**)

لێرەدا پاك بە واتای (تەواو) هاتووە.

**٨- پاك (ڕاستکار):**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(شەهید)**

لەگەڵ ئەو جوانە پاکانەی[٤٨] لە دەورم مەیتیان ڕیزە
لە خوێنا وێنە شێواوین، بە دایکمان بناسێنە!
بڵێ بەو بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم،
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا (**هەمان سەرچاوە: ٢٠٠**)

لێرەدا پاك بە واتای (ڕاستکار) هاتووە، گەنجی پاکیش ئەو گەنجەیە، کە خو و ڕەوشتی باشی هەیەو کاری ڕاست دەکات.

**٩- پاك (گشت):**

**شیوەن و فرمێسك**
**(شیوەنی گوڵاڵە)**

قەبرا ئەی خاکی ڕەش، ئەی چاڵی تاریك: دڕندەی لاشەخۆری باوك و داییك،
لە دەورت هەڵچنیم خوشك و برا پاك، کچێکم بوو ئەویشت کردە خۆراك! (**هەمان سەرچاوە: ٩٩**)

لێرەدا پاك بە واتای (گشت) هاتووە.

## ١٠- پیس: وشەیەکی فرەواتایە.

پیس:١- بە واتای ڕاستەقینەی خۆی ~ خاوێن. ٢- حاسد. ٣- زیانبەخش (ئازاردەر).
٤- خراپەکار. ٥- خراپ. ٦- خراپە (کاری خراپ).

(٤٨). پاك بە واتای (ڕاستکار) لە (وەرگێڕراو/ خەباتی گەل، ل: ٣٦١)یشدا هاتووە.

**١- پیس بە واتای ڕاستەقینەی خۆی:**

**دەنگی دەروون**

**(لە بەندیخانە)**

**بۆ ئەو دیوی کە زۆر پیاوی گەورە و ناوداری گیانی چەور و چڵکنە وەك لەشی هەژاری!**

**بۆ ئەو دیوی پڕ لە درۆ پڕ لە دەسیسە، بۆ ئەو دیوی کە هیچ نەبێ وەك ئەم دیو پیسە!**

**(هەمان سەرچاوە: ١٦٩- ١٧٠)**

**لێرە لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوە وشەی پیس بە واتای ڕەسەنی خۆی هاتووە.**

**٢- پیس بە واتای حاسد:**

**وەرگێڕراو**

**(تەرجیعبەندێکی بەناوبانگ)**

**دوێ شەوێ من لە تاوی سۆزی عیشق هەر خولم خوارد و هەر گەڕام حەیران!**

**تا لە ئەنجامی کارما شەوقم کێشی کردم هەتاکو دەیری موغان!**

**دیم- بە دوور بێ لە چاوی پیس- خەڵوەت پڕ لە شەوقە بە ئاگری یەزدان (هەمان سەرچاوە: ٣٥٥)**

**لێرەدا پیس بە واتای (حاسد) هاتووە.**

**٣- پیس بە واتای زیانبەخش (ئازاردەر):**

**بۆ زاخاوی مێشك**

**گوێچکەی تاقکەوتووی وەك هیی کەر درێژ، کلکی کوت و مت مارێکی ژارڕێژ**

**چییە ئەم دەعبا دڕندە و پیسە؟ پێنج بوایە پیتی ئەتوت ئیبلیسە! (هەمان سەرچاوە: ٣٨٨)**

**لێرەدا پیس بە واتای زیانبەخش (ئازاردەر) هاتووە.**

**٤- پیس بە واتای خراپە:**

**وەرگێڕراو**

**(خەباتی گەل)**

**دوایی مشتی ئاسنینی خەڵك تانکی تێك شکان،**

**دەستی هێزی گەل لە خاکا تۆپەکانی گشت خەوان!**

**قاچی تاوانکەر لە پیسیدا هەتا بن دەستی چەقی،**

**دەستی ناپاکان کشایە دوا، نیشانەی داوەشان! (هەمان سەرچاوە: ٣٦١)**

لێرە وشەی پیس بە واتای (خراپە) هاتووە.

**٥- پیس بە واتای خراپ:**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(بت، بتەوان)**

**نەموت کەڕ بە؟ نەموت کوێر بە؟**
**نەموت عیلمی لاڵی فێر بە؟**
**بیری نوێی پیس لە سەر دەرکە،**
**هەزار دەق خۆت گەوج و کەر کە؟ (هەمان سەرچاوە: ٢١٠)**

لێرەدا پیس بە واتای (خراپ) هاتووە.

## ١١- جوان: وشەیەکی فرەواتایە.

جوان[٤٩] وشەیەکی فرەواتایە بە چەند واتایەك دێت. وەك:

جوان: ١- قەشەنگ. ٢- کەشخە. ٣- قشت. ٤- ڕێك. ٥- ناسك. ٦- گەنج. ٧- خۆش. ٨- تەڕوپاراو (بۆ شیعر). ئێمە لە خوارەوەدا تەنها ئاماژە بەو وشە فرەواتایانە دەکەین کە لە بابەتە شیعرییەکانی شاعیردا هاتوون:

**١- جوان بە واتای (قەشەنگ):**

**بەهەشتی دڵ**
**(بەستەی دڵدار)**

**نە لە شار و نە لە دێ،**
**نەمدی کەس**
**وەك تۆ جوان[٥٠] بێ،**
**تۆیت و بەس (هەمان سەرچاوە: ٥٦)**

لە بابەتە شیعرییەی سەرەوە وشەی جوان بە واتای ڕەسەنی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە (قەشەنگ- جمیل).

---

(٤٩). لە لاپەڕە (١٨٥)ی فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا (جوان) بەم واتایانە هاتووە: ١- سپەهی، دەلال، قەشەنگ. ٢- جحێل، لاو، تازەپێگەیشتوو. ٣- پەسەند. ٤- ژوان.

(٥٠). هەروەها وشەی جوان بە واتای ڕەسەنی خۆی، کە بریتییە لە قەشەنگ لە چەند بابەتە شیعرێکی تری شاعیردا هاتووە لەوانەش لە: ١- (بەهەشتی دڵ/ جوانی لە لادێ: ٥٧). ٢- هونەرە جوانەکان/ جیلوەی شانۆ: ١٠٨). ٣- (لە کۆڕی خەباتا/ مۆسکۆی جوان: ٢٢٦).

٢- جوان بە واتای گەنج:

له كۆڕی خەباتا
(شەهید)

((هەڵۆ بەگ)) ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات،
لەپێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا ڕووی هەڵمەتی هانی.

لەگەڵ یارانی ئەیوت: ئەی حوکوومەت! تا نەکەی تەسبیت
حوقووقی کوردەواری، نایەوێ کورد ئینتیخاباتت (هەمان سەرچاوە: ١٩٩)

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی جوان[٥١] بە واتای گەنج (لاو) هاتووە.

٣- جوان بە واتای خۆش:

بەهەشتی دڵ
(ئافرەت و جوانی!)

لە گەرووی شمشاڵ، لە تەلی کەمان گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان.
ئەمانە هەموو جوانن، شیرینن، ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن! (هەمان سەرچاوە: ٤٣)

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی جوان لە وشەی لێکدراوی "جوان جوان" لە دێری یەکەمدا کە بە هێڵ لە ژێرییدا نیشانکراوە بە واتای (خۆش) هاتووە و لە دێری دووەمیشدا کە بە تەنها هاتووە و بە خاڵ لە ژێرییەوەی دەستنیشانکراوە بە واتای ڕاستەقینەی خۆی (قەشەنگ) هاتووە.

٤- جوان بە واتای ڕێك:

وەرگێڕراو
(ئاهەنگی موغان)

دەوروبەری کۆشکی موغان ماڵرابوو، ئاوڕشێنکراو
دانیشتبوو پیرێکی پاك، کۆڕێکی گەرم دابوویە ناو
مەی نۆشەکان هەموو جوان، لە خزمەتا بەستوو کەمەر
گەرچی لە هەوریان ئەسوو بە فەخرەوە نووکی کڵاو (هەمان سەرچاوە: ٣٥٣)

لێرەدا جوان بە واتای (ڕێك) هاتووە.

---

(٥١). وشەی جوان بە واتای (گەنج) لە (سروشتی جوان/ سەوزەگیای پاییز، ل: ١٣٧)یشدا هاتووە.

٥- جوان بە واتای تەڕو پاراو:

**هونەرە جوانەکان**
**(بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست)**

شیعری جوانت ئەوێ، قوربان، شیعری جوان[٥٢]،    شیعرێك گەشە و زەردەخەنە با بە ژیان!
شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ،    ڕوون بێ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ
(هەمان سەرچاوە: ١٠٩)

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی جوان بە واتای (تەڕو پاراو) هاتووە.

٦- جوان (قشت):

**بەهەشتی دڵ**
**(ڕەوتێکی جوان)**

یا کەروێشکی تێر و قەڵەو    لەبەر تریفەی مانگەشەو
چەن جوان ئەڕوا بە قونەقون    سرك و گورج و سپی و خرپن!    (هەمان سەرچاوە: ٤٤)

لێرەدا وشەی جوان بە واتای (قشت) هاتووە.

١٢- چاو: وشەیەکی فرەواتایە.

١- چاوی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر، کە واتا بنچینەییەکەیە.

**بەهەشتی دڵ**
**(ئاواتی دووری)**

ئەی چاو[٥٣]! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت،
کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟
کوانێ دوو چاوی مەست؟ کوانێ؟
کوانێ برۆی پەیوەست؟ کوانێ؟    (هەمان سەرچاوە: ٤٥)

لەم دەقە شیعرەدا وشەی چاو بە واتای ڕاستەقینەی خۆی (عین) هاتووە.

---

(٥٢). جوان بە واتای (ناسك) لە (شیوەن و فرمێسك/ هاوڕێم بێکەس: ٩٣)شدا هاتووە.

(٥٣). هەروەها ئەم وشەیە (چاو) بە هەمان شێوە بە واتای ڕاستەقینەی خۆی هاتووە لە: ١- (بەهەشتی دڵ/ بۆ کچێکی بێگانە: ٦٦). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ بت، بتەوان: ٢١٢). ٣- (ئۆپەرێت/ جۆقی یۆنسکۆ: ٢٧٧). ٤- (وەرگێڕراو/ داستانی هەیاسی و کاکە عابیدین: ٣٥٨).

٢- چاوی هیوا:

له کۆڕی خەباتا
(بت، بتەوان)

نانووم له تاو ئێش و ئازار
ڕائەژەنم لەشی زامار!
چاوی هیوام ئەبڕمە دوور،
سرنج ئەدەم له ئاسۆی سوور!. (هەمان سەرچاوە: ٢١٢)

وشەی چاو له فرەیزی "چاوی هیوا"دا به واتای (ئومێد و ئاوات) هاتووە.

٣- چاوی خەیاڵ:

لەکۆڕی خەباتا
(مۆسکۆی ئەیار)

جۆشی دەنگ و ڕەنگ و جووڵه
گیانی منی خستە سەر باڵ،
له ئاسۆی دووری وڵاتم
ورد ورد گێڕام چاوی خەیاڵ: (هەمان سەرچاوە: ٢٤٠)

له دەقه شیعری سەرەوەدا وشەی چاو له وشه لێکدراوی "چاوی خەیاڵ"دا به واتای (بیرکردنەوە) هاتووە.

٤- چاوی مێز.

بۆ زاخاوی مێشك

وەك کەر لەسەر چوار پێ وەستاو، هەیەتی ڕوو، هەیەتی چاو!
پشتی پانه و باری سووکه، دەعبایەکی لەش بێ تووکە!
چی بێ ناوی ئەم دەعبایه که نزیکی کورسیی شایه! (هەمان سەرچاوە: ٣٨٨)

لەم دەقه شیعرییەی سەرەوە وشەی چاو بۆ (چاوی مێز) بەکارهێنراوە.

١٣- دەست: وشەیەکی فرەواتایه.

دەست:١- دەستی مرۆڤ، که واتا ڕەسەنەکەیه. ٢- توانا. ٣- به واتای (لەچنگ، یا لەبارەی) دێت.

**١- دەست بە واتا ڕەسەنەکەی خۆی:**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(چیرۆکێکی برایەتی)**

**بە جووت هەردوو باوك كوژراو،**
**تك تك خەممان تكا لە چاو،**
**دەست لە مل، بەسەر یەکترا**
**گریان کردینی بە برا. (هەمان سەرچاوە: ٢٣٦)**

**لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی دەست بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە (دەستی مرۆڤ).**

**٢- دەست بە واتای توانا:**

**دەنگی دەروون**

**(دوا سرنج ...)**

**هەر ئەوەم لە دەست دێ، هەتا ئەتوانم،**
**ئا لەم هەڵوێستەدا، هەل بەکاربێنم،**
**وەك تینووی چاو لە ئاو بە کوڵ بڕوانم،**
**ئەو چاوەی تێم بڕییت نەیتروکێنم (هەمان سەرچاوە: ١٦٣)**

**لەم پارچە دەقە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی دەست بە واتای (توانا) هاتووە.**

**٣- دەست بەواتای (لەچنگ، یا لەبارەی):**

**دەنگی دەروون**

**(بۆ هیوای کوڕم)**

**حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نامەفهووم و بێ مەعنا:**
**زمانی بەست و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا!**
**حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،**
**بەحر پڕکەی لە تف، بیدەی بە ناوچاوانی باوکیما! (هەمان سەرچاوە: ١٥٩)**

**لەم پارچە دەقە شیعرییەدا وشەی دەست بە واتای (لە چنگ، یا لەبارەی) هاتووە.**

**١٤- دەم: وشەیەکی فرەواتایە و بە چەندین واتا دێت.**

دەم: ١- دەمی مرۆڤ و گیاندار، کە ئەمە واتا ڕەسەنەکەیە. ٢- دەمی شیر (شمشێر) و چەقۆ و کێرد. ٣- دەمی گوڵ. ٤- دەمی برین. ٥- زوبان (زمان). ٦- قسەکردن.

**١- دەم بە واتا ڕەسەنەکەی خۆی، کە بریتیە لە دەمی مرۆڤ:**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(لە بنی بیرا)**

بە چنگ، بە پێ، بە پاچ، بە دان ...
هەڵئەکەنم بۆ خۆم زیندان!
تا هەڵکەنم ڕۆتر ئەچم
هەی قوڕ بە سەر کوڕ و کچم!
بەو ڕەنجەی من بۆیان ئەدەم
تیکەی وشکیان ناگاتە دەم[٥٤]! (هەمان سەرچاوە: ٢٠٣)

لێرەدا وشەی دەم بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی، کە بریتییە لە (دەمی مرۆڤ) هاتووە.

**٢- دەمی شیر (شمشێر):**

**پەیامی کورد**

یان لەسەر سووسەیەك بیرو بڕوای سوور ئەینێرن زنجیربەند بۆ زیندانی دوور!
ئەگەر هات بەڵگەیەك کەوتە دەست میری! هەر سەرەو ئەپەڕێ بە دەمی[٥٥] شیری! (هەمان سەرچاوە: ١٩٣- ١٩٤)

وشەی دەم لەم بابەتە شیعرییەدا بە واتای ڕاستەقینەی خۆی کە (دەمی مرۆڤە) نەهاتووە، بەڵکو بەهۆی خواستنەوە بۆ دەمی شیر (شمشێر) بەکارهاتووە، واتاکە لە دەمی مرۆڤەوە گواستراوەتەوە بۆ دەمی شیر، دەمی شیریش بریتییە لە ڕووە تیژەکەی شمشێر.

---

(٥٤). هەروەها دەم بە واتای ڕاستەقینەی خۆی لە چەندین شوێنی تر هاتووە، لەوانەش لە: ١- (لاوك و پەیام/ لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا: ١٨٦). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ بت، بتەوان: ٢١٢). ٣- (لە کۆڕی خەباتا/ تاسەی دیدار: ٢٢٠). ٤- (لە کۆڕی خەباتا/ مۆسکۆی ئەیار: ٢٣٩). ٥- (شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو/ باوەڕەکەمان: ٣٨٣).

(٥٥). وشەی (دەمی شیر) لە: ١- (لاوك و پەیام/ لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا: ١٨٦). (لە کۆڕی خەباتا/ تاسەی دیدار: ٢٢١)یشدا هاتووە.

**٣- دەمی کێرد (چەقۆ):**

**دڵۆپی مرواری**
**(یادی پیرەمێردی بوێژ)**

**پووشی دەساڵ ئێستە خۆڵە**
**لەو ڕۆژەوە جێی پیرەمێرد**
**قۆچی تینوو بۆ دەمی کێرد**
**لە باخچەی هەڵبەستا چۆڵە. (هەمان سەرچاوە: ٢٥٣)**

**کێرد ئەو چەقۆیەیە کە ئاژەڵی پێ سەردەبڕێت، دەمیش فرەواتایەو بە هۆی خواستنەوە لە دەمی مرۆڤەوە گواستراوەتەوە بۆ دەمی کێرد.**

**٤- دەمی گوڵ:**

**سروود**
**(نەورۆز ئەکەم)**

**هەنگی لە ناو کونا خجڵ،**
**لەم ڕۆژەوە ڕێی ئازادی**
**ئەگرێتەوە بەر بۆ مژین:**
**لە دەمی گوڵ شیلەی هەنگوین! (هەمان سەرچاوە: ٣٠٥)**

**دەمی گوڵ لە دەمی مرۆڤەوە خواستراوە، چونکە گوڵیش کاتێك کە پێ دەگات دەمی دەکرێتەوە و لە شێوەدا لە دەمی مرۆڤ دەچێت.**

**٥- دەم (زوبان):**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(نەورۆزی ٦١)**

**ئەی ئەو جەژنەی هاتیت و چوو**
**لە دەم، تاڵیی پاری مردوو!**
**ئەی ئەو جەژنەی هەزاران ساڵ**
**لە ڕابوردووی کوردی زۆر تاڵ (هەمان سەرچاوە: ٢٣٤)**

**لێرەدا دەم بە واتای (زوبان) هاتووە، بەو واتایەی کە لە سەر زار (زوبان) تاڵە.**

٦- دەم (قسەکردن):

**شیعری گەپ**
**(دەنگی مردوو)**

دوایی: ڕاستیی بێزمانیم، دەرئەخا کوردی نەزانیم،
لەبەرئەوە: کورد نیم، نەکەن دەمتان لە حەق بۆ کورد بدەن! (هەمان سەرچاوە: ٢٨٨)

لێرەدا دەم بە واتای (قسەکردن) هاتووە.

## ١٥- دۆست: وشەیەکی فرەواتایە.

دۆست: ١- هاوڕێ (برادەر). ٢- دڵدار.

**١- دۆست بە واتای هاوڕێ (برادەر):**

**شیوەن و فرمێسك**
**(هاوڕێم بێ کەس)**

هەزار چاوجوان، قەدباریك کەوتوونە چاڵی تاریك،
چی بە جێ ما لە دوایان بۆ دۆست و ئاشنایان؟ (هەمان سەرچاوە: ٩٥)

لەم بابەتە شیعرەدا وشەی دۆست[٥٦] بە واتای ڕەسەنی خۆی، کە بریتییە لە هاوڕێ (برادەر) هاتووە.

**٢- دۆست بە واتای (یار):**

**ئۆپەرێت**
**(ئەنجامی یاران)**

لاوانمی بە دەم و لەبزی وەك شەکراو
پرسیار و وەڵام
گەیشتە: ناونیشان، ناو، دۆست، دەزگیران
تا دەستمان بۆ یەکتر نایە سەر قورعان:
کە هەرگا پێویستی نیشتمانم دی،
لە چەك بەردرام
ماڵی زۆر هەڵگرم، بێمە خوازبێنیی (هەمان سەرچاوە: ٢٥٩)

---

(٥٦). وشەی دۆست بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی کە (هاوڕێ) دەگەیەنێت، لە (وەرگێڕراو/ داخی دڵ شیوەن بۆ نامیق کەمال: ٣٤٨)یشدا هاتووە.

لەم بابەتە شیعرەدا وشەی دۆست بە واتای (یار) هاتووە.

## ١٦- ڕاست: وشەیەکی فرەواتایە.

ڕاست: ١- لای ڕاست. ٢- دروست (صحیح). ٣- ڕاستی (حەقیقەت). ٤- حەق.

### ١- ڕاست بە واتای (لای ڕاست):

**پەیامی کورد**

دوشمنی گەورەی کورد، ئیستعماری پیر،   نۆکەری هان داوە دەست بدەنە شیر
بە ڕاست و بە چەپا مل بپەڕێنن   سزای ئاشتی خوازی لە گەل بسێنن!(هەمان سەرچاوە: ١٩٣)

لەم پارچە دەقە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی ڕاست بە واتای (لای ڕاست) هاتووە، دژەکەشی لای چەپە.

### ٢- ڕاست بە واتای (حەق):

**بەهەشتی دڵ**
**(هاوڕێم بێکەس)**

ئەمجا کە ئەیدی ئاوا:   کەشتی بۆ گەرداو ئەڕوا،
هەزاران هاوار بکرێ   کەس نییە ڕێی ڕاست[٥٧] بگرێ   (هەمان سەرچاوە: ٩٤)

لەم دەقە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی ڕاست بە واتای (حەق- ڕاستی) هاتووە.

### ٣- ڕاست بە واتای (صحیح):

**لە کۆڕی خەباتا**
**(بت، بتەوان)**

ئێرە خاکی بتپەرستە،
تەنیا بە چپە دروستە،
ڕاپۆرتی ڕاست[٥٨] بدەی بە من،
بەڵام درۆ:

---

(٥٧). وشەی (ڕاست) لە: ١- (لە کۆڕی خەباتا/ بەستەی نەبەز: ٢٠٢). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ چیرۆکێکی برایەتی: ٢٢١)یشدا بە واتای حەق هاتووە.

(٥٨). وشەی (ڕاست) بە واتای (صحیح) لە چەند شوێنێکی تر لەناو پارچە شیعرییەکانی گۆراندا هاتووە، لەوانەش لە: ١- هونەرە جوانەکان/ بۆ بولبول:١٠٤). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ بت، بتەوان: ٢٠٩). ٣- (ئۆپەرێت/ ئەنجامی یاران: ٢٦٠- ٢٦١).

گیانم: درۆ !

ژینم درۆ !

دەستمایەی ئایینم، درۆ ! **(هەمان سەرچاوە: ٢١٠)**

**لە دەقە شیعری سەرەوەدا وشەی ڕاست بە واتای (صحیح) هاتووە.**

**٤- ڕاست بە واتای ڕاستی (حەقیقەت):**

**وەرگێڕراو**

**(داخی دڵ شیوەن بۆ نامیق کەمال)**

**فەیلەسووفی ڕۆژهەڵاتی عەسر بووی، ڕاست[٥٩] لە عیلما تۆ فەریدی دەهر بووی.**

**لەفزی پەخشانت هەموو سیحری حەڵاڵ نەزمی شیعرت ڕشتەیی یاقووتی ئاڵ.(هەمان سەرچاوە: ٣٤٨)**

**وشەی ڕاست لەم پارچە دەقە شیعرییەی سەرەوەدا بە واتای (ڕاستی- حەقیقەت) هاتووە.**

## ١٧- ڕوو: وشەیەکی فرەواتایە.

**ڕوو: ١- ڕوخساری مرۆڤ. ٢- ڕوخساری پێشەوەی شت. ٣- سەرەوەی شت. ٤- ئاراستە.**

**١- ڕوو بە واتای ڕاستەقینەی خۆی، کە بریتییە لە (ڕوخساری مرۆڤ):**

**بەهەشتی دڵ**

**(سکاڵا...)**

**لە سەمای بەرزی ناوبانگی حوسنا**

**تاقە ستارە!**

**نەبووی لە وزەی دەستکورتیی منا،**

**ئاشکرا و دیارە!**

**هەر لەبەر ئەوە ڕووم لێ وەرگێڕای**

**یەکەم تەسادوف (هەمان سەرچاوە: ٥٢)**

**لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی ڕوو[٦٠] بە واتای ڕاستەقینەی خۆی، کە بریتییە لە (ڕوخساری مرۆڤ) هاتووە.**

---

**(٥٩). وشەی (ڕاست) لە: ١- (بەهەشتی دڵ/ جوانی بێ ناو: ٦٥). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ بت، بتەوان: ٢١٥)شدا بە واتای (ڕاستی- حەقیقەت) هاتووە.**

**(٦٠). وشەی ڕوو بە واتای ڕەسەنی خۆی کە (ڕوخساری مرۆڤە) لە (شیوەن و فرمێسک/ هاوڕێم بێکەس، ل: ٩٤)یشدا هاتووە.**

٢- ڕوو: بە واتای پێشەوەی شت:

بۆ زاخاوی مێشک

وەك کەر لەسەر چوار پێ وەستاو، هەیەتی ڕوو، هەیەتی چاو!
پشتی پانە و باری سووکە، دەعبایەکی لەش بێ تووکە!
چی بێ ناوی ئەم دەعبایە کە نزیکی کورسیی شایە! (هەمان سەرچاوە: ٣٨٨)

لێرەدا وشەی ڕوو بە واتای (پێشەوە) هاتووە. مەتەڵەکەش بریتییە لە (مێز).

٣- ڕوو بە واتای سەرەوەی شت:

هەمەجۆرە

ڕووی دنیا سەوزە و ناوبەناو ڕەنگین لووتکەی شاخ سپی و ڕەنگی ئاسمان شین
لە دنیای جوانی جەژنی نەورۆزا بە خۆشی و شادی و سەربەستی بژین (هەمان سەرچاوە: ٤٠٠)

لێرەدا وشەی ڕوو بە واتای (سەرەوە) هاتووە.

٤- ڕوو بە واتای ئاراستە:

بۆ زاخاوی مێشک

پەنجە بەرە بەی هەڵگرە لە خانوودا ڕوو[٦١] لە دەرە
ئەوەی ئەیکا بە ڕەنجی شان هاودووکانی ئاسنگەرە
ئەگەر زانیت مەتەڵ چییە ((نامەخوا)) کەت لەسەر سەرە (هەمان سەرچاوە: ٣٩٣)

لێرەدا ڕوو بە واتای (ئاراستە) هاتووە.

## ١٨- ڕوون: وشەیەکی فرەواتایە.

ڕوون: ١- ڕۆن. ٢- ئاشکرا. ٣- ڕۆشن. ٤- بێ لێڵایی بە ڕەنگی ئاوی پاك. ٥- تراو، شل. (عبدالرحمن شرفکندی، ٢٠١٢: ٣٥٤)

١- ڕوون بە واتای ڕۆن (ساف و بێ خڵت):

هونەرە جوانەکان

(بۆ بولبول)

---

(٦١). وشەی ڕوو لە:١- (بەهەشتی دڵ/ جوانی لەلادێ، ل: ٥٧). ٢- (هەمەجۆرە، ل: ٣٩٩)شدا بە واتای (ئاراستە) هاتووە.

شیعری تۆ، گشت نموونە،            ئاوی سەرچاوەی ڕوونە،
سەربەست ئەڕوا و خوڕەی دێ،      ئەمیان لە کوێ، ئەو لە کوێ؟  (هەمان سەرچاوە: ١٠٣)

وشەی ڕوون لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوە بە واتای (ساف– بێ خڵت) هاتووە.

**٢– ڕوون بە واتای دیار (ئاشکرا):**

**بەهەشتی دڵ**
**(نیان)**

نە ورشەی گیای مێرگی سەوزی دەمەو بەهارم،
نە شنەی بای دارستانی چڕی نزارم
چەشنی جاران دایئەخورپان ناخی دەروونم،
ئەیهێنایە سەر هەڵقوڵین سەرچاوەی ڕوونم!  (هەمان سەرچاوە: ٦٣)

لێرەدا ڕوون بە واتای دیار (ئاشکرا) هاتووە.

**١٩– ڕووناك: وشەیەکی فرەواتایە.**

**١– ڕووناك بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی کە بریتییە لە (مضيء) و دژەکەشی تاریکە:**

**دوو هاوینە گەشت**
**(گەشت لە قەرەداغ)**

سوار بووین، کەوتینە بناری سەیوان،      ڕووی دنیا ڕووناك[٦٢]، بەیانی زۆر جوان!
شینایی دەشتی ((تەکیە)) و بەرەوخوار   پاراو بوو چەشنی ئەگریجەی نازدار! (هەمان سەرچاوە: ١٢٢)

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوە وشەی ڕووناك بە واتای ڕاستەقینەی خۆی (مضيء) هاتووە.

**٢– ڕووناك بە واتای (ڕۆشنبیر):**

**لاوك و پەیام**
**(لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا)**

گەلێکی وا ئازا و سەربەست،            بە باوەڕی ئازادی مەست،
مێشك ڕووناك، پڕ لە هێز لەش،         خۆبەختکەر، بە خەبات چەش  (هەمان سەرچاوە: ١٨٥)

لەم پارچە شیعرەی سەرەوەدا وشەی ڕووناك بە واتای (ڕۆشنبیر) هاتووە.

---

(٦٢). ڕووناك بە واتای ڕەسەنی خۆی (مضیء) لە (سروود/ بەری بەیانە: ٣٠٢)شدا هاتووە.

**٢٠- ڕووناکی: وشەیەکی فرەواتایە.**

ڕووناکی: ١- ڕووناك کە پێچەوانەی تاریکە. ٢- بینایی (بینین). ٣- ڕێی ڕاست. ٤- خۆشی.

**١- ڕووناکی بە واتای ڕووناك:**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(ڕێگای لەنین)**

لەگەڵ کۆتر شوێن ڕووناکیی ڕۆژ کەوتم        نە ڕۆژ، نە شەو، نەخەوتم

چیا و چیا، دەشتاودەشت، دەریا و دەریا  پێوانەم کرد بەرەو باکوور ڕووی دنیا(هەمان سەرچاوە:٢٢٧)

لێرەدا ڕووناکیی بە واتای (ڕووناك) هاتووە.

**٢- ڕووناکی بە واتای بینایی (بینین):**

**شیعری منالان**

**(ساوای ئاشتیخواز)**

ئەمجا مەرجە تا ماوم

بە زمانی پاراوم

گۆرانیی ئاشتی بڵێم

ئاشتیی ڕووناکیی[٦٣] چاوم

منالێکم، منالێکم، ئاشتیخواز        (هەمان سەرچاوە: ٣١٧)

لێرەدا ڕووناکی بە واتای بینایی (بینین) هاتووە.

**٣- ڕووناکی بە واتای خۆشگوزەرانی:**

**سروود**

**(چواردەی تەمووز)**

تۆ هەڵهاتی، شەو دوایی هات        ڕۆژی گەلی عیراق هەڵهات

ڕووناکی کەوتە ڕووی وڵات        بژی شۆڕش! بژی خەبات!        (هەمان سەرچاوە: ٣١٠)

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی ڕووناکی بە واتای (خۆشگوزەرانی) هاتووە.

---

(٦٣). لە (شیعری منالان/ جگەرتانین، ل: ٣١٨)شدا وشەی ڕووناکیی بە واتای بینایی (بینین) هاتووە لە دیوانە شیعری شاعیردا.

### ٤- ڕووناكی بە واتای ڕێی ڕاست:

**سروود**
**(گۆرانی قوتابییان)**

ئیتر هەرگیز ڕووی ڕۆژی ڕوون
داناپۆشێ هەوری چڵكن،
ترسی تاڵ و تاریكی شەڕ
ڕووناكیمان لێ ناكا ون! (هەمان سەرچاوە: ٣٠٨)

لێرەدا ڕووناكی بە واتای (ڕێی ڕاست) هاتووە.

### ٢١- ڕۆژ: وشەیەكی فرەواتایە.

ڕۆژ: ١- خۆر (شمس). ٢- یوم. ٣- نهار. ٤- ڕووناكی.

### ١- ڕۆژ بە واتای حەقیقی خۆی (خۆر- الشمس):

**بەهەشتی دڵ**
**(بۆ جوانی سەرەڕێ)**

بۆ یەك شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم، بەیانی ڕۆژ[٦٤] هەڵهات، سوار ئەبم جێی دێڵم
وەك ساوای یەكشەوە كە دێ پاش نەمانی چۆڵ ئەبێ بە یەكجار لە ناو و نیشانی (هەمان سەرچاوە: ٥٣)

ڕۆژ (خۆر) بە واتای ڕاستەقینەی خۆی هاتووە لە دەقە شیعری سەرەوەدا.

### ٢- ڕۆژ بە واتای (ڕۆژەكانی ساڵ- یوم):

**سروود**
**(نەورۆز ئەكەم)**

نەورۆزی من بەهارییە،
زەردەخەنەی ڕووی سروشتە،
لە دەشتی ڕەنگین دیارییە:

---

(٦٤). وشەی ڕۆژ بە واتای ڕەسەنی خۆی كە بریتییە لە (خۆر- شمس) لە چەند بابەتە شیعرێكی تری شاعیردا هاتووە، لەوانەش لە: ١- (سروشت جوان/ دیمەنێكی بەهار: ١٣٨). ٢- (سروود/ گۆرانی قوتابییان: ٣٠٨). ٣- (وەرگێڕراو/ دوێنێ: ٣٣٤).

هەر هیی من نا، جەژنی گشتە:
ڕۆژی[٦٥] ژیانەوەی گەلە،
هیی گژ و گیایە، هی مەلە!     (هەمان سەرچاوە: ٣٠٤)

لە دەقە شیعری سەرەوەدا وشەی ڕۆژ بە واتای ڕۆژەکانی هەفتە، یان ڕۆژەکانی ساڵ (یوم) هاتووە.

**٣- ڕۆژ بە واتای (نهار) ~ شەو:**

**ئۆپەرێت**
**(ئەنجامی ئەژدیهاك)**

چاوی ماری ناچێتە خەو
نە کاتی ڕۆژ[٦٦] نە کاتی شەو!
لە خۆراکی مێشکی کوڕیش
سەر با ئەدەن بە فیشە فیش!     (هەمان سەرچاوە: ٢٦٦- ٢٦٧)

لەم دەقە شیعرییەدا وشەی ڕۆژ بە واتای (نهار) هاتووە.

**٤- ڕۆژ بە واتای تیشکەکەی (ڕووناکییەکەی):**

**دوو هاوینە گەشت**
**(گەشت لە قەرەداغ)**

کە کۆمەڵ ڕێ کەوت بەرەو قەرەداخ،     سێبەر کشابوو بۆ پێدەشتی شاخ.
ڕۆژی بەرەو کەل بە پرشنگی زەرد،     وارنیشی ئەدا لە بەر ڕۆژی هەرد     (هەمان سەرچاوە: ١٢٥)

لەم دەقە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی (ڕۆژ) لە نیوە دێری یەکەمی دێری دووەم، کە خاڵی بەژێردا هاتووە بە واتای (خۆر) هاتووە و وشەی (ڕۆژ) لە نیوە دێری دووەمی دێری دووەم، کە هێڵی بەژێردا هاتووە بە واتای (ڕووناکی ڕۆژ - تیشکی ڕۆژ) هاتووە.

**٢٢- ڕێ: وشەیەکی فرەواتایە.**

ڕێ: ١- ڕێگا (طریق). ٢- ڕێچکە (ڕێبان). ٣- شێواز. ٤- ڕێ لە بوارەکانی تری ژیان.

---

(٦٥). وشەی ڕۆژ بە واتای (ڕۆژەکانی ساڵ- یوم) هاتووە، لەم بابەتە شیعرییانەشدا: ١- (بەهەشتی دڵ/ بەستەی دڵدار: ٥٤- ٥٥). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ بۆ سەربازی جومهووریمان: ٢٢٤). ٣- شیعری گەپ/ دەنگی مردوو: ٢٨٩).

(٦٦). ڕۆژ بە واتای (نهار) کە پێچەوانەی شەوە لە (پەیامی کورد: ١٩٣)شدا هاتووە.

**١- ڕێ بە واتای (ڕێگا):**

**(دارچواڵەی پشکووتوو)**

**لە پاش بڕینی ماوەیەکی دوور، گیانی وەڕسی ڕێگای سەرەوژوور**
**دی: ((پاس)) کشایە ناو پێچپێکی لێژ، لای چەپ: چناری باریك و درێژ**
**ڕەپ ڕاوەستابوون لە کەناری ڕێ[67]، سەربازی پاس بوون بۆ پشت سەری کێ؟ (هەمان سەرچاوە: ١٤٣)**

**لەم بابەتە شیعرەی سەرەوەدا وشەی ڕێ بە واتای ڕەسەنی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە ڕێگا.**

**٢- ڕێ بە واتای ڕێباز:**

**سروود**
**(مارشی ئاشتیخوان)**

**ئاشتیخوازین، پشتیوانمان گەلانە،**
**کۆتری سپیی ئاڵامان ناونیشانە:**
**ڕێگامان ڕێی[68] برایەتیی ئینسانە،**
**ناکۆکی و شەڕنەهێشتن ئامانجمانە! (هەمان سەرچاوە: ٣١٢)**

**لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی ڕێ بە واتای (ڕێباز) هاتووە.**

**٢٣- زار: وشەیەکی فرەواتایە و بە چەندین واتا دێت. وەك:**

**زار: ١- زوبان. ٢- زمان (لغة).**

**١- زار بە واتای ڕاستەقینەی خۆی، کە بریتییە لە زوبان:**

**دەنگی دەروون**
**(وەڵامی پرس)**

**بۆ من ئەم پرسە وەك هەنگوین**
**ئەتکایە سەر لێو لە زاری**

---

**(٦٧). لە بابەتە شیعرییەکانی: ١- (بەهەشتی دڵ/ بۆ جوانی سەرەڕێ: ٥٣). ٢- (بەهەشتی دڵ/ جوانی لەلادێ:٥٧). ٣- (لە کۆڕی خەباتا/ چواردەی تەمووز: ٢١٦)دا وشەی ڕێ بە واتای ڕەسەنی خۆی (ڕێگا) هاتووە.**

**(٦٨). ڕێ بە واتای ڕێباز لەچەندین شوێنی تر لە بابەتە شیعرییەکانی گۆراندا هاتووە، لەوانەش لە:١- (لە کۆڕی خەباتا/ بەستەی نەبەز: ٢٠٢)شدا هاتووە. ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ بۆ مایکڵ: ٢٠٤). ٣- (لە کۆڕی خەباتا/ بە ڕێگادا بەرەو کۆنفڕانس: ٢٢٩).**

**بەڵام بۆ خوشکانی بەردەست**
**سیسکردنی گوڵ بوو کاری ...     (هەمان سەرچاوە: ١٧٣)**

**لەم دەقە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی زار بە واتای (زوبان) هاتووە.**

**٢- زار بە واتای (لغة):**

**دەنگی دەروون**
**(ئاخ، هەزار ئاخ ...)**

**کوا نگینی بەختی من؟**
**کوانێ تاج و تەختی من؟**

**بۆ لە خاك و زاری بێگرێم،**
**غەدر ئەکەی؟ نابەخشی پێم؟     (هەمان سەرچاوە: ١٥٠)**

**لەم دەقە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی زار بە واتای زمان (لغة) هاتووە.**

## ٢٤- زمان: وشەیەکی فرەواتایە و بە چەندین واتا دێت. وەك:

**زمان: ١- بریتییە لەو پارچە گۆشتەی ناودەم کە قسەی پێدەکرێت و خواردن و خواردنەوەی پێ قوت دەدرێت (زوبان). ٢- زمان (لغه). ٣- بە واتای قسەکردن دێت.**

**١- زمان بە واتا سەرەکییەکەی (زوبان):**

**دەنگی دەروون**
**(ڕۆڵەی بێ دایك)**

**نە ئاخ لە سینەدا ئەخواتەوە پەنگ،   نە فرمێسك ئەتوانێ بڕژێ بە بێ دەنگ**
**نە زمان ئەوەستێ لەمە زیاتر،     نە قەڵەم وەك لاشەی مردووی سارد و سڕ (هەمان سەرچاوە: ١٥٦)**

**لێرەدا لە بابەتە شعری سەرەوەدا وشەی زمان بە واتای ڕاستەقینە خۆی هاتووە، کە بریتییە لە (زوبان)ی مرۆڤ .**

**٢- زمان بە واتای (لغة):**

**دەنگی دەروون**
**(ئاخ، هەزار ئاخ ...)**

**ئەی، ئەوەی قەومانی بەش بەش کرد بە پێی خاك و زمان،**
**دای بە هەر قەومێ نگین و تاج و تەختی حوڕ ژیان!**

کوا نگینی بەختی من؟
کوانێ تاج و تەختی من؟ (هەمان سەرچاوە: ١٥٠)

لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی زمان بە واتای (لغة– Language) هاتووە.

٣– زمان بە واتای (قسەکردن):

پەیامی کورد

لە باغچە و مەیدان و جێگا گشتییەکان    بە ڕاستی بێزمان دێننە زمان
چینی بۆ بالقانی ئەبێ بە بولبول،    کۆرپایی و ((یانکی)) ی باش دەست ئەکەنە مل (هەمان سەرچاوە: ١٩٢)

لێرەدا زمان بە واتای (قسەکردن) هاتووە.

٢٥– سەبر: وشەیەکی فرەواتایە.

سەبر: ١– ئارام. ٢– لەسەرخۆ.

بەهەشتی دڵ
(بۆ خانمێك)

قاسید وتی پێم: بگرە سەبر، خانم ئەوا دێت،    سا فەرموو، سەبر بێ بە فیدای خاکی بەری پێت!
حەسرەتکەشی ئەو شان و مل و گەردنە ڕووتەم،    وەختە بمرم بۆ نەفەسی بۆنی توالێت! (هەمان سەرچاوە: ٥٩)

لێرەدا سەبری نیوەدێری یەکەم بە واتای (ئارام) هاتووە و سەبری نیوەدێری دووەم بە واتای (لەسەرخۆ، یا هێواش) هاتووە.

٢٦– سەر: وشەیەکی فرەواتایە.

سەر: ١– سەری مرۆڤ و گیاندار (رأس). ٢– سەری هەندێ لە کەل وپەل. وەك: سەری مەنجەڵ، سەری کتلی... ٣– لەسەر.

١– سەر بە واتای ڕەسەنی خۆی، کە بریتییە لە سەری مرۆڤ و گیاندار (رأس):

لە کۆڕی خەباتا
(بت، بتەوان)

لە قوڕاوا بیگەوزێنن،
نینۆکی لە بن دەربێنن،

**مووی سەر[٦٩] بە چەرمەوە بگروون،**
**برۆ و سمێڵ پاکتاو بدروون (هەمان سەرچاوە: ٢١١)**

**لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی سەر بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە (رأس).**

**٢- سەر بە واتای (لەسەر):**

**بەهەشتی دڵ**
**(جوانی لە لادێ)**

**ئێوارەیە وا، دەرکەوە سا جوانە کچی دێ،**
**ئەی ویردی قسە و بەستەیی گشت کوڕگەلی سەر[٧٠] ڕێ!**
**سووتاوی جوانیتن هەموو کێیی کوڕی کێ!**
**ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە! (هەمان سەرچاوە: ٥٧)**

**لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی سەر بە واتای (لەسەر) هاتووە.**

**هەروەها مامۆستا گۆران (لە بەهەشتی دڵ- جوانی لە لادێ) لە نیوەدێرێکدا زۆر بە جوانی وشەی{سەر}ی بە هەردوو واتای (سەری مرۆڤ) و (لەسەر) هێناوەتەوە، کە لە خوارەوەدا ئاماژەی بۆ دەکەین:**

**بەهەشتی دڵ**
**(جوانی لە لادێ)**

**کچ:**
**هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێکاتی؟**
**ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم،**
**با بگریم بۆ دڵێ بۆ گوڵێ دۆڕانم! (هەمان سەرچاوە: ٤٨)**

**لەم دەقە شیعرەدا "سەر"ی یەکەم کە بە هێڵ لە ژێرییدا نیشانکراوە بە واتای ڕاستەقینەی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە (سەری مرۆڤ). "سەر"ی دووەم کە بە خاڵ لە ژێرییدا نیشانکراوە بە واتای (لەسەر) هاتووە.**

---

**(٦٩). وشەی سەر بە واتای ڕەسەنی خۆی لە چەند بابەتە شیعرێکی تردا هاتووە، لەوانە: ١- (لە کۆڕی خەباتا/ شەهید: ٢٠٠). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ تاسەی دیدار: ٢٢٠). ٣- (بەهەشتی دڵ/ گوڵی خوێناوی: ٤٧)**
**(٧٠). وشەی سەر بە واتای (لەسەر) لەچەند بابەتە شیعرێکی تریشدا هاتووە لە دیوانەکەی شاعیردا لەوانەش لە: ١- (دەنگی دەروون/ ئاخ، هەزار ئاخ: ١٤٩). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ تاسەی دیدار: ٢٢١).**

**٢٧- شیرین: وشەیەکی فرەواتایە و بە چەندین واتا دێت.**

**شیرین:١- تامی شیرین. ٢- خۆش. ٣- خۆشی. ٤- جوان. ٥- دڵڕاکێش و سەرنج ڕاکێش. ٦- دڵخۆشکەر. ٧- ڕۆح سووك. ٨- خۆشەویست (ئازیز).**

**١- شیرین بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی، کە بریتییە لە (تامی شیرین):**

**لە کۆڕی خەباتا**

**(چیرۆکێکی برایەتی)**

**برای عەرەب!**
**بمانەوێ براییمان**
**میوەی شیرین بچنێ لە دار،**
**بمانەوێ ئازادییمان (هەمان سەرچاوە: ٢٣٨)**

**لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی شیرین بە واتا ڕەسەنەکەی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە (تامی شیرین).**

**٢- شیرین بە واتای خۆشی:**

**سروود**

**(چواردەی تەمووز)**

**وڵات یەکسەر پێکەنینە، بەم شۆڕش و ڕاپەڕینە**
**کۆتر سپی و ئاسمان شینە ئاشتی هۆی شیرینی[٧١] ژینە (هەمان سەرچاوە: ٣١٠)**

**لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی شیرین بە واتای (خۆشی) هاتووە.**

**٣- شیرین بە واتای خۆش:**

**وەرگێڕراو**

**(گۆران)**

**بەڵام ئارەزوو و ئاواتی جاران**
**تەوژم و مەستی نادا بە ژیان؟**

---

**(٧١). وشەی شیرین لەچەند بابەتە شیعرێکی تری شاعیردا بە واتای (خۆشی) هاتووە، لەوانە: ١- (گەشت لە هەورامان/ دیمەنی ڕێگاوبان: ١١٧). ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ چیرۆکێکی برایەتی: ٢٣٨). ٣- (لە کۆڕی خەباتا/ بێشکەی مناڵ: ٢٤١).**

**چەشنی شیرین[٧٢] خەو**
**نوستووی بەجێ هێشت بۆ تاریکیی شەو! (هەمان سەرچاوە: ٣٣١)**

**لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی شیرین بە واتای (خۆش) هاتووە.**

**٤- شیرین بە واتای جوان:**

**شیعر بۆ منالآن**
**(گۆرانیی دەنکە گەنم)**

**ئەبێ بە قەرسیلی شین**
**بەرز ئەبێتەوە چین چین**
**دیمەنێکی چەند شیرین**
**ئەبەخشێ بە سەر زەمین (هەمان سەرچاوە: ٣٢٢)**

**لێرەدا شیرین بە واتای (جوان) هاتووە.**

**٥- شیرین بە واتای ڕۆح سووك:**

**دەنگی دەروون**
**(قالە مرد)**

**بەڵام قالەی گیان، قالەی دروستی، هەرگیز ون نابێ لە باغچەی هەستی!**
**یادی گەورەیی و شیرینی و چاکی: بەڵگەی مانە بۆ ژیانی پاکی! (هەمان سەرچاوە: ١٦٧)**

**لەم بابەتە شیعرییەدا شیرین بە واتای (ڕۆح سووك) هاتووە.**

**٦- شیرین بە واتای سەرنج ڕاکێش و دڵڕاکێش:**

**بەهەشتی دڵ**
**(بەستەی دڵدار)**

**نە زۆر چاوڕەشی**
**نە ئێجگار گەشی**

**(٧٢). ئەم وشەیە (شیرین) لە هەندێ بابەتی تری شاعیردا بە واتای (خۆش) هاتووە، لەوانەش لە: ١-(شیوەن و فرمێسك/ هاوڕێم بێکەس: ٩٤). ٢- (هونەرە جوانەکان/ بۆ بولبول: ١٠٣، ١٠٥). ٣- (پەیامی کورد: ١٩٢). ٤- (لە کۆڕی خەباتا/ بە ڕێگادا بەرەو کۆنفڕانس: ٢٢٩). ٥- (لە کۆڕی خەباتا/ نەورۆزی ٦١: ٢٣٥). ٦- (وەرگێڕراو/ تەرجیعبەندێکی بەناوبانگ: ٣٥٥). ٧- (بۆ زاخاوی مێشك: ٣٩١).**

بەڵام بە نیگای شیرین[٧٣]
نەمدی کەس
وەك تۆ بە تین
تۆیت و بەس!                    (هەمان سەرچاوە: ٥٤)

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوە شیرین بە واتای (سەرنج ڕاکێش و دڵڕاکێش) هاتووە.

**٧- شیرین بە واتای خۆشەویست (ئازیز):**

**شیوەن و فرمێسك**
**(لە سەرەمەرگی هیوادا)**

خونچەی پشکووتووی باغی جوانیم،    ڕۆڵەی شیرینم، ئەی گیانی گیانیم!
توخوا بەو جووتە چاوە شینانە،    ئاخر نیگاتە تێر بۆم بڕوانە!    (هەمان سەرچاوە: ٩٧)

لێرەدا شیرین بە واتای (خۆشەویست) هاتووە.

## ٢٨- گەورە[٧٤]: وشەیەکی فرەواتایە بە چەند واتایەك دێت.

گەورە: ١- گەورە لە قەبارە. ٢- گەورە لە تەمەن. ٣- گەورە لە دەسەڵات و پلەوپایە. ٤- شارەزایی زۆر (پسپۆڕی). ٥- مرۆڤی ڕێزدار.

**١- گەورە بە واتای ڕاستەقینەی خۆی:**

**بەهەشتی دڵ**
**(شەوێك لە عەبدوڵڵا)**

هۆڵ زۆر گەورە[٧٥] ئێجگار ڕووناك    هەموو شت جوان، هەموو شت پاك
جەو لێی ئەتکێ شادمانی،    بۆنخۆشی، مۆسیقا، جوانی    (هەمان سەرچاوە: ٧٠)

وشەی گەورە لە بابەتە شیعری سەرەوەدا بە واتای ڕاستەقینەی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە گەورە لە (قەبارە)دا.

---

(٧٣). لە (سروشتی جوان/ بەسەرهاتی ئەستێرەیەك: ١٤٢)شدا وشەی شیرین بەواتای دڵڕاکێش و سەرنجڕاکێش هاتووە.

(٧٤). لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار، لاپەڕە (٧٣٧)دا وشەی گەورە بەم واتایانە هاتوون: ١- زل، زەلام. ٢- پایەبەرز. ٣- سەرۆك، ڕەئیس. ٤- پیر، بەتەمەن. ٥- موخورمایی. ٦- موبۆر.

(٧٥). وشەی گەورە بە واتای ڕەسەنی خۆی لە (پیەس لە یەك پەردەی کورتا/ خۆزگەی هەژار: ٢٨٤)یشدا هاتووە.

٢- گەورە لە پلەو پایە:

**شیوەن و فرمێسک**
**(هاوڕێم بێکەس)**

چونکە بێکەس بچووک بوو، پایەی کۆمەڵیی سووک بوو!
کام پیاو ماقووڵ، کام گەورە[٧٦] کە بەرزیی جێی ژوور هەورە،
وێنەی ئەو جوامێر بوو! بەرامبەر دوژمن شێر بوو؟ (هەمان سەرچاوە: ٩٣)

لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی گەورە بە واتای گەورە لە (پلەوپایە و دەسەڵات) هاتووە.

٣- گەورە بە واتای شارەزایی زۆر (پسپۆڕ):

**پیەس لە یەك پەردەی کورتا**
**(دوشمنمان مێشوولە)**

ئەم زانا و دوکتۆرە گەورانەی دوور وڵات،
نێرراون: بگەنە هاواری ئێمەی لات
دوو فلسێك هەمانە و تیا نابێ نرخی نان
بیدەنە تفاق و ترومپا و داودەرمان (هەمان سەرچاوە: ٢٧١)

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی گەورە بە واتای (شارەزایی زۆر- پسپۆڕ) هاتووە.

٤- گەورە لە تەمەن:

**بەهەشتی دڵ**
**(بەستەی دڵدار)**

ڕێگای هیوا نیشاندەرم،
سەختیی ژیان ئاسانکەرم!
ئەی گەورە کچی ((زەووس))!
خوشکە جوانەکەی ((ڤینۆس))! (هەمان سەرچاوە: ٥٥)

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی گەورە بە واتای گەورە لە (تەمەن)دا هاتووە.

---

(٧٦). گەورە بە واتای (گەورە لە پلەوپایە) لە (دەنگی دەروون/ لە بەندیخانە: ١٦٩)شدا هاتووە.

**٥- گەورە بە واتای ڕێزدار:**

**شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو**
**(ئینسانی گەورە)**

**ئینسانی گەورە لە هەشت ساڵانە ئەچێ بۆ ئیش، لە بیستا ژن ئەهێنێ،**
**لە چلا ئەمرێ**
**ئینسانی گەورە. (هەمان سەرچاوە: ٣٨٢)**

**لێرەدا گەورە بە واتای (ڕێزدار) هاتووە، واتە گەورە لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە.**

**٢٩- مانگ: وشەیەکی فرەواتایە.**

**مانگ:١- ئەستێرەی ئاسمان (هەیڤ- قمر). ٢- سی ڕۆژ و شەو (شهر)، کە بەشێکە لە دوازدە بەشەکەی ساڵ.**

**١- مانگ بە واتای (هەیڤ):**

**وەرگێڕراو**
**(دوێنێ ...)**

**هەرچەن دائەدا لە هەورێك باران**
**وەك شەراب ئاویم لە جام ئەکرد من!**
**مانگ لە ئاسۆوە بیکێشایە سەر:**
**یارم لادا بوو هەرام ئەکرد من! (هەمان سەرچاوە: ٣٣٥)**

**لەم بابەتە شیعرەدا وشەی مانگ بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە (هەیڤ).**

**٢- مانگ بە واتای (سی ڕۆژ و شەو- شهر):**

**شیعری گەپ**
**(عەرز و حاڵ)**

**خۆ منیش دووراودوور هەر فەرمانبەرم،**
**بۆ باڵوێزخانەکان خەفاوە سەرم،**
**بە دوو چاوی تیژ و جووتێ گوێچکەی سووك**
**هەمیشە هەڵپەمە و خزمەتی بچووك**
**پێشکەشی بارەگای بەرزیان ئەکەم،**
**ڕاپۆرتی دەنگوباس مانگ[٧٧] بە مانگ ئەدەم!**
**(هەمان سەرچاوە: ٢٨٧)**

---

**(٧٧). وشەی مانگ بەواتای (شهر) لە (بەهەشتی دڵ/ خۆزگەم بە پار: ٥١)یشدا هاتووە.**

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی مانگ بە واتای (سی ڕۆژ و شەو- شهر) هاتووە، کە واتایەکی خواستراوە لە واتا ڕاستەقینەکە.

**٣٠- ناپاك: وشەیەکی فرەواتایە و چەند واتایەکی هەیە، لەوانەش:**

ناپاك:١- پیس. ٢- جاسووس. ٣- خیانەتکار (خائن). ٤- ستەمکار (زاڵم) دێت. ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ ئەو واتایانەی وشەی ناپاك دەکەین، کە لە بابەتە شیعرییەکانی شاعیردا هاتوون.

**١- ناپاك بە واتای جاسوس:**

**بۆ زاخاوی مێشك**

ناپاکێکی پێنج پێتییە، زیاندارى نەریتییە
سیان و دوو و یەك وەك ڕووی ڕەشە به برژاندن ئێجگار چەشە **(هەمان سەرچاوە: ٣٨٩)**

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی ناپاك بە واتای (جاسوس) هاتووە، چونکە ئەم دەقە شیعرە مەتەڵەو ناونیشانی مەتەڵەکەش (جاسوس)ە.

**٢- ناپاك بە واتای خیانەتکار (خائین):**

**لاوك و پەیام**
**(لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا)**

مل کەچ ناکا بۆ ئیستیعمار بۆ ناپاکی[٧٨] ناوخۆی زۆردار،
ئەیەوێ ئازاد یەککگرتوو بژی نەك وەك کوردی نوستوو. **(هەمان سەرچاوە: ١٨٦)**

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی ناپاك بە واتای خیانەتکار (خائین) هاتووە.

**٣- ناپاك بە واتای ستەمکار (زاڵم):**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(زیندانی ئەژدەهاك)**

بەڵام تۆ، ئەژدەهاك، لە هەڵپەی خۆراك ناتوانی بکەوی بۆ ماری ناپاك،
هەر ئەگری، ئەکوژی، ئەدەی لە گەردن، مێشك دەرخوارد ئەدەی بە ماری نەوسن **(هەمان سەرچاوە: ٢٠١)**

لێرەدا ناپاك بە واتای ستەمکار (زاڵم) هاتووە.

---

(٧٨). وشەی ناپاك بە واتای (خائن) لە (وەرگێڕراو/ خەبات گەل:٣٦١)شدا هاتووە.

## ٣١- ناپاكيی: وشەیەكی فرەواتایە و بە چەند واتایەك دێت.

ناپاكيی: ١- خراپە. ٢- خیانەتكردن. ٣- جەوروستەم.

**١- ناپاكی بە واتای خراپە:**

**لە كۆڕی خەباتا**

**(زیندانی ئەژدەهاك)**

ئەژدەهاك! كون بڕە، سەختە زیندانت، ناپرووشێ بە بڕبەن بەندی گرانت!
هێزی لەش مرێنە كۆت و زنجیرت، كارییە لە دەمار ناپاكيی بیرت. **(هەمان سەرچاوە: ٢٠١)**

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی ناپاكيی بە واتای (خراپ، یا بیری خراپ) هاتووە.

**٢- ناپاكی بە واتای خیانەتكردن:**

**شیعری گەپ**

**(دەنگی مردوو)**

هەرچەن كۆن و كۆنپەرستم، لە ناپاكی كردن پەستم.
پێم شەرمە وڵات بفرۆشن، یان بۆ دەزگای شەڕ تێكۆشن! **(هەمان سەرچاوە: ٢٨٩)**

لێرەدا وشەی ناپاكی بە واتای (خیانەتكردن) هاتووە.

**٣- ناپاكی بە واتای ستەم و زۆرداری:**

**وەرگێڕراو**

**(خەباتی گەل)**

هەر لە سایەی یەكیەتیدا بێگومان توانست ئەبێ
خەم نەهێڵین و بڵێین وا دەردی خۆمان چارە كرد
دوشمنی بەدكاری ئێمە پیشەكەی ناپاكییە
سەد شوكر ڕۆژی بە سەر چوو، سەد شوكر باوكی مرد! **(هەمان سەرچاوە: ٣٦٢)**

لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی ناپاكی بە واتای (ستەم و زۆرداری) هاتووە.

## ٣٢- نان: وشەیەكی فرەواتایە و بە چەندین واتا دێت.

نان: ١- كولێرە. ٢- خۆراك. ٣- ژەم. ٤- بژێو (ڕزق).

**١- نان بە واتای ڕاستەقینەی خۆی:**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(چیرۆکێکی برایەتی)**

کۆمەڵ کۆمەڵ زێڕ و گەوهەر
زۆردار ئەیبرد و من و تۆ،
بۆ بەرگی جاو، بۆ نان[٧٩] و دۆ،
دەستی دەرۆزەمان پان بوو (هەمان سەرچاوە: ٢٣٧)

وشەی نان لەم بابەتە شیعرییەدا بە واتای ڕەسەنی خۆی (کولێرە) هاتووە.

**٢- نان بە واتای خۆراك:**

**پەیامی کورد**

لاوی کورد زنجیری دەرەبەگ لە مل شەو و ڕۆژ ڕەنج ئەدا بێ نان[٨٠] و بێ جل
یان لەپڕ ئەیگرن، ئەیخەنە ژێر چەك بۆ ئیمپریالیستی ئاغای دەرەبەگ (هەمان سەرچاوە: ١٩٣)

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی نان بە واتای (خۆراك) هاتووە.

**٣- نان بە واتای بژێو (رزق):**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(بت- بتەوان)**

هەی کفرکەر ...
هەی ڕووخێنەر ...
هەی تاوانی ...
هەی نانبڕی[٨١] بتەوانی ... (هەمان سەرچاوە: ٢١٠)

---

(٧٩). وشەی نان لە چەندین شوێنی تر لە بابەتە شیعرییەکانی گۆراندا بە واتای ڕەسەنی خۆی هاتووە، لەوانەش لە: ١- (دوو هاوینەگەشت/ گەشت لە قەرەداغ: ١٢٣) ٢- (لە کۆڕی خەباتا/ لەبنی بیرا: ٢٠٣). ٣- (شیعری گەپ/ دەنگی مردوو: ٢٨٨). ٤- (شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو/ ئینسانی گەورە: ٣٨٢).

(٨٠). وشەی نان بە واتای (خۆراك) لە چەندین شوێنی تر لە بابەتە شیعرییەکانی گۆراندا هاتووە، لەوانەش لە: ١- (دەنگی دەروون/ لە بەندیخانە: ١٧١). ٢- (پیەس لە یەك پەردەی کورتا/ دوشمنمان مێشوولە: ٢٧١). ٣- (سروود/ مارشی ئاشتیخواز: ٣١١).

(٨١). وشەی نان بە واتای (بژێو) لە چەند بابەتە شیعرێکی تر لە شیعرەکانی گۆراندا هاتووە، لەوانە: ١- (شیوەن و فرمێسك/ هاوڕێم بێکەس: ٩٤). ٢- (پەیامی کورد: ١٩٣). ٣- (هونەرە جوانەکان/ جواب بۆ جەناب: ١١٤).

وشەی نان لەم بابەتە شیعرییەدا بە واتای بژێو (ڕزق) هاتووە.

**٣٣- هەژار: وشەیەکی فرەواتایە.**

هەژار: ١- بێ کەس. ٢- بێ دەسەڵات. ٣- بێ دەرامەت (نەبوو، نەدار). ٤- بێ خۆراك. ٥- بێ زیان، بێ گیروگرفت. ٦- داماو (بەستەزمان). ٧- ناوێکە لە ڕەگەزی نێر.

ئێمە لێرەدا تەنها باس لەو واتایانەی وشەی هەژار دەکەین، کە لە ناو بابەتە شیعرییەکانی شاعیردا هاتوون.

**١- هەژار بە واتای بێکەس:**

**لە کۆڕی خەباتا**
**(بۆ مایکڵ)**

گرانە، ئەزانم، بێ دایك و باوك مان بۆ کۆڕپەی وەك ئێوەی ئێسکسووك و جوان،
بەڵام، گەر ئەسیل و جۆلیۆسی زانا نەبوورن لە خۆیان لە ڕێی ئینسانا،
ژمارەی هەتیوی ئینسانی هەژار [82] دوو نابێ ... ئەگاتە سەدهەزار هەزار! (هەمان سەرچاوە: ٢٠٤)

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی هەژار بە واتای (بێکەس) هاتووە.

**٢- هەژار بە واتای بێ دەسەڵات:**

**لاوك و پەیام**
**(لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)**

گەلێك ئەیویست فەرمانداری، ئاغای نەبێ و سامانداری،
تا دەست باتە دەست ئیستیعمار بۆ مژینی خوێنی هەژار [83] . (هەمان سەرچاوە: ١٨٥)

لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی هەژار بە واتای (بێ دەسەڵات) هاتووە.

---

(٨٢). وشەی هەژار بەواتای (بێکەس) لە (بەهەشتی دڵ/ خۆزگەم بە پار: ٥٠) شدا هاتووە لە دیوانی شیعری شاعیردا.

(٨٣). هەژار بە واتای (بێ دەسەڵات) لەچەند شوێنێکی تر لەناو دێرە شیعرەکانی گۆراندا هاتووە، لەوانە: ١- (شیوەن و فرمێسك/ هاوڕێم بێکەس: ٩٤). ٢- (هونەرە جوانەکان/ بۆ بولبول: ١٠٥). ٣- (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا/ گوڵاڵە برایمە... گری... گری... چووینە غەزای ناو گاوری: ١٨٦).

**٣- هەژار بە واتای داماو (بەستەزمان):**

**سروود**
**(ئەی لاوی کورد)**

ئەی لاوی کورد! پڵنگی لان! کوڕانە باز دەرە مەیدان،
حەق بسێنە بە ڕەنجی شان بۆ گشت هەژار[٨٤]، بۆ گشت ئینسان!
لە کێ؟ یەکەم لە ئیستیعمار، ئەمجا داگیرکەر و زۆردار! (هەمان سەرچاوە: ٣٠٧)

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی هەژار بە واتای داماو (بەستەزمان) هاتووە.

**٤- هەژار بە واتای نەبوو (نەدار).**

**پیەس لە یەك پەردەی کورتا**
**(خۆزگەی هەژار)**

ئەم کۆشکە، کۆشکی چوارپێی نەخۆشە، بۆیە وا بەرزە و گەورەیە و خۆشە!
تفاقی و دەرزی و دەوا و دەستووری، پڕ فەرشیی و پاکیی تەویلە و ژووری
مایەی حەسرەتی دووپێی هەژارە کە دوکتۆر دەوای ناکا بێ پارە!
سا خۆزگەی هەژار[٨٥]: بە گاجووتی بەگ، بە ئەسپی ئاغا، بە تانجی، بە سەگ! (هەمان سەرچاوە: ٢٨٤)

لەم بابەتە شیعرییەی سەرەوەدا وشەی هەژار بە واتای نەبوو (نەدار) هاتووە.

## ٣٤- هیوا: وشەیەکی فرەواتایە.

هیوا: ١- بە واتای ڕاستەقینەی خۆی کە بریتییە لە (ئومێد). ٢- هیوا ناوێکە لە ڕەگەزی نێر.

**١- هیوا بە واتای (ئومێد):**

**شیوەن و فرمێسك**
**(لاوانەوەی سەرەڕێ)**

ئەو مەحموود جەودەتەی کە قیبلەی هیوا بوو، ئەو مەحموود جەودەتەی قەڵا بوو، پەنا بوو،
ئەو مەحموود جەودەتەی کە ڕۆژی تەنگانە تۆڵەی بۆ ئەسەندین لە ئۆردووی بێگانە
(هەمان سەرچاوە: ٩٦)

لەم بابەتە شیعرییەدا وشەی هیوا بە واتا ڕەسەنەکەی خۆی هاتووە، کە بریتییە لە (ئومێد).

---

(٨٤). وشەی هەژار لە: ١- (دەنگی دەروون/ ئاخ، هەزار ئاخ: ١٤٩). ٢- (شیعر بۆ منداڵان/ بەفر: ٣٢٧)یشدا بە واتای (داماو) هاتووە.

(٨٥). وشەی هەژار بەواتای نەبوو (نەدار) لە بابەتە شیعری (لە کۆڕی خەباتا/ بت، بتەوان، ل: ٢٠٩)شدا هاتووە.

٢- هیوا ناوێکە لە ڕەگەزی نێر:

**شیوەن و فرمێسك**

**(لە سەرەمەرگی هیوادا)**

سا بۆم بڕوانە تێر بەو چاوانە! ڕۆڵە مردنە و فرمێسکبارانە!
هیوا ڕۆڵە ڕۆ، کۆرپەم ڕۆڵە ڕۆ! ئەو کوڵمە ئاڵە نەرمونۆڵە ڕۆ!
ئەو قژە زەردە، ئەو چاوانە ڕۆ! ئەو نەغمەی ((دایە)) و ((بابە)) جوانە ڕۆ! (هەمان سەرچاوە: ٩٧)

لە بابەتە شیعری سەرەوەدا وشەی هیوا وەکو (ناو) هاتووە لە ڕەگەزی نێردا.

# ئەنجام

# ئەنجام:

١- هەموو جۆرەکانی دژواتا لە وشەی فەرهەنگیدا خۆیان دەبیننەوە و هەردوو وشە دژەکەش وشەی فەرهەنگین، بەڵام لە دژواتای نەرێنی (نافەرهەنگی)دا وشەیەکیان فەرهەنگییە و وشە دژەکەشی نافەرهەنگییە.

٢- لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی سەرەکی وشە ڕۆڵی دژواتا دەبینێت بە هەردوو جۆری (سادە و ناسادە) و هەروەها بە ڕاددەیەکی کەمیش دژواتا لە (مۆرفیمە بەندەکان و گرێ و ڕستە) لە زمانی کوردیدا بەدی دەکرێت.

٣- هەموو ئەو جۆرە دژواتایانەی باسمان کردوون نموونەکانیان لە شیعرەکانی گۆراندا هەن، کەوا ئاماژەمان پێداون و تیشکمان خستۆتە سەریان.

٤- وشە فرەواتاکان لە یەك وشەی ڕەسەنەوە دروست دەبن، کە وشەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە و واتاکانی وەکو یەك نین، بەڵام زۆر دوورنین لە یەکتر و پەیوەندییان بە واتای وشە ڕەسەنەکەوە هەیە.

٥- هەندێکجار وادەبێت یەکێك لە واتاکانی وشەیەکی فرەواتا لە واتا ڕەسەنەکەی دووردەکەوێتەوە و ئەوکاتیش لە چوارچێوەی فرەواتایی دەچێتە دەرەوە و بە فرەواتا هەژمارناکرێت.

٦- وشە فرەواتاکان لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوە دروست دەبن. وەك: (گواستنەوەی واتای وشەیەکی ڕەسەن بۆ چەند واتایەکی تر، کە بەهۆی خواستن، یان لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشەکە لەگەڵ وشەی تر، یان لە چوارچێوەی سیاقی جیاوازەوە واتایەکی تر دەبەخشێت.

٧- وشە دژواتا یاخود فرەواتاکانی ناو دیوانە شیعرەکەی شاعیر بۆ یەکێك لە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ڕەوشتی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، گەردوونی، سروشت، وەسفی و چەندانی تریش بەکارهێنراون. شاعیر لە ئەنجامی بەکارهێنانیان، هەوڵیداوە بەهۆیانەوە مەبەستەکانی خۆی دەربڕێت، جا مەبەستەکە بۆ هەر بوار و بابەتێك بووبێت.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی:

### أ- کتێب:


١- ئازاد عبدالواحد (١٩٨٩)، دیوانی شێخ نوری شێخ صالح، جوزئی یەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی الجاحظ- بەغدا.

٢- ------------ (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زماننناسی، کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی لەگەڵ دوو پاشکۆ- سلێمانی.

٣- ئەوڕەحانی حاجی مارف (١٩٧٥)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا.

٤- جەمال عەبدول (٢٠٠٨)، بەرکۆڵێکی زاراوەسازی کوردی، چاپخانەی خانی، چاپی دووەم- دهۆك.

٥- دەروون عبدالرحمن صالح (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

٦- زاهیر محەمەد رەشید (٢٠٠٨)، فەرهەنگی نڤار، فارسی- کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دالاهو- تەهران.

٧- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩)، زمانەوانی (بەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە – هەولێر.

٨- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٠)، کوردۆلۆجی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

٩- شێرکۆ بێکەس (٢٠٠٦)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم- کوردستان.

١٠- صابر حمد علي (١٩٨٤)، فەرهەنگی ئاری، کوردی – کوردی : عەرەبی، بەشی یەکەم، چاپخانەی أسعد- بغداد.

١١- طالب حسین علي (٢٠١١)، واتاسازی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم – هەولێر.

١٢- عەزیز گەردی (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم- ڕوونبێژی (البیان) – بەغدا.

١٣- ------- (١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم – جوانکاری، چاپخانەی شارەوانی- هەولێر.

١٤- عەلی نانەوازادە (٢٠٠٥)، فەرهەنگی کوردی هەرمان، کوردی- کوردی، بەرگی یەکەم (ئا- ب)، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر.

١٥- عبدالرحمن شرفکندی (٢٠١٢)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، کوردی- فارسی، چاپخانەی انتشارات سروشت، چاپی هەشتەم- تەهران.

١٦- --------- (٢٠٠٥)، فەرهەنگی کوردی هەرمان، کوردی- کوردی، بەرگی دووەم (پ- ت)، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر.

١٧- عبدالواحد مشیر دزەیی (٢٠٠٩)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی- هەولێر.

١٨- ------------- (٢٠١٠)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم- هەولێر.

١٩- کوروش سەفەوی (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی واتاسازی، وەرگێڕانی: دلێر سادق کانەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر .

٢٠- کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان (٢٠٠٦)، La semantique- واتاسازی، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: نور الهدی لوشن، وەرگێڕانی بۆ کوردی: یوسف شریف سعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر.

٢١- محەممەدی مەلا کەریم (٢٠٠٧)، دیوانی گۆران - عەبدوڵڵا گۆران، بلاوکراوەی پانیز، چاپی سێیەم، چاپخانەی دالاهۆ - تەهران.

٢٢- موحەمەدی مەلا عەبدولکەریم (٢٠٠٧)، دیوانی بێخود، چاپی یەکەم، بلاوکردنەوەی کوردستان- سنە.

٢٣- محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم (٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.

٢٤- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات - هەولێر.

٢٥- محمد معروف فتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر.

٢٦- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، دەزگای بلاوکردنەوەی بەشی ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕوون - سلێمانی.

٢٧- (محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩)، زانستی هێما- هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند- سلێمانی.

٢٨- موحسین ئەحمەد مستەفا گەردی (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی - ڕوونبێژی - جوانکاری)، دەزگای نارین بۆ چاپ و بلاوکردنەوە - هەولێر.

٢٩- مەلا عبدالكريمی مدرس و فاتح عبدالكريم (١٩٧٦)، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا.

٣٠- مسعود خالد گولی (٢٠٠٢)، فەرهەنگا گولی، فارسی- کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سپیرێز- دهۆك.

٣١- هەژیر عەبدوڵڵا پوور (٢٠٠٨)، فەرهەنگی هەژیر، فارسی- کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی- دهۆك.

٣٢- وريا عمر أمين (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس- هەولێر.

٣٣- يوسف شريف سعيد (٢٠١٣)، وشەسازی، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر.

## ب- نامەی ئەکادیمی:

٣٤- پەروین مصطفی عثمان عەللاف (٢٠٠٨)، واتا و وەرگێڕان، نامەی ماستەر لە زمانی کوردی- زانکۆی کۆیە.

٣٥- ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩)، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر- لە زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

٣٦- سازان رضا معين (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

٣٧- صباح رشيد قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك) دا، نامەی ماجستێر - لە زمانی کوردی، کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٣٨- طالب حسين علي (١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

٣٩- فتاح مامە علی (١٩٨٩)، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلیژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

٤٠- قيس کاکل تۆفيق (٢٠٠٢)، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

# سەرچاوەی عەرەبی:

## أ- کتێب:

٤١- أحمد مختار عمر (١٩٧٦)، من قضايا اللغة والنحو، مكتبة عالم الكتب- القاهرة.

٤٢- ---------- (٢٠٠٩)، علم الدلالة، مكتبة عالم الكتب، الطبعة السابعة- القاهرة.

٤٣- أنطونيوس بطرس (٢٠٠٣)، المعجم المفصل في الأضداد، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان.

٤٤- أبي عثمان عمرو بن بحر الجاحظ (١٩٩٨)، البيان والتبيين، تحقيق وشرح: عبدالسلام محمد هارون ، الجزء الأول، الطبعة السابعة، مكتبة الخانجي للطباعة والنشر والتوزيع- القاهرة.

٤٥- أبي منصور الثعالبي (١٩٣٨)، فقه اللغة وسر العربية، تحقيق: مصطفى السقا وإبراهيم الأبيارى وعبدالحفيظ الشلبي، الطبعة الأولى، مطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده – مصر.

٤٦- إبراهيم أنيس (١٩٨٤)، دلالة الألفاظ، الطبعة الخامسة، مكتبة آنجلو المصرية – القاهرة.

٤٧- --------- (٢٠٠٣)، في اللهجات العربية، مطبعة ابناء وهبة حسان – القاهرة.

٤٨- أوغست هفنر (بدون تاريخ)، ثلاثة كتب في الأضداد- للأصمعي وللسجستاني ولإبن سكيت وللصغاني، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان.

٤٩- اف- بالمر (١٩٨٥)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة، مطبعة العمال المركزية- بغداد.

٥٠- تمام حسان (١٩٧٩)، مناهج البحث في اللغة، مطبعة النجاح الجديدة- الدار البيضاء .

٥١- جون كوين (١٩٩٠)، بناء لغة الشعر، ترجمة: أحمد درويش، مطابع الأهرام- القاهرة .

٥٢- جون لاينز (١٩٨٠)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة و حليم حسين فالح و كاظم حسين باقر، مطبعة جامعة البصرة.

٥٣- -------- (١٩٨٧)، اللغة والمعنى والسياق، ترجمة: عباس صادق وهاب، الطباعة والنشر دار الشؤون الثقافية العامة، العراق – بغداد.

٥٤- حازم علي كمال الدين (٢٠٠٧)، علم الدلالة المقارن، الطبعة الأولى، مكتبة الآداب- القاهرة.

٥٥- ------------- (١٩٩٩)، دروس في علم اللغة، مكتبة الآداب – القاهرة.

٥٦- ربحي كمال (١٩٧٥)، التضاد في ضوء اللغات السامية- دراسة مقارنة، طابعة دارالنهضة للطباعة والنشر، بيروت.

٥٧- رمضان عبدالتواب (١٩٩٩)، فصول في فقه العربية، الطبعة السادسة، مكتبة الخانجي للطباعة والنشر والتوزيع- القاهرة.

٥٨- ستيفن أولمان (١٩٧٥)، دور الكلمة في اللغة، ترجمه الدكتور: كمال محمد بشر، مطبعة الشباب، النيرة- مصر.

٥٩- سالم شاكر (١٩٩٢)، مدخل إلى علم الدلالة، ترجمة: محمد يحياتن، ديوان المطبوعات الجامعية- الجزائر.

٦٠- عبدالرحمن جلال الدين السيوطي (٢٠٠٨)، المزهر في علوم اللغة وأنواعها، تحقيق: محمد جاد المولى بك، محمد أبوالفضل إبراهيم، علي محمد البجاوي، الجزء الأول، الطبعة الثالثة، مكتبة دار التراث- القاهرة.

٦١- عبدالكريم مجاهد (١٩٨٥)، الدلالة اللغوية عند العرب، دار الضياء – الأردن.

٦٢- ---------- (٢٠٠٦ )، دراسات في اللغة والنحو، الطبعة الأولى، دار أسامة للنشر والتوزيع، الأردن – عمان.

٦٣- عبدالكريم محمد حسن جبل (١٩٩٧)، في علم الدلالة، دار المعرفة الجامعية، مكتبة الأسكندرية- مصر.

٦٤- عبدالهادي الفضلي (١٤٢٦هـ - ٢٠٠٥م)، تهذيب البلاغة، الطبعة الحادي عشر، مطبعة الغدير، قم – إيران.

٦٥- عزمي إسلام (١٤٠٥ هـ - ١٩٨٥م)، مفهوم المعنى، الحولية السادسة- الرسالة الحادية وثلاثون، صدر من كلية الآداب- جامعة الكويت.

٦٦- علي عبدالوافي (٢٠٠٤)، علم اللغة، نهضة مصر للطبع والنشر والتوزيع، الطبعة التاسعة، الفجالة – القاهرة.

٦٧- عمرو محمد مدكور (٢٠٠٨)، الدلالة في المعجم العربي المحاصر، الطبعة الاولى، مطبعة دار البصائر- القاهرة.

٦٨- ----------- (٢٠١١)، (تعدد المعنى في المعجم العربي المعاصر، دراسة تطبيقية في المعجم العربي الأساسي)، جامعة الامارات العربية – العين.

٦٩- محمد طاهر اللادقي (٢٠١٠)، المبسط في علوم البلاغة (المعاني، والبيان والبديع)، طبعة ونشر في مكتبة العصرية – بيروت.

٧٠- محمد حسين آل ياسين (١٩٧٤م- ١٣٩٤هـ)، الأضداد في اللغة، الطبعة الأولى، مطبعة المعارف- بغداد.

٧١- محمد علي خولي (١٩٩١)، معجم علم اللغة النظري، مكتبة لبنان – بيروت.

٧٢- منقور عبدالجليل (٢٠٠١)، علم الدلالة – أصوله ومباحثه في التراب العربي، مكتبة إتحاد الكتاب العرب- دمشق.

٧٣- ميشال زكريا (١٩٨٣)، الألسنية، علم اللغة الحديث، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان.

٧٤- نايف خرما وعلي حجاج (١٩٨٨)، اللغات الأجنبية تعليمها وتعلمها، مطابع الرسالة- الكويت.

٧٥- نادية رمضان النجار (٢٠٠٨)، التعدد الدلالي بين النظر والتطبيق سورة "يوسف" نموذجاً، .pdf

## ب- نامەی ئەکادیمی:

٧٦- ليندة زواوي (٢٠٠٨)، فقه اللغة للثعالبي، رسالة ماجستير، كلية الآداب واللغات، جامعة منتوري قسنطينة - الجزائر.

# سەرچاوەی ئینگلیزی:

## کتێب:

77- Argenis A. Zapata (2008), Semantic Relationships, Universidad de Los Andes.

78- DAVID CRYSTAL (2008), A DICTIONARY OF LINGUISTICS AND PHONETICS, SIXTH EDITION, Blackwell Publishing.

79- Hana Filip (2008), what is semantics, what is meaning, pdf.

80- Veronika Richtarcikova (pdf), Semantics of English, National University of loja.

81- www.Semantics - Wikipedia, the free encyclopedia.htm

# فەرهەنگۆك

# فەرهەنگۆك

**پاشكۆی لیستی فەرهەنگی وشە فرەواتاكان.**

| | |
|---|---|
| ئارام: | ١- هێمن. ٢- هێمنی. ٣- لەسەرخۆ. ٤- صبر. ٥- خۆڕاگر. ٦- ئاسایش و ئەمان. ٧-ئاسودە. ٨-حەسانەوە. |
| ئاسۆ: | ١- ڕووناكی گزنگی بەیانی. ئەو كاتەیە كە تاریكی شەو لە بەرەبەیاندا بەرەو كۆتایی دەچێت و ڕۆژ بەرەو هەڵاتن نزیك دەبێتەوە و ئاسمان بەرەو سپی بوون دەچێت. ٢- ئاسمان. ٣- سەرەوەی زەوی ئەوەندەی تا چاو پێیدەكرێ ئاسمان ببینێ. (دوا لوتكە لە ئاسمان). ٤- بەهۆی خوازەوە بە واتای بەرینایی لە كارو چالاكی دێت لە هەر بابەت و بوارێكدا. ٥- بە واتای دواڕۆژ (مستقبل) دێت. ٦- (هیوا). ٧- ڕوانگەی بیر و بیركردنەوە. ٨- ئامانج. ٩- ناوێكە لە ڕەگەزی نێر. |
| باش: | ١- واتای خۆی، كە دژواتای خراپە. ٢- چاك. ٣- زیرەك و زانا. ٤- موناسب (بێ حەیب). ٥- زۆر. ٦- ڕوون و ئاشكرا. ٧- پتەو، قایم. |
| بەند: | ١- بەند (بەستراو)، كە دووشت، یان دوو كەس، یان زیاتر بەیەكەوە دەبەستێتەوە. ٢- كەسی گیراو (مسجون، محبوس). ٣- بەندیخانە. ٤- پەیوەندار. ٥- زنجیر. |
| بەندە: | ١- عبد. ٢- ژێردەستە. |
| بێگەرد: | ١- خاوێن. ٢- ڕوون. ٣- ساف و بێلەكە. ٤- بێ گوناح. ٥- ڕاست و پاك (صحیح). ٦- باش. |
| تاڵ: | ١- تامی لە زاران ناخۆش ~ شیرین. ٢- هەر شتێكی ناخۆش. وەك: ڕووی تاڵ، قسەی تاڵ، ڕۆژی تاڵ. ٣- ناشیرین، ناحەز. وەك: خوێنتاڵ. |
| تازە: | ١- نوێ. ٢- ئێستا. ٣- سەردەمیانە (هاوچەرخ- مۆدێرن). |
| پاك: | ١- خاوێن .٢- ڕاست و دروست- بێ فرۆفێڵ). ٣- (بێ گوناح). ٤- باش. ٥- چاكە. ٦- ڕەسەن. ٧- داوێنپاك. ٨- تێكڕا (گشت). ٩- تەواو. |
| پیس: | ١- پیس بە واتای خۆی ~ خاوێن. ٢- حاسد. ٣- زیانبەخش (ئازاردەر). ٤- خراپەكار. ٥- خراپ. ٦- خراپە (كاری خراپ). |
| جوان: | ١- قەشەنگ. ٢- كەشخە. ٣- قشت. ٤- ڕێك. ٥- ناسك. ٦- گەنج. ٧- خۆش. ٨- تەڕوپاراو (بۆ شیعر). |
| چاو: | ١- چاوی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر. ٢- چاو بەهۆی خواستنەوە لە شتی تردا، وەك: (چاوی هیوا، چاوی خەیاڵ، چاوی مێژ). |
| دەست: | ١- دەستی مرۆڤ، كە واتا ڕەسەنەكەیە. ٢- توانا. ٣- بە واتای (لەچنگ، یا لەبارەی) |

| | |
|---|---|
| | دێت. |
| دەم: | ١- دەمی مرۆڤ و گیاندار. ٢- دەمی شیر (شمشێر) و چەقۆ و کێرد. ٣- دەمی گوڵ. ٤- دەمی برین. ٥- زوبان (زمان). ٦- قسەکردن. |
| دۆست: | ١- هاوڕێ (برادەر). ٢- دڵدار. |
| ڕاست: | ١- لای ڕاست. ٢- دروست (صحیح). ٣- ڕاستی (حەقیقەت). ٤- حەق. |
| ڕوو: | ١- ڕوخساری مرۆڤ . ٢- ڕوخساری پێشەوەی شت. ٣- سەرەوەی شت. ٤- ئاراستە. |
| ڕوون: | ١- ڕۆن. ٢- ئاشکرا. ٣- ڕۆشن. ٤- بێ لێڵایی بە ڕەنگی ئاوی پاك. ٥- تراو، شل. |
| ڕووناك: | ١- ڕووناك بە واتای ڕەسەنی خۆی (مضيء). ٢- ڕووناك بە واتای (ڕۆشنبیر). |
| ڕووناکی: | ١- ڕووناك، کە دژی تاریکە. ٢- بینایی (بينين). ٣- ڕێی ڕاست. ٤- خۆشی. |
| ڕۆژ: | ١- خۆر (شمس). ٢- یوم. ٣- نهار. ٤- ڕووناکی. |
| ڕێ: | ١- ڕێگا (طريق). ٢- ڕێچکە (ڕێبار). ٣- شێواز. ٤- ڕێ لە بوارەکانی تری ژیان. |
| زار: | ١- زوبان. ٢- زمان (لغة). ٣- دیالێکت. |
| زمان: | ١- بریتییە لەو پارچە گۆشتەی ناودەم، کە قسەی پێدەکرێت و خواردن و خواردنەوەی پێ قوت دەدرێت (زوبان). ٢- زمان (لغە). ٣- قسەکردن. |
| سەبر: | ١- ئارام. ٢- لەسەرخۆ. |
| سەر: | ١- سەری مرۆڤ و گیاندار (رأس). ٢- سەری هەندێ لە کەل وپەلەکان. وەك: سەری مەنجەڵ، سەری کتلی... ٣- لەسەر. |
| شیرین: | ١- تامی شیرین. ٢- خۆش. ٣- خۆشی. ٤- جوان. ٥- دڵڕاکێش و سەرنج ڕاکێش. ٦- دڵخۆشکەر. ٧- ڕۆح سووك. ٨- خۆشەویست (ئازیز). |
| گەورە: | ١- گەورە لە قەبارەدا. ٢- گەورە لە تەمەندا. ٣- گەورە لە دەسەڵات و پلەوپایەدا. ٤- شارەزایی زۆر (پسپۆڕی). ٥- مرۆڤی ڕێزدار. |
| مانگ: | ١- ئەستێرەی ئاسمان (هەیڤ). ٢- سی ڕۆژ و شەو (شهر)، کە بەشێکە لە دوازدە بەشەکەی ساڵ. |
| ناپاك: | ١- پیس. ٢- جاسووس. ٣- خیانەتکار (خائن). ٤- ستەمکار (زاڵم). |
| ناپاکیی: | ١- خراپە. ٢- خیانەتکردن. ٣- جەوروستەم. |
| نان: | ١- کولێرە. ٢- خۆراك. ٣- ژەم. ٤- بژێو (ڕزق). |
| هەژار: | ١- بێ کەس. ٢- بێ دەسەڵات. ٣- بێ دەرامەت (نەبوو، نەدار). ٤- بێ خۆراك. ٥- بێ زیان، بێ گیروگرفت. ٦- داماو (بەستەزمان). ٧- ناوێکە لە ڕەگەزی نێر. |
| هیوا: | ١- بە واتای ڕەسەنی خۆی، کە بریتییە لە (ئومێد). ٢- ناوێکە لە ڕەگەزی نێر. |

إقليم كوردستان- العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين- أربيل

# التضاد وتعدد المعاني في أشعار (گوران)

رسالة
مقدمة إلى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين- أربيل
وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل
**مسعود بكر أحمد** بكالوريوس- جامعة صلاح الدين- أربيل- ٢٠٠٩

باشراف
**أ. د. يوسف شريف سعيد**

ڕێبەندان ٢٧١٤ كوردي    ربيع الثاني ١٤٣٦ هجري    كانون الثاني ٢٠١٥ ميلادي

# ملخص البحث

هذا البحث بعنوان (التضاد والتعدد المعاني في أشعار گوران). تهتم الدراسة بالتضاد وتعدد المعاني في اللغة الكردية وتلقي الضوء على الدلالة والمعنى إضافة إلى مجالات الدلالة وتضم الدراسة مقدمة ومبحثين.

المبحث الأول: يتكون من أربع محاور. المحور الأول بعنوان نظرة إلى علم الدلالة، يتحدث عن الجوانب المهمة للدلالة إضافة ألى تعريف بالدلالة. المحور الثاني يبحث عن معنى الكلمة والقيمة الدلالية لها. المحور الثالث تختص بالعلاقات الدلالية، مثل العلاقة الدلالية بين الكلمات القاموسية وإشكالاتها الدلالية في المستوى الصرفي وتلقي الضوء على التضاد مفهوماً وتعريفاً وتاريخ دراسة التضاد وأنواعها. المحور الرابع يبحث تعدد المعاني تعريفاً ومفهوماً والعلاقة بين مفهوم تعدد المعاني في دراسة بعض الباحثين الغرب والكرد والمحدثين، وطرق تكوين تعدد المعاني في المستويات اللغوية، وغموض المعنى بتعريفها وأنواعها.

المبحث الثاني والذي بعنوان التضاد وتعدد المعاني في أشعار گوران، هذا المبحث عبارة عن دراسة تطبيقية لإظهار التضاد وأنواعها وتعدد المعاني في قصائد وشعر گوران. وختمت الدراسة بملحق وقائمة المصادر.

Kurdistan Region- Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University- Erbil

# Antonymy and Polysemy in Goran's Poetry

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Language- Salahaddin University- Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language

By
**Masud Bakir Ahmed** B.A.- SalahaddinUniversity- Erbil- 2009

Supervised by
**Prof. Dr. Yousif Sharef Saaed**

January 2015 A.D. Rabeh Althani 1436 Al- H. Rebandan 2714 K.

# Abstract

This research is entitled (Antonymy and Polysemy in Goran's Poetry). The study is concerned the oppositeness and polysemy in Kurdish language and sheds light on connotation and meaning in addition to the ranges of connotation.

The work consists of an introduction and two chapters: Chapter One includes four sections: Section one is named A Look at the Semantics, talks about definition of semantics and important aspects of connotation. Section two deals with the meaning and the connotative value of the word. Section three is about the connotation relations like: the connotation relations among the lexical words and their connotative problems on the levels of conjugation. It also sheds light on the definition and concept of oppositeness along with the types and history of studying oppositeness. Section four investigates the definition and concept of polysemy with the relation between the concepts of polysemy in the studies of some Kurds, Western researchers and modern linguists along with the methods of polysemy concepts on the linguistic levels and ambiguity with its definition and its types.

Chapter Two talks about the main subject in this research it is Antonymy and Polysemy in the poetry of Abdullah Goran. This chapter is a practical study that shows polysemy with oppositeness and its types in the poetry and poems of the Kurdish poet Abdullah Goran.

The whole study ends with a conclusion followed by an appendix and the bibliography.